

## پەیامی سەرۆک بارزانی بۆ پارتە دیموکراتەکانی جیهان

# گەلی کوردستان بەرپەرچی دیکتاتۆریەت دەداتەوە

**((ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەڵوێست و سیاسەتمان ڕوون و ئاشکرایە، تا ئەو کاتەی عێراق پابەند بێت بە دیموکراسیەت و دەستوور، بەشێک دەبین لەو سیستەمە فیدراڵیە. بەڵام ئەگەر حکومەتی عێراق پابەند نەبێت بە دەستوورو بەرەو دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی بچێتەوە، ئێمە وەک خەڵکی کوردستان، ئامادەنین لەسایەی ڕژێمێکی دیکتاتۆریدا بژین و گەلی کوردستان بڕیاری دیکەی دەبێت))**

**سەرۆکی کوردستان – پەرلەمانی ئیتاڵیا**

پەیامی سەرۆك بارزانی لە کۆنگرەی پارتە دیموکراتەکانی جیهان کە ڕۆژی ٢١ی ئەیلول لە پەرلەمانی ئیتاڵیا بەرێوەچوو، پەیامی سەرۆکێکی دیموکراتی بوو کە بە زمانی سەردەم و پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوە پێشکەشی ئامادەبووانی کرد، هەروەها زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی هەڵوێست و سیاسەتی هەرێمی کوردستانی بۆ روونکردنەوەو پێی ڕاگەیاندن گەلی کوردستان لە عێراقدا جارێکی دیکە دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی قبوڵ ناکات و لەسەر ئاستی ناوچەکەش پشتگیری لە ئازادی گەلان و هێنانە ئارای سیستمی دیموکراتی دەکات کە ڕەنگدانەوەی فرە ڕەنگی پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بن، لەم چوارچێوەیەداو سەبارەت بە بەبارودۆخی سوریا، سەرۆکی کوردستان بە راشکاوی ئاماژەی بەوەکرد( ئێمە پشتیوانی لە داواکارییەکانی گەلانی سوریا دەکەین کە سیستمێکی دیموکراسی، فرەلایەن، بۆ خۆیان دروست بکەن و بۆ خۆیان بڕیار لەچارەنووسی خۆیان بدەن، سوریا بۆ ئێمە بایەخی تایبەتی خۆی هەیە چونکە زیاتر لە ٢ ملیۆن کورد لە سوریا هەن و لە مافی هاوولاتی بوونیش بێ بەشن . پشتیوانی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ چارەسەرێکی عادیلانەی کێشەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بەشێوازێکی ئاشتیانەی دوور لە توندوتیژی))

ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی کە دەربڕی سیاسەتی ڕوون و ئاشکرای هەرێمی کوردستان و خواستی گەلەکەیەتی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەم وڵاتە لەسەر زەمینی وڵاتێکی کاولکارو پشتگوێ خراوەوە هەنگاوی بۆ بونیادنانەوەو دیموکراتی هەڵگرتووەو ئێستا ئەم هەرێمە کۆمەڵگەی کراوەیە، سەرۆك بارزانی بەمجۆرە بەزمانی ژمارەوە ڕاستیەکانی بە ئامادەبووان راگەیاند( هەرێمی کوردستان بەر لە ساڵی ١٩٩١ بەشێوازێکی سیستماتیك ڕووبەڕووی جینۆساید بۆتەوە، لەکۆی ٥٠٠٠ گوند، ٤٥٠٠ گوندی بەتەواوی خاپوورکراوە، نزیکەی ١٨٢ هەزار کەسی بێ سەروشوێن کراون و لە کیمیا بارانی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ زیاتر لە ٥٠٠٠ کەسمان شەهید بوون)).

بارزانی دوای خستنە ڕووی ئەم جینۆسایدەی کە دەرهەق بەکورد کراوە، بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند گەلی کوردستان باوەڕێکی پتەوی بە گیانی لێبوردەیی هەیە، بۆیە ئەو ڕابردووە پڕ لە نەهامەتیە گەلی کوردی بەرەو تۆڵەسەندنەوە نەبرد، بەڵکو بەگیانی لێبوردەیی و بە ئومێدبەخشین بە ئایندە سەرقاڵی بونیادنانەوەی وڵات و دامەزراندنی دامەزراوە دەستوورییەکانمان بووین، هەتا گەیشتوونە ئەم قۆناخە کە بە شانازییەوە دەڵێت کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی کراوەیە، لەم کۆمەڵگە کراوەیەشدا سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینیەکان مافیان پارێزراوە، سەرۆك بارزانی بەم ژمارانە کۆمەڵگەی کراوەی هەرێمی کوردستانی پیشانی ئامادەبووان دا( لە پەرلەمانی کوردستان ١١ لایەنی سیاسی بوونیان هەیە، کە بەشیکیان ئۆپۆزسیۆنن، ٪٣٣ی پەرلەمانتارەکان ئافرەتن، بە سیستمی کۆتا کریستیانەکان ٥ کورسیان هەیە، ئازادی ئایینی بەتەواوی فەراهەمکراوە))

لەسەر ئەم بنەمایە کە هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٩١ پێڕەوی کردووە، توانراوە گۆڕانکارییەکی گەورە لە هەرێمی کوردستان بێتە ئاراوە، سەرۆك بارزانی گۆڕانکارییەکانی بە ژمارە بەمجۆرە بۆ ئامادەبووان خستەڕوو( لە کۆی ٤٥٠٠ گوندی وێران، ٤٠٠٠ ئاوەدانکراونەتەوە، لە ساڵی ١٩٩١یەك زانکۆ لە هەرێم هەبوو، ئێستا ١٧ زانکۆمان هەیە، داهاتی تاکەکەسی لە ٢٧٥ دۆلارەوە لەساڵی ٢٠٠٢، ئێستا گەیشتۆتە ٥٠٠٠ دۆلار، ڕێژەی بێکاری ٪٧، ئاستی وەبەرهێنان لە کوردستان گەیشتۆتە ٢٠ ملیار دۆلار، زیاتر لە ٣٠٠٠ کۆمپانیای بیانی لەکوردستان کاردەکەن، ئێستا ئاستی بەرهەم هێنانی نەوت ١٧٥ هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا، لەکۆتایی ٢٠١٤ دەگاتە یەك ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا)).

ئەم وەرچەرخانەی سەرۆکی کوردستان لە میانەی بەراوردکاری زمانی ژمارە پیشانی ئامادەبووانی دا، زمانێك بوو کە جیهانی سەردەم و سەرکردە دیموکراتەکانی جیهان لێی تێدەگەن و ڕێز لە ئیرادەی ئەو گەلە ئاشتیخواز و لێبوردە دەگرن، کە لەسەر زەمینەی رابردوویەکی پڕ نەهامەتی و هێشتا ئومێدی بە برایەتی و پێکەوە ژیان هەر پتەوەو دەیەوێت لەسایەی دیموکراتی و پێکەوە ژیان، رابردووی ڕق و کینەی نێوان گەلانی ناوچەکە بگۆڕێت بۆ دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و رازیبوون بە پێکەوە ژیان و برایەتی بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە، ئەم پەیامەی سەرۆکی کوردستان پەیامێکی مرۆڤ دۆستانە و ئازادیخوازانە بوو کە داوا دەکات پشتگیری لە ئیرادەی ئەو گەلە بکەن کە نایەوێت چیتر لە ژێردەستی دیکتاتۆریەت بژی، هەروەها داواکردنی پشتگیری بوو بۆ ئەوەی باهۆزی دیموکراتی هەموو ناوچەکە بگرێتەوەو کێشەو گرفتی نێوان گەلانی ناوچەکە، بە تایبەتیش کێشەی کورد لەسەر ئاستی ناوچەکە بە ئاشتی و دوور لە توندوتیژی چارەسەر بکرێت، بۆیە ئەگەر لەم ڕاستەوە بەراوردێك بکەین و ئەو پرسیارە ئاڕاستەی خۆمان و هەموو جیهان بکەین، ئەگەر تەنیا لەبەر ئەوەی سیستمی ئابووری تایوان لە کۆماری چین پێشکەوتوترە، ڕێگە نەدەن تایوان تێکەڵ بە چین ببێتەوە؟ ئایا هەرێمی کوردستان کە هەم لەسەر ئاستی ئابووری و هەم لەسەر ئاستی بونیادنانەوەی دەوڵەت و نەتەوە و هەم لەسەر ئاستی دیموکراتی نەك لەعیراق بەڵکو لە زۆربەی سیستمە سیاسیەکانی ناوچەکە جیاواز بێت، ئایا قبوڵ دەکرێت ئەم هەرێمە تێکەڵی دیکتاتۆریەت بکرێتەوە؟ ئەم وەڵامە کە لە پەیامی سەرۆکی کوردستان دەیان جار ئاڕاستەی هەموو هێزە دیموکراتخوازەکانی جیهان کراوە، گەلی کوردستان جارێکی دیکە دیکتاتۆریەت قبوڵ ناکات و بۆ بەرپەرچەندانەوەی دیکتاتۆریەت بڕیاری خۆی هەیە، ئەوا ئەرکی ئەخلاقی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە ڕێز لەو ئیرادەیە بگرێت کە دیکتاتۆریەت ڕەتدەکاتەوە.

# عێراق تەنگوچەڵەمە هەنووکەییەکانیش چارەسەر بکات، چ لە قەیرانە بنیادییەکەی دەکات


ئاسۆ کەریم

بە کشانەوەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١، عێراق هێور نەبۆوە و هێشتا ئاستی توندوتیژیی تێدا بەرزە. ڕۆژانە کاروکردەی تیرۆریستی و خراپەکاریی تێدا بەڕێوەدەچێ. شك و گومانی زۆر کەوتۆتە نێوان نوخبەی سیاسیی سەرجەم پێکهاتەکان. خزمەتگوزاریی گشتی و ئەساسی، کوردستانی لێ دەرچێ، لە ئاستێکی نزمدایە. پرۆسەی بیناکردنەوەی ژێرخانی ئابووریی، دوای ئەو حەمکە شەڕو داگیرکاری و خراپکارییەی لە عێراق کراوە، وێڕای ئەو پارە زۆرەی ساڵانە لە بودجەدا بۆی تەرخاندەکرێ، بە عێراقەوە دیار نییە. پەرەپێدانی مرۆیی و ماددیش ئەوە هەر هیچ. عێراق نۆیەمین وڵاتی گەندەڵکاری دنیایە. بە کورتی عێراق لە قەیرانێکی قووڵدایە.

ئەو قەیرانە، ئەگەر بەشێکی گرنگیشی پێوەندیی بە ڕەوتاری سیاسیی نوخبەی باڵادەستی حوکمڕانی عێراقەوە هەبێت، ئەوا بەشەکەی تری لە بنەڕەتدا، قەیرانێکی قووڵیی بنیادیی عێراقەو پێموانییە لە کۆڵ عێراق ببێتەوە. چۆن؟

عێراق، وەکو دەوڵەت بەو سنوورە جیوگرافییە-سیاسییە شێواو و دەسکردەی ئینگلیز، تەمەنی نابتە سەدەیەك. ئەو پێکهاتانە «عەرەبی سوننە، عەرەبی شیعە، کورد..» کە ئەمڕۆ لەناو سنووری دەوڵەتی عێراقدا دەژین: بە خواست و ئیرادەی ئازادانەی خۆیان، دەوڵەتی عێراقیان پێکنەهێناوە. تەنانەت ئینگلیز ریفراندۆمێکی گشتیشی بۆ ئەو یەکگرتنە نەکرد. لەم سۆنگەیە و بە هۆکاری تریشەوە، «گەل»ێك بە مانا سیاسییەکەی لە عێراق نە گورا و پێکنەهات. واتە، لە دەسپێکەوە یەکگرتنێکی نا ئارەزوومەندانە بووە و ئێستاش ناچارانەیە. پاشان، ئەو دەستوورو سیستمە سیاسییەی لە (١٩٢٥)دا، ئینگلیز بەسەریدا سەپاندن، دڵخوازی ئەوان بەتایبەتی شیعەو کورد نەبووە. لە دەستنیشانکردنی حوکمڕانان و سیاسەت بەڕێوەبردنی ڕۆژانەشدا، سیاسەتی پەراوێزخستن، دوورخستنەوەو وەلانان، بێدەنگکردن، ستەم و چەوساندنەوە، سیاسەتی زاڵ و باڵادەست بووە. دەوڵەت لە ڕاستیدا تا ٢٠٠٣ دەوڵەتی کەمینەی عەرەبی سوننە بووەو بنەما فیکرییەکەشی لە پان-عەرەبیزم، تێهەڵکێش بە شۆفینیزم ئاوی خواردۆتەوە. لە ئاکامی ئەم سیاسەتەدا، هەرگیز بووژانەوەی

ئابووری و پەرەپێدانیش، بە ریتمێکی وەکیەك و تەواوکاریی لە هەموو دەڤەرەکاندا «سوننەنشین، کوردنشین، شیعەنشین» نەچۆتەپێش و فەرق و جیاوازی گەورەی سیاسی- ئابووری- کەلتووری- کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا دروست بووە. ئیسماعیل بێشکچی گوتەنی، ناوچە کوردنشینەکانی خۆمان تا ١٩٩١ زێتر لە کۆلۆنی ناوخۆیی و ناوچەی دادۆشین دەچوون، تا بەشێکی وڵاتەکە. واتە عێراق بە رواڵەت یەکپارچە بووە، بەڵام لە راستیدا، دابەشبەندییەکی قووڵی ئیتنی- تایەفی تێدا بووە. لە دوای ٢٠٠٣شەوە ئەو دابەشبەندییە کەوتۆتە روو و تەعبیری لەخۆکردووە. هەستی ئینتیما بۆ عێراق وەکو دەوڵەت لەوپەڕی کزی دایە و « عێراقی نوێ »ش ئەو ئینتیمایەی پێ دروست نەکرا...

لەو شەرایتەدا، ئەمریکا، عێراقی داگیرکرد (٢٠٠٣). دەستووری بۆ گەلانی عێراق (٢٠٠٤ و ٢٠٠٥) دانا. کورد گرفتێکی لەگەڵ دەستوورەکە نییە، بەڵام سوننە نا. ئەمریکا، لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی حوکمەوە تا باریکرد، هەوڵی دا جۆرە سازانێك لەنێوان نوخبەی سیاسیی پێکهاتەکاندا بخوڵقێنێ و بە رێککەوتننامەیەکیش «رێککەوتننامەی سۆفا» بەخۆی ببەستێتەوە، لێ فەشەلی هێنا و ئەو تەوافووق و شەراکەتە بەدی نەهات. بەڵکە بە کردەوە، سوکانی حوکمڕانی، کەوتە دەستە شیعەکانەوە. لە هاوکێشەی حوکمڕانیدا، کورد بەلای شیعەکاندا کەوت. ئیدی لەژێر سایەی رێساکانی گەمەی دیموکراسی، حاکمیەت بۆ شیعە ساغ بۆوە. شەڕو شۆڕو پاکتاوی تایەفی ٢٠٠٦- ٢٠٠٧ش لە هەندێ ناوچەدا، بەتایبەتی بەغدا، شەڕی نفووزو ساغکردنەوەی یەکجارەکیی حاکمیەتی شیعە بوو. لە بادینان دەڵێن: پەرێ وەکی بەرێ. لێ ئەمجارە شیعەکان، وەکی سەردەمی بەرێ، لەسەر هەمان رێبازو میتۆد، لە دەسپێکدا، سیاسەتی پەراوێزخستن و دوورخستنەوەی عەرەبی سوننەیان پێڕەوکردو کوردیان بێلایەن «تحیید» کرد و دەستی دەستیان پێکرد و کێشەکانیان بەگوێرەی دەستوور بۆ چارەسەرنەکرد. بەو مانایە ئەمریکا کە دەیەویست «عێراقێکی نوێ» بنیاد بنێ، قەیرانە بنیادییەکەی پێ کاڵ نەکرایەوە.

بەو مانایە، قەیرانی ئێستەی عێراق، چەند ئاستێکی هەیە:

ئاستی عێراقی، کە پێوەندیی بە سەرجەم پرۆسەی سیاسی و دەستوور جێبەجێکردن و سازان و تەوافووق و بەشداری لە بڕیاروەرگرتندا هەیە کە کورد و عەرەبی سوننە هەست بە تاکڕەوی و مەیلی خۆسەپاندنی بەشێکی دیاری ناو شیعەکان دەکەن.

ئاستی پێوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا کە ئەو کێشانە دەگرێتەوە کە دەبوایە لە دوای ٢٠٠٥-ەوە بە گوێرەی دەستوور چارەسەرکرابان. لەوانە کێشەی ماددەی ١٤٠.

ئاستی میحوەربەندی و کێشەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین: لە رۆژهەڵاتی ناویندا، گۆڕانکاریی گەورە روویداوەو لە سوریاش بەرێوەیە. چەند رژێمێکی ملهوڕی سەرەڕۆ بە راپەرینی میللی رووخێنران و قۆناخێکی تر دەستی پێکردووە. دەرکەوتنی دوو هێزی هەرێمایەتی یەکیان شیعەگەر و ئەوی دیکە سوننەگەر لە ناوچەکە، رێزبەندیی تازەی لە ناوچەکە هێناوەتە کایەوە. عێراق کە شیعە حوکمڕانی دەکات، بەلای ئێراندا کەوتۆتەوەو لە چەند پرسێکدا، لەوانە پرسی سوریا، خۆی نواندووە. تورکیا، خۆی لە سوننە کردووە بە خاوەن و داڵدەی هاشمی دەدات و رادەستی عێراقی ناکاتەوەو بەئاشکرا قسە لە تایەفیبوونی حوکمڕانان لە بەغدا دەکات و چەندین پرس و کێشەی تر...

لە هەموو ئەو ئاستانەدا، کورد لە کوێ وەستاوە؟ ئەو قەیرانە فرە ئاستە بە کوێ دەگات؟

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ چەندەمین جارە ئەو قسەیە دوپات دەکاتەوە کە «تا ئەو کاتەی عێراق پابەند بێ بە دیموکراسی و دەستوور، هەرێمی کوردستان بەشێك دەبێت لە سیستەمی فیدراڵی، بەڵام ئەگەر حکوومەتی عێراق پابەند نەبێ بە دەستوور و بەرەو دیکتاتۆری و تاکڕەوی بچێ، ئەوا کورد ئامادە نییە لەسایەی دیکتاتۆریدا بژی و بڕیارێکی دیکەی دەبێ». عێراقییەو صەدرییەکانیش، لەسەر سروشتی حوکمڕانی بۆچوونێکی نزیك لەمەیان هەیە. بەو مانایە، تۆپەکە، لە گۆڕەپانی «شیعەکان»دایە.

تەحالوفی وەتەنی «شیعی» کە حکوومەتی عێراقی بەدەستەوەیە، وەك وەڵامێك بۆ ئەو ئاڕاستەیەی سەرێ، ماوەیەکە خۆی بە هێنانەگۆڕێی «وەرەقەی ئیصلاحی وەتەنی» خەریککردووە. بەڵام هەر بە قسەی صەدرییەکان، ئەو وەرەقەیە هیچی تیا بەستە نییە. بە هاتنەوەی تاڵەبانی، سەرکۆماری عێراق-یش وەفدێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان، پاشان سەرکردەی زۆرینەی رەوتەکانی ناو شیعە لە سلێمانی سەردانیان کرد. ئەو کۆبوونەوەو دیدارانە، چییان لێ شین دەبێ، دیار نییە. بەگوێرەی هەواڵەکان، رەنگە تاڵەبانی دەستپێشکەرییەکی تر بکات...بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین، هەرچی عەرەبی سوننەن، لەناوخۆیاندا تەباو کۆك نین و پێموایە زۆرتر هیوایان لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو کەڵك وەرگرتن لە هۆکاری دەرەکی هەڵچنیوەو هێشتا دیوارێکی بەرزیان لەنێوان خۆیان و تیرۆریزم دانەناوە. رەنگە شیعەکان، هەندێ تەنازولاتی لاوەکی بۆ ئەملاو ئەولا بکەن، لێ پێموایە لەو هەلومەرج و رەوشەی ئێستای بارگرژییەکانی ناوچەکەدا، بە تەوافووق و شەراکەتی راستەقینە نایەنە بەرێ...

ئەوەی پێوەندیی بە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداشەوە هەبێت، ئەو رێککەوتنەی چەند رۆژ لەمەوبەر لە بەغدا کرا سەبارەت بە بڕی هەناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان و دانەوەی کرێی کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت، سەرۆکی حکوومەت، نێچیرڤان بارزانی وتەنی: هەنگاوێکی گرنگ و پۆزەتیڤە بە ئاڕاستەیەکی پۆزەتیڤدا.. بەو مانایە دیسان، دەکرێ و بە قازانجی بەغداو هەولێرە کە لە رێگەی لێکحاڵیبوون و بەگەڕانەوە بۆ دەستوور کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن...

لێ هەرچی رەهەندیی ناوچەیی قەیرانەکەیە، ئەوە لە دەرەوەی ویست و ئیرادەن. میحوەربەندیی شیعە- سوننە راستییەکی حاشا هەڵنەگرەو بەشێوەیەکی رێژەیی رەهەندێکی نێودەوڵەتیشی وەرگرتووە. بە بڕوای خۆم، تا چەند کوردستان دەکارێت خۆی لە بەلای ئەم دابەشبەندییە مەزهەبییە لابدات و کاریگەریی چەوتی بۆ سەر ریزەکانی گەلی کوردستان نەبێ، ئەوە بە دەسگرتنی هێزە سیاسییەکان، بەتایبەتی پارتی و یەکێتییەوە، دەبێت بە بەرژەوەندییە باڵاکان و سوودوەرگرتن لە وانەکانی مێژووی خۆمان...کام ئاستی قەیرانەکان، بۆ ئێمەی کورد لەپێشەوەیەو هەقە کاری زێتری لەسەر بکەین، ئەوە ئاستی کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدایە، نەك دوو ئاستەکەی تر، بۆیە هەر دەرفەتێ لەم ئاستەدا بێتە پێشەوە، پێویستە بیقۆزینەوە...دەنا ماکی قەیرانەکە، لە دروستبوونی عێراقەوەیە کە لەگەڵە خۆیدا هەڵیگرتووە، تەنیا هەڵوەشانەوە چاری دەکات...



# پەرەپێدانی مرۆیی و ڕیفۆرمی دامەزراوەیی

## ڤیزەی وەرچەرخانن لە جیهانی سێیەمەوە بۆ یەکەم







ئەگـــەر دامەزراوەکان گرنگ بن، ئـــەوا ڕیفۆرمی دامەزراوەیی دەبێت پرســێکی سیاســیی یەکلاکەرەوە بێت، ئەگەر بمانەوێت پەرەپێدان بەردەوام بێــت و تەواوی ئابووری ســەقامگیر بێــت، ئەوا دەبێت هاوکات پرۆسەی ڕیفۆرمی دامەزراوەییش هەماهەنگ بێت، دەسپێکی ئەم ڕیفۆرمەش کە لــە چوارچێــوەی کاری دامەزراوەیی دامەزراوە فەرمیەکانەوە دەســت پێدەکات، پێویســتە بەهەنگاوی خێراو پتەو دامەزراوە نافەرمیەکانیش بگرێتەوە، لەمەش زیاتر و لەمەش گرنگتر ئەوەیە، ئەو ڕیفۆرمەی لەنێــو کاری دامەزراوەیی دەکرێت، دەبێتە گەرەنتیەکی یەکسان بۆ هەمووان بەو خەڵکانەشی کە پێشتر ڕێگربوون لەبەردەم ڕیفۆرمی دامەزراوەییدا، بێ ئومێدی لە چوارچێوەی کاری دامەزراوەیی نوێ ئەو کاتە ڕوودەدات کە خەڵکانێک هەست بکەن لە پرۆســەکە دۆڕاون، بێ کار بوون، یان وەک پێشتر ناتوانن بژین... تاد.

پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام و سەقامگیر، پێویستی بە وەرچەرخانی ڕیشەیی و یەکگرتنی نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان و یاسا فەرمیەکان هەیە، هەروەها پێویســتی بەوەیە پێوەندی نێوان هێزە جیاوازەکان، بەها جیاوازەکان و گرووپی فشار(لۆبیەکان) ڕێکبخرێن.

پرۆســەی وەرچەرخانی دامەزراوەیی، دوو گەرەنتی بۆ دوو فاکتەری گرنگ لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان دابڕانە لەگەڵ شێواز و ڕۆتینی کاری دامەزراوەیی پێشــتر و، هەروەها دەبێت شێوازی کاری دامەزراوەیی تــازە خۆڕاگربێــت لەهەمبەر کاردانــەوەی ئــەو بەرژەوەندیانەی لێدراون و پێشتر ڕێگربوون لەبەردەم گەشەی ئابووریدا، دووەمیان دەبێت ئەو وەرچەرخانە گەرەنتی بێت بۆ دابەشــکردنەوەی گەشــە و ســوودە کۆمەڵایەتیەکانی پەرەپێدان، ئەمــەش لەبەر ئەوەیە کە بزانرێت چۆنییەتی وەرچەرخانی دامەزراوەکان و چۆنییەتــی جێبەجێکردنی کاری دامەزراوەیی لەگەڵ خۆی پەرەپێدانی ئابووری هێناوە، وەک باشترکردنی خۆشگوزەرانی و داهاتی تاکەکەس، گۆڕینــی چۆنییەتی ژیــان، گۆڕینی خوێندن و تەندروســتی. هەربۆیە ڕۆڵی کارای حکومەت و سیاســەتی دامەزراوەیی بۆ ئــەم وەرچەرخانە پێویســتن، لەبەر ئەوەی کارایــی حکومەت و سیاســەتی دامەزراوەیــی دەبنــە گەرەنتی بۆ پەرەپێدانی ئابووری بەردەوام و سەقامگیر)).



باسکوالی دی مۆرۆ

**پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی وەك پرۆسەیەك بەو جۆرە پێناسە دەكرێت كە هەڵبژاردنی بەردەم تاكەكان فراوان بكات**

پرۆ فیسۆر باســکوالی دی مۆرۆ ئوستادی پەرەپێدانــی مرۆیــی لــە زانکــۆی ڕۆما تیــر (Roma Ter) لــە ئیتاڵیــا، لە توێژینەوەیەکیــدا بــە ناونیشــانی (ڕۆڵی دامەزراوەکان لــە پەرەپێدانی مرۆییدا)، دوو خاڵی گرنگی بۆ سەرخســتنی ئەم پرۆسەیە دیاری کردووە کە بریتن لە:

١- بوونی حکومەتێکــی کارا کە بەرنامەی بەوجۆرە بێت بتوانێت سیاسەتی دامەزراوەیی پیادە بــکات و ڕیفۆرمــی دامەزراوەیی لە چوارچێوەی کاری دامــەزراوە فەرمیەکاندا دەست پێبکات.

٢- بوونــی ســەقامگیری سیاســیی بــۆ دروســتکردنی هاوســەنگی لەنێــوان هێزە جیاوازەکان و گرووپە جیاوازەکان و گرووپەکانی فشار.

ئەگــەر لەم دوو خاڵەوە ســەرنج لەبەرنامە و سیاســەتی کابینــەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردســتان بدەین، لەســەر هەردوو ئاست هەســت بەبوونی ئەو دوو خاڵە دەکەین کە پرۆ فیســۆر باســکوالی بــۆ پەرەپێدانی مرۆیی بە شێوەیەکی گشــتی دەستنیشانی کردون، هەربۆیە لێرەوە کاتێك باسی ڕیفۆرمی دامەزراوەیــی دەکەیــن، ئــەوا ڕاشــکاوانە مەبەســتی خۆمان دەخەینە ڕوو کە مەبەست لە ڕیفۆرمی دامەزراوەیی واتە دروستکردنی دابڕانێــك لە نێــوان شــێوازی کۆنی کاری دامەزراوەیی و ڕۆتینــی بیرۆکراتی زیاد لە پێویســت و بەرژەوەندی خەڵکانێك لەمانەوەی ئەم بارودۆخە وەك خۆی و گۆڕینی شێوازی هەڵسوڕانی دامەزراوەکان بۆ شێوازی تازە کە دوور دەکەوێتــەوە لە ڕۆتینی بیرۆکراتی زیاد لە پێویســت و هەروەهــا چوارچێوەی کاری دامەزراوەیــی تازە خۆڕاگر دەبێت لەبەرامبەر کاردانەوەی ئەو خەڵکانــەی کە لە ئاکامی ئــەم شــێوازە نوێیــەی کاری دامەزراوەیی لە بەرژەوەندیان دەدرێت و پێشــتر ڕێگربوون لەبەردەم گەشەی ئابووری لە هەرێمدا.

بایەخدان و جەختکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە لەسەر پەرەپێدانی مرۆیی هەوڵێکە بۆ جیاکردنەوەی گەشــەی ئابووری لــە پەرەپێدانی مرۆیی، مەبەست لەم جیاکردنەوەیە ئەوە نییە کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، گەشەی ئابووری کاریگەری

**بێ ئومێدی لە چوارچێوەی کاری دامەزراوەیی نوێ ئەو کاتە ڕوودەدات کە خەڵکانێك هەست بکەن لە پرۆسەکە دۆڕاون، بێ کار بوون، یان وەك پێشتر ناتوانن بژین**

یان پێوەندی بە پەرەپێدانی مرۆییەوە نییە، نەخێر مەبەستمان ئەوەیە کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین ئەو لایەنانەی پەرەپێدانی مرۆیی دەگرێتەوە زیاتر و گرنگترن تەنیا لەو لایەنانەی کە گەشەی ئابووری دەگرێتەوە، ڕاشکاوانەتر واتە پەرەپێدانی مرۆیی تەنیا زیادکردنێکی میکانیکی داهات و سەرمایە نییە لەوڵاتدا، بەڵکو پەرەپێدانی مرۆیی بریتییە لە (تەمەنێکی درێژی مرۆڤ و ژیانێکی خۆشگوزەران) ئەم دێڕە (تەمەنێکی درێژ و ژیانێکی خۆشگوزەران) ئەگەر ورد بکرێتەوە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە وەك: (پێدانی هەلی یەکسان بۆ هەموو تاکەکان، بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن، بەرزکردنەوەی چاودێری تەندروستی، بەرزکردنەوەی توانای تاکەکان بەرێگەی مەشق و ڕاهێنان و خستنەگەڕی ئەم توانایانە لە چوارچێوەی دامەزراوەکاندا بۆ ئەوەی دامەزراوەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك هەڵبسوڕێن...تاد)، کەواتە ئەم ئاڕاستەیە بەرەو ئەوەمان دەبات کە لە خاڵێکدا کۆی بەرژەوەندییە گشتیەکانی کۆمەڵگە کۆبکەینەوە و جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی وەك پرۆسەیەك بەو جۆرە پێناسە دەکرێت کە هەڵبژاردنی بەردەم تاکەکان فراوان بکات، ئەمەش بەرێگەی بەرزکردنەوەی توانای تاکەکان و دیاریکردنی ئەرکەکانیان لە چوارچێوەی کاری دامەزراوەییدا.

## پێوەندی نێوان دامەزراوەکان و پەرەپێدانی مرۆیی

هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی پێوەندی پەرەپێدانی مرۆیی بە دامەزراوەکانەوە، کارێکی ئاسان نییە، بەڵکو کارێکی ئاڵۆز و پڕ لە ئاستەنگە، ئاڵۆزییەکەی لەوەدایە کە چەمکی پەرەپێدانی مرۆیی چەمکێکی هەمە لایەنە، ئاستەنگەکەشی لەوەدایە ئەم هەمە لایەنیە کۆمەڵێك دامەزراوەی جیاواز دەگرێتەوە و پێویستە کارلێك و هەماهەنگی لەنێوان ئەو دامەزراوە جیاوازانە هەبن بۆ ئەوەی بتوانرێت پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی سەرکەتوو بێت، لێرەدا ئەگەر هەر بۆ نموونە

**پەرەپێدانی مرۆیی تەنیا زیادکردنێکی میکانیکی داهات و سەرمایە نییە لەوڵاتدا، بەڵکو پەرەپێدانی مرۆیی بریتییە لە تەمەنێکی درێژی مرۆڤ و ژیانێکی خۆشگوزەران**

سەرنجێکی خێرا لە بەرنامەی کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستان بدەین و، هەموو بەرنامەکە لە بازنەی پەرەپێدانی مرۆییدا چڕبکەینەوە و سەرکەوتنی ئەم بەرنامەیەش گرێبدەینەوە بە ڕیفۆرمی دامەزراوەیی و دروستکردنی پێوەندی هاوسەنگ لەنێوان حزبە سیاسییەکانی فەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆن و گرووپەکانی ڕێکخراوەکانی مەدەنی و گرووپەکانی گوشار، ئەوا هەست دەکەین، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك حکومەتێکی کارا پێویستی بەوە دەبێت لەگەڵ دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکانی کۆمەڵگە کاربکات و کارلێکیان لەگەڵدا بکات، ئەم کار و کارلێکەی حکومەت لەگەڵ ئەم هەموو لایەنە سەرەنجام زەمینە بۆ یەك ئامانج خۆش دەکات کە پەرەپێدانی مرۆییە، ڕاشکاوانەتر واتە لەم قۆناخەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بۆ ئەوە دەدات، کۆی دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکان و کۆی گرووپ و حزبە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، لە یەك خاڵدا کۆبکاتەوە کە ئەویش پەرەپێدانی مرۆییە، هەموو ئەو هەوڵانەشی بۆ کۆی ئاستەنگ و ڕەخنەکان دەگیرێنە بەر، هەر یەکەیان بە شێوەیەك لە شێوەکان ئاستەنگێك لەبەردەم پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆییدا لادەبات، بۆیە ئەگەر بە بۆچوونی ئابووریناسە تەقلیدیەکان دامەزراوەکان بریتی بن لە (کۆمەڵێك نۆرم و ڕێسای کۆمەڵایەتی و لە هەیکەلی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە ئەم نۆرم و ڕێسایانە کارلێك بکەن) ئەوا بە بۆچوونی ئابووریناسە هاوچەرخەکان وێڕای ئەوەی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە ئاڕاستەی هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکان پێویستە لەگەڵ نۆرم و ڕێساکانی کۆمەڵگە بگونجێت، لەهەمانکاتدا جەخت لەوە دەکەنەوە بەوەی پێویستە دامەزراوەکان بەو جۆرە هەڵبسوڕێن توانا و لێهاتوویی و ڕەفتاری تاکەکان بگۆڕێت، بە واتایەکی دیکە ئاراستەی دروست بۆ هەڵسوڕانی دامەزراوەکان ئەوەیە کە هەلی یەکسان بخاتە بەردەم هەمووان بە یەکسانی، و هۆکارێك بێت

**لەم قۆناخەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بۆ ئەوە دەدات، کۆی دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکان و کۆی گرووپ و حزبە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، لە یەك خاڵدا کۆبکاتەوە کە ئەویش پەرەپێدانی مرۆییە**

بۆ ئەوەی توانا شاراوەکانی تاکەکان بخاتە گەڕ وەك مەرجێك بۆ خستنەگەڕی ئەو توانایانە لەچوارچێوەی کاری دامەزراوەییدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك توانای شاراوەی تاکەکان ئاشکرا دەکرێت، هەست دەکەین لەبەردەم ئەم توانایەدا کۆمەڵێك بوار هەیە کە کۆمەڵێك هەڵبژاردن لەبەردەم تاکدا واڵادەکات، ئەمەش مرۆڤێکی خاوەن توانای شاراوەی ناچالاك دەگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی خاوەن توانای ئاشکرای چالاك، سەرەنجامیش چالاکی تاکەکان، کۆمەڵگە دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەیەکی چالاك، بۆیە دامەزراوەکان بۆ پەرەپێدانی مرۆیی گرنگن، لەبەر ئەوەی هاندانی دامەزراوەکان بۆ ئاشکراکردنی توانا شاراوەکان گرنگن، دامەزراوەکان گرنگن لەبەر ئەوەی توانای ئەوەی هەیە توانا شاراوەکانی دوێنی، بکاتە توانای ئاشکرای ئەمڕۆ و هاریکاری و هەماهەنگی لەنێوان توانا تازەکاندا دروست بکاتەوە، کەواتە لەم خاڵەوە سیاسەتی دامەزراوەیی کە حکومەت پیادەی دەکات لە دامەزراوە فەرمیەکاندا، بێجگە لەوەی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دامەزراوە فەرمیەکان دەبێت، بەهەمان شێوە و بەهەنگاوی بەگوڕ کاریگەری لەسەر دامەزراوە نافەرمیەکانیش دەبێت و کاریگەری لەسەر ڕێکخستنەوە و هاوسەنگی پێوەندییەکانی نێوان کۆی هێزە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە دەبێت، بۆیە لەم لایەنەوە سیاسەتی دامەزراوەیی لە بەشێکیدا ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە خزمەتی پەرەپێدانی مرۆیی و پیادەکردنی دیموکراتی و حکومڕانی باشەوە، بۆیە یەکێك لەو خاڵانەی دەبێتە هۆکارێکی ناڕاستەوخۆ بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەرەپێدان، ئەو خاڵانەن کە پێوەندی بە لایەنی سیاسی ژیانی کۆمەڵگەوە هەیە، بۆ نموونە:

١- ئازادی ڕادەربڕین، ئەمەش بەو مانایەی حکومەتێك بیەوێت لە پرۆسەی پەرەپێدانی






مرۆییدا ڕۆڵێکی چالاکی هەبێت، دەبێت بڕوای بە ئازادی ڕادەربڕین هەبێت.

٢- لێپرسینەوە و موسائەلەکردنی حکومەت و وەزارەتەکان، ئەمەش واتە کاتێك حکومەت و کۆی وەزارەتەکانی ئامادە دەبن لێپرسینەوە و موسائەلە بکرێن لەبەردەم پەرلەمان، کە بێگومان ئەم لێپرسینەوە و موسائەلەیە بۆ خەڵك پەخش دەکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە جیا لەوەی ئەم هەنگاوە کارلێکێك لەنێوان پەرلەمان و حکومەت دروست دەکات، لەهەمانکاتدا هانی خەڵکیش دەدات بۆ ئەوەی بێنە ناو پرۆسەکە و بەشداری بکەن، بەشداری خەڵکیش لە دروستکردنی سیاسەتی گشتی وڵاتدا، واتە هاندانی خەڵکە بۆ ئەوەی خۆیان لەناو پرۆسەی پەرەپێداندا بدۆزنەوە.

٣- ڕێکخستنەوەی هاوسەنگی لە پێوەندییەکانی نێوان هێزە سیاسییە جیاوازەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و گرووپەکانی فشار، واتە حکومڕانی وڵات بریتییە لە فەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆن و چالاکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، گرووپە جیاوازەکانی فشار.

٤- کاریگەری ڕیفۆرمی دامەزراوەیی دامەزراوە فەرمیەکان لەسەر دامەزراوە نافەرمیەکان یان دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت، ئەمە خاڵێکی هێجگار گرنگە بۆ چالاکی و کارایی حکومەت لە پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆییدا، لەبەر ئەوەی کاتێك حکومەت ڕیفۆرمی دامەزراوەیی لە دامەزراوە فەرمیەکانەو دەست پێدەدەکات، مانای ئەوەیە ناتوانێت لەگەڵ ئەو دامەزراوە نافەرمیانە مامەڵە بکات کە پێشتر بوونەتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی، ناتوانێت لەگەڵ کۆمپانیایەك یان دامەزراوەیەکی ئابووری مامەڵە بکات کە بازاڕ قۆرخ بکات، یان مەرجەکانی بۆ ئیشکردنی لاوەکان لەبری ئەوەی توانا شاراوەکان ئاشکرا بکات، توانا ئاشکرا کانیان پەکبخات و لەبری ئەوەی ببنە دەستی کار، خۆیان بەبێ کار ببیننەوە، بۆیە ڕیفۆرمی دامەزراوە فەرمیەکان، ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ ڕیفۆرمی دامەزراوە نافەرمیەکان، ئەوانیش دەخاتە خزمەتی پەرەپێدانی مرۆییەوە، کۆمپانیا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە دەبنە سەرچاوەی هەلی یەکسان لەبەردەم هەمووان و بەمەش هەڵبژاردن و دەستنیشانکردن لەبەردەم تاکەکاندا فراوان دەکات.

٥- بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و دابینکردنی زەمینەی خوێندن بۆ هەمووان بە یەکسانی، بێجگە لەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە بەرز دەکاتەوە، لە هەمانکاتدا وەك پرۆسەیەکی بەردەوام کادری ناوەندی و باڵا بۆ سەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنێت، ئەم بەرهەمە کە گۆڕانکاری بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا دەهێنێت، هەموو ئاستەکانی ژیان بەرز دەکاتەوە، واتە لە گوزەرانەوە تا دەگاتە تەندروستی.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا هیچ کام لەم بوارانە بەبێ دامەزراوە توانای سەرکەوتنی دەبێت؟ ئەم وەڵامە جیاوازی نێوان پێشکەوتنی وڵاتە جیاوازەکانمان بۆ دەردەخات و لەهەمانکاتدا دەبێتە وەڵامیش بۆ ئەوەی چۆن دامەزراوەکانمان بونیاد بنێین و چۆن لەکاتی پێویستدا ڕیفۆرمی دامەزراوەیی دەست پێبکەین.

**جۆری حکومڕانی و شێوازی حکومڕانی لەپرۆسەی پەرەپێدانی مرۆییدا**

هەتا پێش نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، توێژینەوە و وتووێژەکان سەبارەت بە حکومڕانی لەسەر جۆری حکومڕانی بوو، واتە لەسەر ئەوەبوو حکومڕانی دیموکراتی و شێوازی ئابووری سەرمایەداری کۆمەڵگەی خۆشگوزەران دروست دەکات، یان شێوازی

**کاریگەری ڕیفۆرمی دامەزراوەیی دامەزراوە فەرمیەکان لەسەر دامەزراوە نافەرمیەکان یان دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت. ئەمە خاڵێکی هێجگار گرنگە بۆ چالاکی و کارایی حکومەت لە پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆییدا**

**پرۆسەی پەرەپێدان لە ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان و لە دوایین هەنگاویدا کە کابینەی حەوتەم هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێت. جیاوازییەك لە پرۆسەکە هەستی پێدەکرێت کە ڕەنگدانەوەی سیمای تایبەتمەندی گەل و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانە**









کۆمەڵگەی سۆشیالیستی و ئابووری دەوڵەتی کۆمەڵگەی خۆشگوزەران دروست دەکات، ئەم وتوویژانە لەگەڵ ڕووخانی دیواری بەرلین کۆتاییان پێ هات و بەشێوەیەکی گشتی جیهان هاتە سەر ئەو باوەڕەی حکومڕانی دیموکراتی و شێوازی ئابووری سەرمایەداری کە پێی دەگوترێت (ئابووری بازاڕ) کۆمەڵگە بەرەو خۆشگوزەرانی دەبات، بەڵام لەدوای ئەمەشەوە هەست دەکەین جۆرێکی دیکە لە وتوویژ و تویژینەوە دەستی پێکردووە، پرسیار بەو ئاراستەیە دەوروژێنن، کام شێوازی حکومڕانی دیموکراتی و کام شێوازی ئابووری بازاڕ، حکومڕانی باش بەرهەم دەهێنێت و کۆمەڵگە بەرەو خۆشگوزەرانی دەبات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە کە بێجگە لەوەی هەموو ڕێکخراوە جیهانییەکانی بواری ئابووری بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، لەهەمانکاتدا بۆتە بەرنامەیەکی نێو نەتەوەیەکگرتووەکان، چۆن دەوڵەتان ڕێککەوتن لەنێوانیاندا هەیە بۆ ئەوەی ڕێگە بگرن چەکی کۆکوژ و نیوکلیاری بڵاو نەبێتەوە، بەهەمان شێوە ئێستا سەرقاڵی ئەوەن کە هەموو دەوڵەتانی جیهان لەسەر ڕێککەوتنێك ڕێکبکەون کە نەهێڵن حکومڕانی خراپ بڵاو ببێتەوە و هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان پابەندی ئەو بنەمایانە بن کە بۆ حکومڕانی باش دیاریکراوە، ئەم ئاراستەیە بەرەو وروژاندنی ئەو پرسیارەمان دەبات بەوەی کە ئەم هەوڵانە بوونیان هەیە و بەشی زۆری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕیاری داوە سیستمی دیموکراتی پیادە بکات و بڕوای بە حکومڕانی باش و نەتەوەیەکگرتووەکانیش جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئایا بۆچی هێشتا

نموونەی حکومڕانی باش لەچاو حکومڕانی خراپدا زیاترە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەستە بە دوو لایەنەوە، یەکەمیان مانەوەی ئاسەواری سەردەمی دوو جەمسەری و شەڕی سارد لەناو پاکتی نەتەوەیەکگرتووەکان، دووەم پابەندنەبوونی دەوڵەتانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەو ئیمزایانەی لەسەر ڕیککەوتنەکان دەیکەن، هەربۆیە دەبینین نەك لەم بوارە، بەڵکو لەزۆر بواری دیکەش وەك ڕێگرتن لە چەکی کۆکوژ، ژینۆساید، بازرگانی کردن بەمرۆڤ...تاد ژمارەیەکی بەرچاوی دەوڵەتان پێشێلکاری دەکەن و نایانەوێت بە پرانسیپە نێودەوڵەتیەکانەوە پابەند بن.

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی مەبەستی ئێمەیە، هێندەی ڕاوەستانە لەسەر شێوازی حکومڕانی، هێندە هەڵوەستەکردن نییە لەسەر لایەنەکانی دیکە و، دەمانەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلینەوە مەسەلەی شێوازی حکومڕانی بۆتە ئەولەویەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە جیهانییەکانی وەك بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، هەموویان جەخت لەسەر پرۆسەی پەرەپێدان و پەرەپێدانی مرۆیی دەکەنەوە، هەروەها شێوازی حکومڕانی پەسەندکراویش کە بکەوێتە خزمەتی پەرەپێدان و پەرەپێدانی مرۆییەوە حکومڕانی باشە، کە هەڵسوڕێنەری کۆی حکومڕانی باشیش، حکومەتی کارایە لەناو کۆی پرۆسەی حکومڕانیدا، ئەم مەسەلەیەش ئەگەر بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو کە سیستمی دامەزراوەییان کامڵبووە کارێکی

**حکومەتێك بیەوێت لە پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆییدا ڕۆڵێکی چالاکی هەبێت، دەبێت بڕوای بە ئازادی ڕادەربڕین هەبێت**

ئەستەم نەبێت، ئەوا بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، هەوڵەکان بۆ وەرچەرخان لەوڵاتی تازە پێگەیشتووەوە بۆ وڵاتێکی پێشکەوتوو، ئەوا ئاستەنگەکان زۆرن، بۆیە لەم ڕاستەوە دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە وەرچەرخان لە وڵاتی تازەپێگەیشتوو بۆ وڵاتێکی پێشکەتوو تەنیا زیادکردنێکی میکانیکی سەرمایە نییە لەوڵاتدا، بەڵکو پەرەپێدان شۆڕشێکی تەواوە لە شێوازی ژیان، وەرچەرخانێکە لە پێوەندی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن و گرووپە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگە، ئەم وەرچەرخانە پێویستی بە بونیادی دامەزراوە و ڕیفۆرمی ئەو دامەزراوانە هەیە کە ئێستا بوونیان هەیە، هۆکاری ڕیفۆرمی بەردەوام لە دامەزراوەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگایانە لە قۆناخی وەرچەرخان و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە لەوەرچەرخانن بەرەو گۆڕانکاری، بۆیە هاوکات لەگەڵ ئەم وەرچەرخانانە، دامەزراوەکانیش پێویستە بەو جۆرە بن کە لەگەڵ قۆناخی تازە کۆمەڵگە بگونجێن، لایەنێکی دیکە کە بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئاستەنگی سەرەکیە، دامەزراوە نافەرمیەکانن، لەبەر ئەوەی زۆرجار هەوڵ لەلایەن حکومەتەوە هەیە بۆ گۆڕینی دامەزراوە فەرمیەکان، بەڵام ئەم هەوڵە لە گۆڕینی دامەزراوە نافەرمیە ئابوورییەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە، خاوەنی ئەو دامەزراوە نافەرمیانە لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ڕێگری لە ڕیفۆرمی دامەزراوەیی دەکەن، ئەمەش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم هەنگاوەکانی حکومەتدا، بۆیە لەم حاڵەتەدا بوونی سیاسەتی دامەزراوەیی و حکومەتی کارا دەبنە پێویستیەك بۆ تەفزیلکردنی ڕۆشنبیری گۆڕانکاری و خێراکردنی پرۆسەی پەرەپێدان، باسکردنی دامەزراوە و ڕیفۆرمی دامەزراوەیی ئەرکێکی قورسەو ئەو ئابووریناسانەی لەم بوارە کار دەکەن، باش لە قورسی ئەم گۆڕانکارییە تێدەگەن و بۆیە ئەوان زۆرجار لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ بچنە سەر لایەنە ئابوورییەکەی ڕیفۆرمی دامەزراوەیی، پرۆسەکە لە چوارچێوەی کۆی سیستمە دیموکراتیەکە وەك مافی بەشداری و بەرپرسیاریەتی دیموکراتی و مافی موڵکداریەتی تایبەت شرۆڤە دەکەن، لەم چوارچێوەیەدا ڕێکخراوی بانکی جیهانی لەساڵی ١٩٩٦ەوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ئاماژەکانی حکومڕانی بڵاو دەکاتەوە و جەخت لەسەر دامەزراوە سیاسییەکان و دامەزراوە نارەسمییەکان دەکاتەوە، زۆر لە تۆژەرانیش ئەم ئاماژانەی بانکی جیهانیان بەکارهێناوە و لە ئاکامدا بۆیان دەرکەوتووە کە مافی ڕادەربڕین و کارایی حکومەت و سەقامگیری سیاسی، فاکتەری گرنگن بۆ ئەدای پەرەپێدانی مرۆیی، ئەم خاڵە ئەوە دەردەخات ئەگەر حکومەت کارا نەبوو و دەوڵەت لەڕووی سیاسییەوە سەقامگیر نەبوو، ئەوا دامەزراوە ئابوورییەکان لاواز دەبن و دامەزراوە نافەرمیەکانیش ئەو کەسانەی تیایدا باڵادەست دەبن، کە بەرژەوەندی خۆیان دەخەنە سەرووی بەرژەوەندی کۆمەڵگەوە، هەربۆیە بانکی جیهانی پێیوایە ئەگەر بەشێوەیەکی تەندروست کارلێك لە نێوان دامەزراوە و گەشەی ئابووری ڕێکبخرێت، ئەوا دامەزراوەی تەندروست دەبێتە هۆکارێکی گونجاو بۆ کۆکردنەوە و داهات لەسەر بەرهەمهێنەرەکانی گەشەی ئابووری، لەم حاڵەتەشدا هاوکات پەرەپێدانی مرۆیی هەستی پێدەکرێت.

## حکومەتی هەرێمی کوردستان و پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی

پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی تەنیا پرۆسەی گەشەی ئابووری خێرا نییە، بەڵام پرۆسەی گەشەی ئابووری خێرا دەکرێت ببێتە هۆکارێك بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی، ئەمەش بەو مانایەی پرۆسەی گەشەی خێرا ببێتە هۆکارێك بۆ ئاشکراکردنی توانا شاراوەکانی تاك و گۆڕینی تاکی بێکار بۆ تاکی چالاك،





**وەرچەرخان لە وڵاتی تازەپێگەیشتوو بۆ وڵاتێکی پێشکەوتوو تەنیا زیادکردنێکی میکانیکی سەرمایە نییە لەوڵاتدا، بەڵکو پەرەپێدان شۆڕشێکی تەواوە لە شێوازی ژیان**


ئەم مەسەلەیە لەڕووی تیۆرییەوە جیاوازە لە هەنگاوی پراکتیکی بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسە گرنگە، لەبەر ئەوەی زۆر لەوڵاتان کە قۆناخی باشیان لە پرۆسەی گەشەی ئابووری خێرا بڕیوە وەك پتسوانا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵام لەبواری پەرەپێدانی مرۆیی نەیانتوانیوە هەنگاوی هاوشێوە هەڵبگرن، یەکێك لەتوێژەران سەبارەت بەم لایەنە پێیوایە لەبەر ئەوەی چاودێری تەندروستی لە پتسوانا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئاستی مام ناوەندی تەمەن لەو وڵاتە بەرەو زیاد بوون بچێت، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە ئەو وڵاتە لەبواری چاودێری تەندروستی بەرەو پێشەوەچوونەکەی هاوشانی گەشە ئابوورییە خێراکەی نییە، لەهەندێك وڵاتی دیکە بۆ نموونە کوبا، لەهەندێك بواردا وەك خوێندن بەرەوپێشەوەچوون هەیە، بەڵام لەسەر ئاستی داهاتی تاکەکەس و ستاندەری ژیان پێشکەوتن نییە، ئەمە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش تارادەیەك ڕاستە، لەبەر ئەوەی لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا وەك خوێندن و تەندروستی و ئاستی ژیان پەرەپێدانی مرۆیی سەرکەوتووە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسیی ئەوەی پەیوەندی بە ئازادی ڕادەربڕین و بەرپرسیاریەتی دیموکراتییەوە هەیە، هێشتا ئەم لایەنە لاسەنگە بە بەراورد بە لایەنەکەی دیکە، ئەوجا ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا لەناو کۆی ئەزموونەکانی جیهانی سێیەم، بەراوردێك لەنێوان ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان و کۆی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی پرۆسەی پەرەپێدان بکەین، هەست دەکەین پرۆسەی پەرەپێدان لە ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان و لە دوایین هەنگاویدا کە کابینەی حوتەم هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێت، جیاوازییەك لە پرۆسەکە هەستی پێدەکرێت کە ڕەنگدانەوەی سیمای تایبەتمەندی گەل و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانە، مەبەستیش لەم تایبەتمەندیە بەراوردکاری هەرێمی کوردستان نییە بە هەندێك ئەزموونی وڵاتانی پۆست کۆمونیست وەك هەنگاریا و سلۆفاکیا و کۆماری چیك و پۆڵەندا، یان دەوڵەتانی بەلتیك، کە لەماوەیەکی کەمدا بوونە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتانە پێشتر خاوەنی ئەزموونی لیبراڵیزم و ژێرخانی دامەزراوەیی بوون، نەك لەسەرەتاوە دامەزراوەیان بونیاد نابێت، بۆیە بەراوردی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە کە لە سفرەوە دەستیان پێکردووە، لەهەریەك لەو ئەزموونانە هیچ کام لەو وڵاتانە لە ژاپۆنەوە تا بەرازیل نەیانتوانیوە پرۆسەی پەرەپێدان و پرۆسەی دیموکراتی پێکەوە گرێبدەنەوە، تەنانەت ئەمریکیەکان کە خۆیان دەستووری ژاپۆنیان نووسیوەو خۆیان سەرپەرشتیکاری بونیادنانەوەی کۆریای باشوور بوون، لەسەرەتاوە و هەتا ناوەڕاستی نەوەدەکانیش پشتگیری ئەوە نەبوون سەقامگیری سیاسی و ئابووری بکەن بە قوربانی دیموکراتی سیاسی، بۆیە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەناو ئەزموونەکانی پەرەپێداندا، پێگەیەکی جیاوازی هەیە و دەبێت بە ئاستی ئەو جیاوازیەش هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت، هەر ئەم تایبەتمەندی و جیاوازییەش کە لە کابینەی پێنجەمەوە دەستی پێکرد، گەشەیەکی ئابووری خێرای لە کوردستاندا دروست کرد، کە ئەو گەشە ئابوورییە خێرایە زەمینەی ئەوەی ڕەخساند هەنگاو بۆ پەرەپێدانی مرۆیی هەڵبگیرێت، بەڵام ئەم هەنگاوانەی کابینەی پێنجەم لەگەڵ دروستبوونی تەنگژەی ئابووری لەسەر ئاستی وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمریکا و هەروەها دروستبوونی گۆڕانکاریی لە وڵاتانی عەرەبی و کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر بارودۆخی ناوخۆی هەرێم و ناسەقامگیری سیاسی و حکومی و ئەمنی لە عێراقدا، وایکرد بۆ ماوەیەك هەم گەشەی ئابووری خاوبوونەوە بەخۆیەوە ببینێت و هەمیش نەتوانرێت زەمینەی لەبار بۆ چالاککردنی تواناکان بخرێتە ئاراوە، ئەمە وێڕای پرۆسەی تواناسازی بەردەوامی هەبوو، بەڵام ئەم باسە جەخت لەسەر چالاککردنی تواناکان لەهەموو بوارەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ دەکاتەوە،

**ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەناو ئەزموونەکانی پەرەپێداندا، پێگەیەکی جیاوازی هەیە و دەبێت بە ئاستی ئەو جیاوازیەش هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت**

بەڵام بە هاتنی کابینەی حەوتەم، جارێکی دیکە نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی حکومەت هەر لە سەرەتاوە زەمینەی دووبارە دەستپێکردنەوەی گەشەی خێرا و زەمینە سازکردنەوە بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی دەست پێکردەوە، ئەم پرۆسەیە کە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی چاکسازی خۆی خستۆتەڕوو، بەڵام بە ڕیفۆرمی دامەزراوەیی دەستی پێکردووە، بۆ ئەوەی دابڕانێك لەنێوان شێوازی کۆنی هەڵسوڕانی دامەزراوەکان و ڕۆتینی بیرۆکراتی زیاد لە پێویست تێپەڕێنێت و قۆناخێکی نوێ دەست پێبکات کە دامەزراوە فەرمیەکان وەڵامدەرەوەی خواست و پێداویستی خەڵك بن، یان بەواتایەکی دیکە لەگەڵ نۆرم و ڕیساکانی ئێستای کۆمەڵگە یەکبگرێتەوە، کە هەنگاوی یەکەمی ئەم یەکگرتنەوەیەش لە دژایەتیکردنی گەندەڵی دەست پێدەکات، ئەم پرۆسەیەش کە پرۆسەیەکی فرەڕەهەند لەخۆی دەگرێت و دەکەوێتە چوارچێوەی بەرنامەی حکومەتێکی کاراوە بۆ هەڵسوڕانی دامەزراوەکان بەشێوەیەکی تازە، دەبێتە ئەو فاکتەرەی کە وەك د.عەلی قەرەداغی لە دیمانەیەکی گوڵاندا پێی گووتین، هەستدەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان بەرنامەی هەیە و دەیەوێت هەنگاو هەڵبگرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو بەرنامە هەمەلایەنە بەرنامەی پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆییە و حکومەتی کوردستان دەیەوێت بە پراکتیکی لەهەموو بوارەکانی (خوێندن، تەندروستی، ستاندەری ژیان، ئاستی داهاتی تاکە کەس...تاد) گۆڕانکاری بێنێتە ئاراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆسەی پەرەپێدان بەگشتی و پرۆسەی گەشەی ئابووری کە ئێستا لە هەرێمدا هەستی پێدەکرێت، خۆی ببێتە بەشێك لە پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی و هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە پێکەوە هەنگاو بەرەو ئەوە هەڵبگرێت لە وڵاتێکی جیهانی سێهەمدا، سیمای وڵاتێکی جیهانی یەکەم دەربکەوێت.

## پرۆفیسۆر پیتەر ئیڵ ڕۆسۆ بۆ گوڵان:

# ئەو پەرەپێدان و پێشکەوتنەی ئەمڕۆ ئەمریکا پێی گەیشتووە بەرهەمی ئەو بناخەیەیە کە ئەلیکسەندەر هاملتۆن دایڕشتووە



**پرۆفیسۆر پیتەر ئیڵ ڕۆسۆ ئوستادی ئابوورییە لە زانکۆی ڤاندەربیلت و پسپۆر و تایبەتمەندە لە ئابووری گشتگیر و سیستمی بانکی و گۆڕانکاری تەکنۆلۆژی و ڕۆڵی مێژووی سیستمی دارایی و دامەزراوەکان لەسەر وەرچەرخانی ئابووری و گەشەی درێژخایەن، بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی دامەزراوەکان بۆ پەرەپێدان لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و دید و بۆچوونی سەرکردە لەم قۆناخە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە و بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگە، پرۆفیسۆر ڕۆسۆ بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

دامەزراوەکان بەشێکی گرنگن لە پەرەپێدانی ئابووری بەتایبەتی بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، ئەگەر لێرەوە ئاوڕێك لە مێژووی ئەمریکا بدەینەوە، دەبینین پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری بەشێوەی دامەزراوەیی، لە چوارچێوەی سیستمی بانکی هاتە ئاراوە، ئەم سیستمە بواری ئەوەی ڕەخساند سەرمایەداری خێرا پەرەبستێنێت و ئەوەش سوودبەخش بوو بۆ پەرەپێدانی ئابووری، هەندێك پێیانوایە کە ئەم بنەما دەستووریە بووە مایەی خولْقاندنی بناغەیەك بۆ سیستەمی دارایی ئەمڕۆ، ڕاستە سیستەمەکە کەموکورتی تێدا هەبوو، بەڵام بەگشتی و بەدرێژایی مێژوو هاریکار بوو لە پێشکەوتنی ئابووری ئەمریکادا. هەروەها بوونی سەرکردەی بەهێز لە قۆناخی پەرەپێداندا فاکتەرێکی دیکەیە، هەر بۆ نموونە ئەمریکا سوودی وەرگرتووە لە هەبوونی سەرکردایەتییەکی بەهێز کە لەو سەردەمەدا پاڵپشتیی لە پێشکەوتنی ئەمریکا دەکرد، ئەلێکسەندەر هاملتۆن کە یەکەم وەزیری دارایی ئەمریکا بووە لە دوای سەربەخۆیی نموونەیەکی بەرچاوە لەسەر سەرکردەیەکی بەهێز کە یاریدەدەر بوو و توانیی سیستەمی دارایی دامەزرێنێت، هەربۆیە هەبوونی سەرکردەیەکی بەهێز و خاوەن دیدێکی پۆزەتیف بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەکان و هاندەر بۆ گەشەپێدانی ئابووری، بێگومان ئاسانکار و یاریدەدەر دەبێت بۆ وەدیهێنانی پێشکەوتن لەوڕووەوە. هەروەها دامەزراوەکان گرنگن بۆ بوینادی ژێرخانی ئەنجامدانی پڕۆژەکان و خزمەت گەیاندن بە کۆمەڵگە بەگشتی، هەڵبەتە باشترین ڕێگە لە لەسەرەتادا ئەوەیە حکومەت هەڵستێت بە بونیادنانی دامەزراوەکان و پاشان دامەزراوەکان خۆیان کاربکەن و خۆیان خۆیان بەڕێوەبەرن و سەرنجی سەرمایەداری بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن لەپێناو تەمویلکردنی پڕۆژەکانی بازاڕ کە سوودیان هەیە بۆ پێشکەوتن، سەبارەت بە وڵاتانی تازەپێگەیشتووش واباشترە لەسەرەتادا حکومەت هەڵستێت بە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دامەزراوەکان بەڵام لەمەودایەکی دووردا حکومەت و هەروەها کەرتی تایبەتیش هەردووکیان پێکەوە دامەزراوەکان بەڕێوەببەن. تەکنۆلۆژیاش بەشێکی گرنگە لە پرۆسەی گەشەپێدان، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ تەکنۆلۆژیا کەوتۆتە ناوەندی مۆدێلی گەشەپێدانی ئابووریی کلاسیکی و چەمکی ئەم مۆدێلە دەڵێت کۆمەڵگە هەڵدەستێت بە تەوزیفکردنی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی، هەربۆیە تەبەنناکردنی تەکنەلۆژیا لایەنێکی سەرەکییە لە پەرەپێدانی ئابووریدا.



## پرۆفیسۆر جالت دی جۆنگ بۆ گوڵان:

# تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان هۆک



**پرۆفیسۆر جالت دی جۆنگ ئوستادی ستراتیژیەتی ئابووری و بزنسە گرۆنیگن لە هۆڵەندا و پسپۆر و تایبەتمەندە لە بزنسی نێودەوڵەتی و تیۆری ڕێکخراوە و ستراتیژیەتی بەڕێوەبردن، سەبارەت بە گرنگی دامەزراوەکان لە پرۆسەی پەرەپێدان و بایەخی تەکنۆلۆژیای زانیاری لە هەڵسوڕانی دامەزراوەکاندا، لە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی گوڵاندا بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی.**



# ـارێكی گرنگن بۆ سەركەوتنی دامەزراوە فەرمیەكان و بونیادی حكومەتی ئەلیكترۆنی

((لەسەرەتادا پێویستە جیاوازی لەنێوان دامەزراوەی فەرمی وەك سیستمی یاسایی و دامەزراوەی نافەرمی وەك دامەزراوەی ئابووری بكەین، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی پرۆسەی بونیادنانی دامەزراوەكان زۆر گرنگە و هەنگاوی یەكەمە بۆ گەشەی ئابووری و پرۆسەی پەرەپێدان، بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیەش پێویستە ئەو خەڵكانەی لە دامەزراوە فەرەمیەكان كاردەكەن و خەڵكانی بیرۆكراتین مەشق و ڕاهێنانیان پێ بكرێت بۆ هەڵسوڕانی كارەكانیان بەشێوەی دامەزراوەیی، هەروەها سوود لەو خەڵكە ئەكادیمیە وەربگرن و ڕاوێژیان پێبكەن كە لەم بوارە پسپۆر و تایبەتمەندن، لەمەش گرنگتر ئەوەیە سیستمێكی یاسایی باش و سیستمێكی هەڵبژاردنی ڕێكوپێك بوونی هەبێ، هەروەها بوونی سەركردەی لێهاتووش گرنگە، بۆ ئەوەی خەڵك لەگرنگی ئەم توخمانە بۆ پرۆسەی پەرەپێدان تێبگەیەنێت، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا سەیری پێشكەوتنی وڵاتانی ڕۆژئاوا بكەین، ئەوا یەكێك لەو هۆكارە هەرە گرنگانەی پشت كۆمەڵگەی زۆر كارا و پێشكەوتوو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئاستێكی بەرزی شەفافییەتیان هەیە، بۆنموونە لەبارەی كار و ڕەفتارەكان و ئەو هەلومەرجانەی كە حكومەت دەیسەپێنێت لە بواری بزنس و لە بواری سیستەمی یاسایی كە پەیوەستە بە ژیانی هاووڵاتیان بەگشتی، هەربۆیە بەڕای من ئەم دوو توخمە زۆر گرنگن و پێویستە لەبەرچاوبگیرێن لە وڵاتان لەپێناو وەدیهێنانی پەرەپێدانی ئابووری، چەندین نموونەی بەرچاو هەیە لەمڕووەوە، بۆنموونە هۆڵەندا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا كە ئەم وڵاتانەیش خاوەن ئاستێكی بەرزن لە شەفافییەت و، كۆمەڵگەی دیموكراتین. هەروەها ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئای تی بەكاردێنن لە حكومەتی ئەلیكترۆنی، ئامرازی تەكنۆلۆژی یاریدەدەرە بۆ دامەزراوە فەرمییەكان و هەروەها لە سیستەمی یاسایی-ش بۆئەوەی بەشێوەیەكی كاراتر بەڕێوەبچن لە كۆمەڵگە، بۆیە من پێموایە ئەو كۆمەڵگانەی كە ژێرخانەكانی ئای تی بونیاد دەنێن، سوودی زیاتر وەردەگرن و هەڵبەتە ئەوەیش شتێكی ئاشكرایە كە ئەو وڵاتانەی كە ئەم سیستەمەیان هەیە پێشكەوتووتر و باشترن لەو وڵاتانەی كە ئەم سیستەمەیان نییە. لێرەدا جارێكی دیكە جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەكەمەوە كە هەبوونی سیستەمی دامەزراوەیی فەرمی باش، بۆنموونە حكومەتی باش و كارا و سیستەمێكی باش بۆ هەڵبژاردنەكان و سیستەمێكی یاسایی باش بۆ كار و ڕەفتارەكانی بزنس توخمی زۆر گرنگن بۆ گەشەپێدانی ئابووری، هەربۆیە پێویستە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو جەختبكەنەوە لەسەر بایەخ و سوودەكان لە بونیادنانی ئەو دامەزراوانە بۆئەوەی چاودێریی هەندێك لە دامەزراوەی ناكارا بكەن لە وڵات، لەبەرئەوەی هەندێك لە وڵاتان دووچاری دیاردەی گەندەڵی بوونەتەوە و بێگومان گەندەڵیش بەگشتی زیان بە كاروبارەكانی سیستەمی دامەزراوەیی دەگەیەنێت، بۆیە پێویستە هەموو توانایەك تەوزیفبكرێت بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لەپێناو دڵنیابوون لەوەی كە سیستەمی دامەزراوەیی بەشێوەیەكی ڕێك بەڕێوەبچێت و بەڕای من ئەم شتەیش لەئاكامدا دەبێتە مایەی وەدیهێنانی گەشەی ئابووری)).

## کاروان ئاکرەیی لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵان دا

# سوریا بۆتە گرێ کوێرەی ناوچەکە، بەکردنەوەی ئەم گرێ کوێرەیە تابلۆی سیاسی ناوچەکە دەگۆڕێت

**کاروان ئاکرەیی یەکێکە بێجگە لەوەی وەك کەسایەتیەکی سیاسی و ڕووناکبیرێك شرۆڤە و تێڕوانینی تایبەتی خۆی بۆ ڕووداوە سیاسییەکان هەیە، لەهەمانکاتدا چاودێرێکی سیاسیی وردی بارودۆخەکەیە و بە دیدێکی جیاواز کۆی هاوکێشە سیاسییەکان و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە دەخوێنێتەوە، ئەو لە ساڵی ٢٠٠٨ و لەمیانەی کۆڕێکی لەشەقڵاوە ئاماژەی بەوەکرد حکومەتی بەغدا بەرەو تاکڕەوی هەنگاو هەڵدەگرێت و دەبێت لەم هەنگاوەش هۆشیار بین، ئەگەرنا ئایندەی عێراق دەکەوێتەوە مەترسیەوە، ئێستاش ئەو پێشبینیە بۆتە ڕاستی و تاکڕەوی مالیکی بۆتە هەڕەشەو مەترسی بۆ سەر هەموو پێکهاتەکانی عێراق، ئەمە وێڕای ئەوەی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و بارودۆخی سوریا هێندەی دیکە هاوکێشەکانی ئاڵۆز کردووە، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و بارودۆخی سوریا و پێگەی کورد لە کۆی ئەم گۆڕانکارییانە، وتووێژێکی فراوانمان لەگەڵ بەڕێزی سازکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.**





**گوڵان:** *لەسەر ئاستی کۆی بارودۆخی ناوچەکە هەست دەکرێت گۆڕانکاری گەورە ڕوویداوەو گۆڕانکارییەکانیش هێشتا بەردەوامن، ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا کۆی هاوکێشەکە پێکەوە سەیر بکەین، ئایا چۆن ئەم گۆڕانکارییانە دەخوێنیتەوە؟*

**کاروان ئاکرەیی:** ئەگەر بەکورتی مانشێتێکی بۆ بدۆزمەوە، ئەوەی لەچەند وڵاتێکی عەرەبی ڕوویدا دەربڕینی خواست و ویستی خەڵکەکە بووە بۆ دادپەروەری و ئازادی و سیستەمێکی حوکمڕانی کە کار بۆ باشترکردنی ژیانی خەڵکەکە و دەستەبەرکردنی ئازادی و سەقامگیری، واتە ڕابوونێکی میللی بێ بەرنامەیی بووە کە ئیخوان موسلمین وەکو هێزێکی ڕێکخراو و خاوەن ئەزموون توانی خۆی جووت بکا لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم خەڵکە و بزووتنەوەکەی بە ئیخوانی کرد بەو پێیەی کە سەرەتای ڕەوتی ئیسلامی ڕێکخرا بەناوی ئیخوانەوە بووە و وەکو ئەلتەرناتیڤی هەموو ڕەوتە فیکریەکانی دیکە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی خۆی نیشاندا بەتایبەتی بەرامبەر بزووتنەوەی نەتەوەخوازی عەرەب لە میسر کە لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوو توانی دەسەڵات بگرێتە دەست و کەوتە ململانێیەکی توند لەگەڵ ئیخوانەکان، لەبەرامبەردا ئیخوانەکان ناڕازی و ڕێگرییان لەهەر هەنگاوێکی حوکمڕانە نوێیەکانیان دەکرد لەئەنجامدا ئەو هاتنە پێشەوەی ئیخوانەکان بەرە بەرە ڕەوتی ڕووداوکان دەچووە جوغزی ململانێی مەزهەبی بەو پێیەی کە ئیخوان گردبوونەوەی سوننی مەزهەبە، ئەوەی کە پێی دەوترێ بەهاری عەرەبی لەواقیعدا بوو بە بەهاری ئیسلامی سوننی مەزهەب. بە واتایەکی دیکە ئەوەی ئێستا دەبینرێت بە بەشێك لە هەوڵی ئیخوانەکان دەزاندرێ کە پێش حەفتا تا هەشتا ساڵی ڕابردوو دەستی پێکردووە بەئامانجی دووبارە داڕشتنەوەی ناسنامەی ئیسلامیی عەرەبی، لەو ڕاپەڕینە میللیانەشدا ئیخوانەکان زۆر بەجوانی توانییان ئەم بارودۆخە بقۆزنەوەو تا ڕادەیەکی زۆر میزاجی خەڵکی ئەم وڵاتانە لەگەڵ بەرنامە سیاسییەکەی خۆیان ڕێکبخەن و ئێستاکەش ئەم دەسەڵاتەی خۆیان دەخەنە سەنگەری ململانێی مەزهەبی و لەسەر ئاستی ناوچەکە یاری پێ دەکەن، ئەگەر لێرەدا ئەو پرسیارە بکەین، ئایا ئەوە پێداویستییەکی مێژووییە کە ڕووداوەکان بەم ئاڕاستەیەدا بڕۆن؟ ئایا هیچ ڕێگایەکی دیکە لەبەردەم ئەم میللەتانە نەبوو؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا، بە بۆچوونی من لەم قۆناغەدا هەر دەبوایە ئەو بزووتنەوە میللیە ئەم ڕوخسارە ئیسلامیە بەخۆوە بگرێت، ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار، یەکەمیان سروشتی ئەو سیستەمە حوکمڕانیانەی کە لەو وڵاتانەدا هەبوو بنەمای فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتییان کە لەئەنجامی کارکردنی دەیان ساڵ قۆرخکردنی دەسەڵات و پەراوێزخستنی ناوەندی جیاجیای بەرفراوانی خەڵکی لێکەوتەوە و مەودای کاری سیاسی تا ئەوپەڕی بەرتەسك کرا، ئەوا من دیسان دەڵێم، دەبوو خەڵکەکە لە دەوری ئیسلام کۆببنەوە و ئیسلامییەکان ببنە ئاڵا هەڵگری ئەم قۆناغە، بۆیەش کە هۆکاری دووەمیش بوونی هێزێکی سیاسی ڕێکخراو بەسوود وەرگرتن لە ئاکامی نەخوازراوی حوکمڕانی و ناسەقامگیری فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وەك ئیخوانەکان دەڵێن هۆی ئەم هەموو تەنگەژەیە و نەهامەتیەی خەڵك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەك خۆیان دەڵێن، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەرفەت بۆ ئیسلامیەکان کە حوکم بگرنە دەست و بنەماکانی ئیسلام پیادە بکەن!، و گوایە ئێستاکە دەرفەت ڕەخساوە بۆ پیادەکردنی دروشمە مێژینەکەی خۆیان (الاسلام هو الحل؟ ئیسلام چارەسەرە؟)

**تا ئێستا نموونەیەك لە حوکمڕانی ئیسلامی نابینرێت کە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی و سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی هێنابێتە ئاراوە**

واتە ئیخوانەکان وتەنی هەموو گیروگرفتەکان چارەسەردەبن. ئایا لەم سەردەمەدا ئەم دروشمە دەتوانێ دەربڕی خواست و ئیرادەی خەڵکەکە بێت؟ تا ئێستا نموونەیەك لە حوکمڕانی ئیسلامی نابینرێت کە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی و سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی هێنابێتە ئاراوە، بۆیە ئەم دەسەڵاتگرتنەی ئێستای ئیسلامییەکان دەچێتە خانەی تاقیکردنەوەوە، جارێ نازانرێت تاچەند دەتوانن ئامانجی ئەم خەڵکە بەدبەختە بهێننەدی و بیانخەنە سەر ڕێگەو کەناری دڵنیایی و سەقامگیری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ دنیای ئەمڕۆ ڕێبکات.

**گوڵان:** *بەڵام ئەوەی بەڕێزت بە بەهاری ئیسلامی ناوت برد، لەسەرەتادا ئیسلامی نەبوو، ئەوخەڵکەی کە ڕژانە سەر شەقامەکان ڕێکخستنی ئیسلامییەکان نەبوون، تەنانەت هەندێ لە ڕەوتە ئیسلامییەکان لەگەڵ ئەوە نەبوون خۆپیشاندانەکان بگەنە ئەو ئاستە، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئاڕاستەکە چۆن مۆرکی ئیسلامی وەرگرت ئایا ئەمە لاوازیی ڕەوتە دیموکراسیخواز و عەلمانییەکان نەبوو لەو وڵاتانەدا؟*

**کاروان ئاکرەیی:** پێش ئەوەی بێمە سەر فەشەلی عەلمانییەتەکەی ئەو وڵاتانە، گومانم هەیە لەوەی کە ئەم حوکمڕانانە عەلمانی و دیموکراتخواز بووبن، ئەمە پێش هەموو شتێك کورتهێنانی دروشم و ئامانجەکانی بزووتنەوەی نەتەوەخوازی عەرەب بووە کە نەیتوانیوە خاوەنی ناوەڕۆکێکی کراوە و عەدالەتخواز بێت کە لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە خەڵکیان پێی سەرقاڵ کردبوو، بۆیەش ئەو خەڵکەی ڕژانە سەرشەقامەکان بەهیچ شێوەیەك خۆیان لەو ئەزموونە شکستخواردووەی حوکمڕانەکان و دروشمە نەتەوەییەکانیان نەکردنە خاوەن، بە پێچەوانەوە دروشمی سەرەکی سەرتاسەری خەڵك گۆڕینی سیستەمی حوکمڕانی بوو، بێ بوونی بەرچاویەکی ڕوونی ئەوتۆ دەربارەی سروشت و خەسڵەت و بنەمای ئەلتەرناتیڤی خوازراویان هەبێت، بەڵکو خەڵکانێك هەر

لەبەر ئەوەی هەناسەیەکیان بەبەر بێتەوە و ناخی خۆی هەڵڕێژێت بەشداری لەم ڕاپەڕینانەدا کرد، مەرج نییە ئاگای لەوە بێت چ بەرنامەیەك و بۆچوونێکی دەبێت بۆ ئایندەی وڵاتەکەی، بەڵام بۆ قۆناغی یەکەم و بۆ ڕەتکرنەوەی ئەوەی کە هەیە بەشداری کردووە، هەروەها نەبوونی حزبی سیاسی کە هەڵگری پرۆژەیەکی دیموکراسی پێشکەوتووبێت، بێگومان ئیسلامییەکان لە زۆرێك لەو وڵاتانە ئەوهێزە ڕێکخراوە سیاسییە بوون کە خاوەن شارەزاییەکی سیاسی بوون کە توانیان کەم تا زۆر ئەم نارەزاییەی خەڵك بە جۆرێك ڕێکبخەن و تەنزیری بۆ بکەن و گەڵاڵەی بکەن و بیخەنە بەرنامە سیاسییەکەی خۆیانەوە، لە کۆتاییدا خۆیان بوون بە سەرکێشی قافڵەی ئەوخەڵکە نارەزایە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئیسلامیەکان دەتوانن ئەو وڵاتانە لە بازنەی دواکەوتوویی

**بوونی سەلەفیەکان ئەو دەرفەتە لەبەردەم ئیخوانەکان بچووکدەکاتەوە کە بتوانن بیسەلمێنن ئەوان ئیخوانی تۆڵە سەندنەوە نین و ئیخوانی گەڕانەوە بۆ سەدەکانی پێشوو نین**

و دابڕان و بەرهەمهێنانی کێشە لەدوای کێشە ڕزگاربکەن، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر زووە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بە وردی سەیری پێکهاتە و بەرنامەی حزبە ئیسلامییەکان (ئیخوانەکان) بکەین، پێموایە جاریَ لەو وڵاتانەی ئیخوانەکان تێیدا سەرکوتکراون تا ماوەیەکیش لەژێر فشاری دژەکار و خولیای تۆڵەسەندنەوە دەرناچن، و دووەم خودی ئەو حزبە ئیسلامییانە یان ئیخوانەکان وایان نابینم کە جەستەیەك و خاوەن دیدێکی یەکگرتووبن بۆ ئێستاو داهاتووی وڵاتەکانیان، ئەمە لە پراکتیکدا واتا کاتێك ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵات و چۆنیەتی فۆرمەلەکردنی سیستەمی حوکمڕانی تێڕوانینی جیاواز سەرهەڵدەدات و هەستی پێدەکرێت، پێشبینی دەکرێت کە جیاوازی لە تێڕوانینەکان قوڵتردەبێتەوە و ئیخوانەکان دەکەونە بەردەم دووڕیانێك، لەم دووڕیانەدا لاباڵێکی ئیخوانەکان هەوڵی بە ئایینی کردن و دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەدات و بەئایینکردنی هەموو بوارەکانی ژیان، مەیلی پتر قۆرخکردنی بواری سیاسی و ڕۆشنبیری ڕاگەیاندنی ئەم وڵاتەی دەبێت. لاباڵێکی دیکە کە لەوانەیە عەقڵانەتر بیر بکەنەوە خەسڵەتی ئەو گۆڕرانکارییە بەو جۆرە بخوێننەوە کە مامەڵەیەکی سەردەمیانەی لەگەڵ بکەن، بەبۆچوونی من ئەم دوو باڵییە ئێستاش لە ناو ئیخوانەکان دەبیندریَ، کە لەکار و پراکتیکدا جیاوازیەکان بەرە بەرە فراوانتر دەبن و بەرەو ئاقاری لێکترازان دەچێت.

**گوڵان:** *بەڵام هەر بۆ نموونە لەمیسر، بێجگە لە ئیخوانەکان، بە ڕێژەیەکی کەمتر ڕەوتی دیکە هەیە بە تایبەتی سەلەفیەکان، ئایا کاریگەری ئەوان چۆن دەبێت؟*

**کاروان ئاکرەیی:** بۆیە لە ئیخوانەکانەوە دەستم پێکرد وەك نموونە کە ئەوان زیاتر ڕێکخراوەیین و بەرنامەی سیاسیی خۆیان هەبووە، هەروەها ناوەندێکی خوێندەوار و تەکنۆکرات و ئەکادیمی و ڕۆشنبیریان لەگەڵدایە، ئەم ناوەندە تەکنۆکرات و ئەکادیمی و ڕۆشنبیرەش ئاشکرایە ئومێدی هەر میللەتێکە، بەڵام سەلەفیەکانی میسر حزب نەبوون، ئێستا حزبی ((نوور))یان هەیە ڕەنگە لە ڕووی کاریگەریی و بەئایینی کردنی ڕووخساری ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە ڕۆڵێکی زۆر کاریگەریتریان هەبووبێت، کە ئێستاکە لە ژێر فشاری ئەوان ئیخوانەکانیش دەکەونە بەر زەبری ئەوەی کە ئایا ئیخوان دەتوانن حوکم بکەن و سەلەفیەکانیش ڕازی بکەن و لەگەڵ ڕوحیەتی ئەم سەردەمەش حوکمڕانییەك پێك بهێنن؟ کەواتە وا دەردەکەوێت، بوونی سەلەفیەکان بۆ ئیخوانەکان دوو دیوی هەیە، یەکیان ئەوەبوو کە لەسەرەوە باسمان کرد ڕاستە کە سەلەفییەکان ڕکابەری سەرەکی ئیخوانەکان بووینە،

**پێموانییە سیستەمی حوکمڕانی لە میسر حوکمڕانیەکی عیلمانی بووبێت بەمانای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەجۆرێکی وا زامنی جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایین بێت**

بەڵام لە ئاکامی کاری سەلەفیەکان کەش و زەمینەیەکی لەبار بۆ ڕێکخستنی ئیخوانەکان ڕەخساوە، دیوەکەی دیکەش، بوونی سەلەفیەکان ئەو دەرفەتە لەبەردەم ئیخوانەکان بچووکدەکاتەوە کە بتوانن بیسەلمێنن ئەوان ئیخوانی تۆڵە سەندنەوە نین، و ئیخوانی گەڕانەوە بۆ سەدەکانی پێشوونین، بەڵکو دەتوانن ڕووخساری ئەم سەردەمە بخوێننەوەو دەشتوانن لەڕێی پیادەکردنی بەرنامەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەردەمیانە درێژە بە حوکمڕانی خۆیان بدەن، بە لەبەرچاوگرتنی ئاگایی و پەرەسەندنی ڕۆحیەتی ئازادیخوازی خەڵك کە لە ڕاپەڕینەکەدا بەدەستهاتووە لەبەرچاو بگرن، بەڵکو هەتا ئەگەر ئەو نیازەش هەبێت و ئەگەر ئەو هێزەش لەناخی ئیخوانەکانیشدا هەبێت کە پێیان باش بێت ببنە ئەلتەرناتیفی حوکمڕانە خراپەکان، ئەوە سەلەفیەکان بۆیان لە کەمیندا دەبن بۆیە من وای دەبینم ئیخوانەکان لەژێر فشارێکی زۆر گەورەدان، وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد لە دووڕیانێکدان، لەلایەك ئایا دەوڵەتێکی ئایینی دروست دەکەن یا دەوڵەتێکی مۆدێرن؛ ئاشکراشە دەوڵەتی مۆدێرن پێداویستی خۆی هەیە، بۆیە کاتێك سەلەفیەکان هەر لەئێستاوە بەجۆرێك هەڵسوکەوت لەگەڵ هونەرمەندێك یا بەهەرەو بەرهەمێکی هونەری دەکەن یا لەبەرامبەر ڕۆڵی ئافرەت لە هەر کارو بوارێکی کۆمەڵایەتی و ژیان مامەڵە دەکەن، ئەوە ئیخوانەکان دەبێت وەڵام بدەنەوە، ئێستا جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە لەبەردەم ئیخوانەکاندایە، ئایا چۆن مامەڵە

لەگەڵ ئـەم ئەرکانەی ئێستا دەکەن و چۆن دەتوانن کۆمەڵگە بەشێوەیەك ڕازی بکەن کە ئیخوانەکان حزبی ئایینی نین بەپێچەوانەوە حزبی سیاسین و دەتوانن لەڕێگای بەرنامە سیاسیەکەی خۆیانەوە بەختەوەری بۆ ئەو میللەتانە دەستەبەر بکەن..

**گـوڵان:** *ئێستا باس لەوە دەکرێت ئیخوانەکانی عەرەب دەیانەوێت وەکو پارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا سیاسەت بکەن، تەنانەت ئەگەر دەستوورەکەش عیلمانی بێت ئەوان پیادەی بکەن، ئایا بەتێڕوانینی تۆ دەکرێت ئەزموونی دادو گەشەپێدانی تورکی لەوڵاتانی عەرەبی دووبارە بێتەوە؟*

**کاروان ئاکریی:** نەخێر بە ئاسانی ئەزموونی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکی لەوڵاتانی عەرەبی پیادە ناکرێت، بۆ نموونە ئیخوانەکان بۆ تەنیا یەك مانگ ئۆقرەیان نەگرت و دەستیان کرد

**ئەمە دادو گەشەپێدان نییە کە بۆچوونە ئیسلامیەکەی وڵاتی تورکیای بەمجۆرە بونیادکردووە، بەڵکو پێشینەی ئەم وڵاتە وابووە کە پارتی داد و گەشەپێدان هاتووە بەحازری کاری لەسەر کردووە**

بە پەلاماردانی یەکێك لە دامەزراوە هەرە سەرەکییەکانی میسر کە ئەنجومەنی سەربازی بووە، هەرزوو گۆڕانکارییان تێدا کرد کە بێگومان دەبێ بەپێی بەرژەوەندی خۆیان بوبێت، و هەرزوو سەنگەریان لە میدیاکاران و کەناڵەکانی میدیا گرت و دەستیان خستە ناو کاروباریانەوە، هەربۆیە بەراوردکردنی میسر یا هەر وڵاتێکی تر بۆ نموونە لیبیا بە تورکیا بەراوردکرنێکی هەڵەیە. ئەگەر لێرەدا گریمانەیەك وەربگرین و بڵێین گریمان پارتی داد و گەشەپێدان لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو بهاتبایە دەسەڵات، ئایا ئەم پارتەی ئێستا دەبوو؟ بێگومان نەخێر. بەڵکو بەپێی هەلومەرجی ئەوسای تورکیا هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی ڕوخسار ئایینی دەدا، بۆیە گرنگە پاشخانی ئەو ژینگە سیاسیە لەبەر چاو بگرین کە پارتی داد و گەشەپێدانی تێدا هاتە دەسەڵات، ئەم پارتە دوای نزیکەی هەشتا ساڵ لە پیادەکردنی سیستمی سیکۆلاریزم لە تورکیا، ئەم سیستمە عەلمانیە(لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو تێبینی و سەرنجەشی کەلەسەر ئەو شێوازە عەلمانیەش هەمانە کە لەتورکیا پێڕەو کراوە) بەڵام ئەم سیستمە تا ڕادەیەکی زۆر سەقامگیر و بەدامەزراوەیی کرابوو، بۆیە پارتی دادو گەشەپێدان بوو بە میراتگری وڵاتێکی عەلمانی دامەزراوەیی، ئەگەر پارتی دادو گەشەپێدان خولیای بەئیسلامیکردنی دەوڵەتیشی هەبێت کارێکی ئاسان نابێت، لەبەر ئەوەی لە دەرئەنجامی پیادەکردنی عەلمانیەت بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ لەتورکیا، زۆر شت لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بوونەتە عورف و وەکو نەریتێکی کۆمەڵایەتی لێهاتووەو خەڵکەکە لەسەر ئەو تێڕوانینە بۆ ژیان ڕاهاتوون، لەم واقیعەدا وا ئاسان نییە پارتێك بتوانێت گۆڕانکاری بنەڕەتی بکات، ئەم حاڵەتە لەمیسر جیاوازە؛ میسر خاوەنی ئەو دابونەریت و ئەزموونە مێژووییەی عیلمانیەتی تورکیا نییە، بۆیە لە پێشەکی قسەکانمدا وتم گومانم لەوەیەو بگرە پێموانییە سیستەمی حوکمڕانی لە میسر حوکمڕانیەکی عیلمانی بوبێت بەمانای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بەجۆرێکی وا زامنی جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایین بێت، ئەمە لەمیسر پیادە نەکراوە، بەڵکو لەمیسر تەزاوجێك هەبووە لەنێوان دەوڵەت و سیستمی حوکمڕانی لەگەڵ ئایین، واتا هەمیشە جۆرێك لەتەزاوج و تێکەڵاوییەك هەبووە، هەربۆیە بەحوکمی نەبوونی ئەم ئەزموونە لەپیادەکردنی چەمکی عیلمانییەت لەبەڕێوەبردنی دەوڵەت دا ئیخوانەکان تا ڕادەیەك ئەرکیان ئاسانترە ئەگەر لەحاڵەتێکدا نیازیان وابێت کە زیاتر دەوڵەت بەئیسلامی بکەن.

**گـوڵان:** *ئەگەر بەدیدو تێڕوانینی تورکیا سەیری ئەم گۆڕانکاریانە بکەین، تورکیا ئومێدێکی گەورەی لەسەر ئەم گۆڕانکاریانە بونیاد نابوو، لە ٢٠١١ دەیویست سیاسەتی خۆی لە ڕۆژئاوا جیابکاتەوەو بەخۆی ڕۆڵێکی گەورە ببینێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢ و هەست دەکەین تورکیا زیاتر بەلای ڕۆژئاوا دەڕوات و کەمتر خۆی تێکەڵاو دەکات، پێت وانییە تورکیا لەسیاسەتی ئێستای تۆزێك نائومێد بووە لەبەرامبەر بەهاری عەرەبی؟*

**کاروان ئاکریی:** تورکیا بەگشتی لەگەڵ تەوژمی ئیخوان موسلمینەو بگرە ئەگەر بتوانێت پشتگیریشیان دەکات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کام ئیخوان موسلمین و لەکام وڵات و لەچی هەلومەرج و بەچی تایبەتمەندییەك ئەم ئیخوانانە حوکمڕانی دەکەن؟ ئەگەر سەیری خۆی بکات، پێموایە خاڵێك هەیە دەبێت بەروونی ئاماژەی بۆ بکەین؛ ئەمە دادو گەشەپێدان نییە کە بۆچوونە ئیسلامیەکەی وڵاتی تورکیای بەمجۆرە بونیادکردووە، بەڵکو پێشینەی ئەم وڵاتە وابووە کە پارتی داد و گەشەپێدان هاتووە بەحازری کاری لەسەر کردووە، هەربۆیە ئەگەر پارتی داد و گەشەپێدان خولیای بە(ئیسلامکردنی!) کۆمەڵگەشی هەبێت ناتوانێت ڕاستەوخۆ بیخاتە بەرنامە سیاسیەکەی خۆیەوە، بەڵکو زۆر بەهێواشی و لەسەرخۆو وریاییەوە هەوڵی بۆ دەدات، وەك ئەو هەوڵانەی ئێستا لە ئارادان و بەشێوەی جیاجیا کار بۆ گۆڕانکاری لەژێرخانی پەروەردەیی کۆمەڵگەدا دەکرێت و بەرەبەرە بوارەکانی ژیان بگرێتەوە و وایلێبێت زەمینەی لەبار بڕەخسێت بۆ ئەوەی ئەگەر

**تا ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانیوە فۆرمێك گەڵاڵە بکات و ڕێکەوتنێکی هەبێت لەگەڵ تەواوی لایەنە پەیوەندارەکانی ڕەوشی سوریا و ئەو وڵاتە لەم تەنگژەیە ڕزگاری ببێت**

حوكمڕانەكانیش مەیلی ئەوەیان زیاتر پەرەی سەند كار ئاسانیەكیان بۆ بكرێت و لەناو خودی كۆمەڵگەدا بانگەشە بۆ ئەوە بكرێت و هاوكار بن لەوەی ئەگەر ڕۆژێك پارتی دادو گەشەپێدان هەوڵیدا ئاراستەی حوكمڕانیەكەی ڕووەو ڕۆژهەڵات بێت، كە ئەوان زۆرجار باسی لێوە دەكەن، پێموایە خاڵێكی وەرچەرخان دەبێت لە ڕەوشی توركیادا، لەبەر ئەوەی ئەگەر توركیا پێی وابێت بەپشتگەرمی ڕۆژهەڵات دەتوانێت ئەم ڕۆڵەی بمێنێت كە ئێستاكە هەیەتی نەك لەدەرئەنجامی پێوەندییەكانی لەگەڵ ڕۆژئاواو ئەمەریكایە، لێكدانەوەیەكی هەڵەیە.

**گوڵان:** *ئەگەر باس لەمەسەلەی سوریا بكەین، جەنابت لەسەرەتای قسەكانت باست لەوەكرد كە كۆی هاوكێشەكە لەنێوان شیعەو سوننەدا دەبینیت، ئایا لەسەر مەسەلەی سوریاش، پێوەندییەكان و هاوپەیمانێتیە نێودەوڵەتیەكان ئەو شێوازە سوننەو شیعەیەی وەرگرتووە؟*

**كاروان ئاكرەیی:** لەسوریا بە ئاشكرا ئەو شێوازەی وەرگرتووە، چونكە حوكمڕانەكانی سوریا سەر بە مەزهەبی عەلەوین و زۆربەی هەرە زۆری خەڵكەكەی تریش سوننەن، لەمیسر ڕەنگە ئەمەیان لەسەر ئاستی دەرەوەو ئیقلیمی مۆركێكی وای بەخۆوە بینیبێت، كاتێك بینیمان مورسی لێدوانی لەسەر ئێران داو سەردانێكی ئەو وڵاتەی كرد كە ئەمە خۆی لەخۆیدا ئاماژەن بۆ ئەوەی میسر وەكو وڵاتێكی سوننی مەزهەبە و ڕۆڵێكی میحوەری هەیە لەو ناوچەیەی ئێمە و لایەنێكی ئەم ڕۆڵەش لەوەدایە لەگەڵ ئێرانێكی شیعە چۆن هەڵسوكەوت بكات، لەسوریا مەسەلەی سوننەو شیعە زۆر بەجوانی دەبینرێت كە كەمینەیەكی عەلەوی حوكمڕانن و زۆربەی خەڵكەكەی تر كە ڕووبەڕوویان بوونەتەوە سوننەن، ئەمە نەك تەنیا لەسەر ئاستی ناوخۆیی بگرە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و تەنانەت ڕەهەندە نێودەوڵەتیەكەشی لەخۆ گرتووە، كە یەكلاكردنەوەی كێشەی حوكمڕانییە لەسوریا، واتا یەكلاكردنەوەی پێگەو نفووزی دەسەڵاتدارێتی لە ئێران و وڵاتە عەرەبیەكانە، ئەم مەسەلەیە تێكەڵ

**زۆر زەحمەتە سوریا وەكو سوریا ببینرێت كە خاوەنی كێشەیەكی نیشتمانییە. بەڵكو ململانێیەكە سروشتێكی مەزهەبی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بەخۆوە گرتووە و وا دەبینیدرێت كە حوكمڕانەكان عەلەوی و شیعە مەزهەبن و خەڵكەكەی تریش سوننەن**

بەیەكتری بووە، ئێستا لەپشتگیریكردن و هاوكاریكردنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بەرەیەكی دیارو ئاشكرا هەیە، بەڵام هەموو ئەو لایەنانەی كە لەسەرەتاوە هاوكار بوون لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا و بەگەرمی هاتنە پێشەوە لەوانە توركیاش ئێستا زۆر بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخەكە دەكەن و كەمتر لەجاران گڕوتینیان بۆ مەسەلەكە هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕەنگە ئەم ڕاستیەیان بۆ ئاشكرا بووبێت كە ململانێكە ڕاستە بەهەندێك دروشمی سیاسیی دەكرێت، لەوانە بەدەستهێنانی ئازادی و لەناوبردنی دیكتاتۆریەت و شۆڤینیەتی بەعس و حوكمڕانی لەسوریا، بەڵام لەناوەڕۆكدا دەرچوو توخمی مەزهەبی ڕۆڵێكی كاریگەر دەبینێت لە یەكلاكردنەوەی بارودۆخەكەدا، هەربۆیە لایەنەكان لەمەسەلەكە كەمێك خۆیان دزییەوە یا بەو گڕوتینەی جاران نایەنە پێش و چاوەڕێی ئەوە دەكەن كە ئایا ئەم ململانێیە ڕەهەندە ئیقلیمیەكانی چین و بەرەو كوێ دەڕۆن و چەند دەتوانن شتێكی وا بكەن لەخزمەت قوڵكردنەوەی ئەو ململانێیە مەزهەبیە نەبێت و سوریا وەكو وڵاتێك ببینرێت؟ بە بۆچوونی من ئەمە زۆر زەحمەتە سوریا وەكو سوریا ببینرێت كە خاوەنی كێشەیەكی نیشتمانییە، بەڵكو ململانێیەكە سروشتێكی مەزهەبی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بەخۆوە گرتووە و وا دەبینیدرێت كە حوكمڕانەكان عەلەوی و شیعە مەزهەبن و خەڵكەكەی تریش سوننەن، وەكو كە زۆر لایەنی كاریگەر كاری بۆ دەكەن ئاشكرایە لە سوریاش ئیخوانەكان حزبێكی ڕێكخراون و خاوەن شارەزاییەكی مێژوویین سوود لەقووڵایی ئیخوانەكانی وڵاتانی دیكەش وەردەگرن، بەتایبەتی كە لە وڵاتانی عەرەبی باكووری ئەفریقیا ئیخوانەكان گەیشتوونە حوكم، ئەوا ئیخوانەكانی سوریاش بیر لەوە دەكەنەوە چۆن لەو وڵاتانە گەیشتوونە دەسەڵات، بەهەمان شێوە دەسەڵاتی سوریاش بگرنە دەست، هەر بۆیە ئەم ململانێیە زیاتر درێژەی كێشاو تا ئێستا كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانیوە فۆرمێك گەڵاڵە بكات و ڕێكەوتنێكی هەبێت لەگەڵ تەواوی لایەنە پێوەندارەكانی ڕەوشی سوریا و ئەو وڵاتە لەم تەنگژەیە ڕزگاری ببێت. ئەمە بووە دەرفەت بۆ لایەنە توندڕەوەكانیش كە زۆر بەباشی سوود لەم بۆشاییە و سیاسەتە ڕاڕایەی مامەڵەكردن لەگەڵ سوریا وەربگرن و زۆر هاتنە پێشەوەو ئێستاش ڕۆڵێكی كاریگەریان هەیە لە وێناكردنی ڕەوشی ڕووداوەكان لەناو خودی سوریادا. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا بارودۆخەكە چ كاریگەریەكی لەسەر داهاتووی سوریای دوای ڕووخانی ئەم ڕژێمەی ئێستا دەبێت؟ بێگومان ئەگەر هەر لەئێستاوە خۆ ئامادەكردنی بۆ نەكرێت و بەرنامەی تۆكمەی بۆ دانەڕێژرێت، ئەوا سوریا دەكەوێتە ناو قەیرانێكی گەورەتر لەوەی ئێستا تێی كەوتووە.

**گوڵان:** *كاتێك ئەو گۆڕانكارییانەی كە لەگەڵ واقیعی وڵاتی خۆمان دەیخوێنینەوە وەكو عێراق نەك تەنیا هەرێمی كوردستان، ئەو دابەشبوونە زۆر بەزەقی دەبینین بەرادەیەك هێزەكان دەبینین كە هەندێكیان لەگەڵ ڕەوتی توركیان و هەندێكیان لەگەڵ ڕەوتی ئێرانن ئایا ئەو دابەشكردنەی عێراق چۆن دەخوێنیتەوە بەتایبەتی كە حكومەتی ناوەندی بەئاشكرا لەگەڵ مانەوەی ڕژێمی ئەسەدە؟*

**كاروان ئاكرەیی:** من هەروا لەخۆڕا نەمگوت ململانێیەكە دەكرێت بخرێتە قاڵبی مەزهەبیەوە، پێموایە بوونی حزبی

ئیسلامی و حزبی دینی سەرچاوەی قووڵکردنەوەی ئەو ململانێیەیە لەنێوان مەزهەبی شیعەو سوننە، هیچ حزبێکی ئیسلامی نابینیت هەردوو مەزهەبی لەخۆ کۆکردبێتەوە، ئیخوانەکان کە لە ڕووی مێژووییەوە پێشینەو بوونیان هەبووەو سوننی مەزهەبن و شیعە لەوێ جێگای نابێتەوە، لەناو حزبە ئاینیەکانی شیعەی عێراقیش، سوننە جێگای نییە، هەربۆیە هەبوونی ئەم حزبانە واتا حزبی دینی هۆکاری قووڵبوونەوەو قووڵکردنەوەی ناکۆکی و ململانێی نێوان هەردوو مەزهەبەکەیە و سیاسەتیشیان لەبەر ڕۆشنایی ئەو ململانێیە دادەڕێژرێت، کە لە ئاکامدا نەهامەتی و کوشت و بڕ و لێکترازانی میللەتانی موسڵمانی لێکەوتۆتەوە، هەربۆیە زۆر ئاساییە کە بەغدا یا لایەنی شیعی دەسەڵاتی بەغدا پشتگیری مانەوەی ئەسەد بکەن،

**سیاسەتی کوردو تێڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ سوریا، بەو ئاڕاستەیەدا هەوڵدراوە کە دەست بەخەسڵەتە تایبەتیەکانی خۆیەوە بگرێت، کە کورد لەوێ میللەتێکە کێشەی خاکی هەیە**

لەبەرئەوەی ئەسەد لەکۆتاییدا نوێنەری لایەنێکی ئەو ململانێیەیە کە شیعەن، لایەنی بەرامبەرەکەشی زۆر ئاساییە کە وڵاتانی کەنداو وڵاتانی تری عەرەبی و میسرن پشتگیری لایەنە سوننەکەی تر کە ئۆپۆزسیۆنە لەسوریا بکەن.

**گوڵان:** *بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لە عێراقدا، کە ئێستا خۆی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێم دەبینێتەوە، هەرگیز لەسەر حسابی سوننەو شیعە هاوپەیمانێتی نەکردووە، بەڵام ئێستا ئەویش هەڵوێستی خۆی ئاشکرا کردووە، ئایا ئەمەش لەچوارچێوەی سوننەو شیعەدایە؟*

**کاروان ئاکرەیی:** بەدرێژایی ئەو ساڵانە نەك ساڵانی نەوەدەکان، بەڵکو پێشتریش و تەنانەت لەسەردەمی بارزانی نەمریش هەوڵەکان بۆ ئەوە بوون کە ئەو تایبەتمەندییە نەتەوەییە لەسەرووی مەسەلەی مەزهەبی و ئاینییەوە بێت و خۆمان دەست بەو تایبەتمەندیتیە بگرین، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت پێویستە زۆر بە وریایی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بکرێت و بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەییمان لەوەدایە کە نەخزێینە ناو سەنگەری ململانێی ئایینی و مەزهەبی، بەڵام بێگومان لەڕووی مێژووییەوە ئەم وڵاتانەی دەوروبەرمان کێشەی مەزهەبییان هەیەو لەسەنگەری مەزهەبیشدا مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر کردووەو ئەم فشارە تینی بۆ ئێمەش هێناوە. پرسیار ئەوەیە ئایا ئێمە دەتوانین دەست بەخەسڵەتە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی خۆمانەوە بگرین و بەدەر لە مەزهەبی؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە ڕەنگە لەداهاتوودا وەڵامی بدرێتەوە، بەڵام لام وایە تا ئێستاش ئەو ئیرادەیە هەیە لەڕووی سیاسییەوە هەوڵەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکانە، خۆ دوو ڕاگرتنە لەکێشەی مەزهەبی کە قووڵایی و مێژووی دووروودرێژی هەیە.

**گوڵان:** *واتە دەکرێت بڵێین هەڵوێستی هەرێم بەرامبەر سوریا بۆ هاریکاری و پشتگیری کوردی سوریا هەوڵێکە بۆ ئەوەی بایەخ بە مەسەلە نەتەوەییەکان بدرێت و خۆیان تێکەڵ بەو ململانێ مەزهەبیە نەکەن؟*

**کاروان ئاکرەیی:** سیاسەتی کوردو تێڕوانینی هەرێمی کوردستانیش بۆ سوریا، بەو ئاڕاستەیەدا هەوڵدراوە کە دەست بەخەسڵەتە تایبەتیەکانی خۆیەوە بگرێت، کە کورد لەوێ میللەتێکە کێشەی خاکی هەیە، بەرلەوەی کێشەی حوکمڕانی بێت دۆزێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، دەبێت بەم ئاڕاستەیە درێژە بە سیاسەت بدرێت و، نەخزێتە نێو ئەو ململانێ مەزهەبییەی لە سوریا هەیەو هەر بەم ئاڕاستەیەش سەرکەوتوو دەبن، لاموایە هەتا ئێستا توانراوە بەسەرکەوتوویی ئەو سیاسەتە پیادەبکرێت، بەڵام ئایا ئەم سیاسەتە تا چ ئاقارێك بڕ دەکا، ئەوە بەندە بە کۆی هاوکێشەکان. نەك تەنیا ناوخۆی سوریا، بەڵکو ئیقلیمیش و لەسەر پشتگیری هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەو هەڵوێستە نەتەوەیە، نیشتمانییەی کوردەکانی سوریا کە خۆیان دوور گرتووە لە ململانێی مەزهەبی ناو سوریا، وای دەبینم لەم ڕووەوە کوردانی سوریا لەگەڵ هەرێمی کوردستان هاوڕان.

**گوڵان:** *ئایا بەڕای تۆ جەنابی بارزانی توانیوویەتی لەناو کوردەکانی سوریادا جۆرێك لە یەکڕیزی دروست بکات؟*

**کاروان ئاکرەیی:** ئەو ڕێککەوتنەی بەم دواییەی کە لە هەولێر کرا ئەوە شتێکی ئیجابی بوو، چونکە بەڕاستی مەترسی هەرە گەورە کە ڕووبەڕووی کورد لە سوریا دەبێتەوە، مەسەلەی لێکترازان و ململانێ و توندبوونی دووبەرەکیە و دەبێت مرۆڤ گریمانەی شەڕیش لەبەرچاو بگرێت کە ئەوەش مەترسیەکی زۆر گەورەیە، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ خاوکردنەوەی ئەو

**بەداخەوە لە ٢٠٠٣ـەوە تا ئەمڕۆ وا هەست دەکرێت خولیای تاکلایەنی و دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونە مێژووییەی تاکلایەنی حوکمڕانی سوننە ئەمجارە لەلایەن شیعەوە پیادە بکرێت**

گرژییەو ململانێیە و لێك تێگەیشتنێك بدرێت، پێموایە هەنگاوێکی ئیجابیە و لەبەرژەوەندی داهاتووی خەڵکی کوردستانی سوریا دەشکێتەوە.

**گوڵان:** *هاوکات لەگەڵ ئاڵۆزبوونی بارودۆخی سوریا، لە عێراقیشدا کێشەکان ئاڵۆزتر بوون و لەلایەك کێشە لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە، لەلایەکی دیکەش لەنێوان عەرەبی شیعەو عەرەبی سوننە، ئایا تاچەند بارودۆخی ئاڵۆزی سوریا کاریگەری لەسەر کێشەکانی عێراق هەبووە؟*

**کاروان ئاکرەیی:** ماوەی دوو ساڵە سوریا بۆتە گرێ کوێرەی ناوچەکە و چاوەڕێی

کردنـــەوەی دەکرێت، لەگــەڵ کردنەوەی تابلۆی سیاســـی هەر یەك لەم وڵاتانەی دراوســـێ دەگۆڕێت بەتایبەتـــی عێراق، جگــە لـــەوەی دەوڵەتی عێــراق خۆی دەوڵەتێکی نائاســـایی بـــووە و دەوڵەتێك بووە کە دروســـتبوون و مانەوەی بەندبووە بەوەی سیاسەتی سەرکوتکردن و سەپاندن پیادە بکات، بەتایبەتی لەسەردەمی بەعس زۆر بەزەقـــی دەبینرا کە مانەوەی دەوڵەت مەبەستەو ناوەوەی ئەو دەوڵەتە و پێکهاتەو هاونیشـــتمانیانی ئەم دەوڵەتە چۆن دەژین و چۆن ناژین مەبەستیان نەبووە، ئێستاش بەداخەوە ئەم خولیایـــە لای حوکمڕانانی بەغدا هەستی پێ دەکرێت، ئایا حوکمڕانانی عێراق لە پێناوی چـــی بەمجۆرە ڕەفتار دەکـــەن؟ لەبەر ئـــەوەی دەیانەوێت ئەوەی کە لە دەستووردا هاتووە کە ڕەنگدانەوەی واقیعی پێکهاتەکانی ناو عێراق بیسڕێتەوە، واتە بگەڕێنەوە بۆ هەمان دۆخی جاران و


**خەڵکی کوردستان توانای بەردەوامبوونی لەگەڵ ئەم شێوە دەوڵەتە نابێت کە بەسەرکوتکاری درێژە بەتەمەنی خۆی بدات. چونکە نەهامەتی و تاڵی زۆری چێشتووە لەگەڵ ئەو ئەزموونە دواکەوتووە**

هەمان ئەو هاوکێشـــەیەی کە بەعس زۆر هەوڵیدا بەسەرکوتکردن خەڵك ناچار بکات ملکەچی دەوڵەتی مەرکەزیبن.

**گـــوڵان:** *بـــۆ ئـــەم پرســـیارانە هەموو ڕووبەڕووی خـــۆت نەکەینەوە، چونکە تۆ یەکێکی لەو ڕۆشـــنبیرانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٨ پێتوابـــووە عێراق هەنـــگاو بەرەو دیکتاتۆریـــەت دەنێت، ئـــەم بۆچوونەت لەکوێ سەرچاوە هەڵدەگرێت؟*

**کاروان ئاکرەیـــی:** لەبەر ئەوەی ململانێی شـــیعەو ســـوننە بە دامەزراوەیی سیاسی کـــراوە، بۆیە لێکەوتنـــەوەی بارودۆخەکە بەرەو گـــرژی و ئاکامـــی خراپتری لێ دەکەوێتەوە، پێشتر شیعە لە عێراقدا خاوەن

**شیعە مەزهەبەکان بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە سوریا ترسیان لێ نیشتووە و تینیان بۆ هاتووە. ئەو خولیایەی چەند ساڵە لەسەری ڕاهاتوون کە ئەوان زۆرینەن بە ڕووخانی ڕژێمی سوریا ئەم خولیایە لێی دەدرێت کە پێکهاتەکانی تر دەیقۆزنەوە**



تەوژمێکی سیاسی و بەرنامەی ئەوتۆ نەبوون، ڕاستە دەچەوسانەوە و ئەزموونێکی تاڵیشیان لەگەڵ حوکمڕانی سوننە لە عێراقدا هەیە، بەڵام ئێستا بە حوکمی ئەوەی کە پەیڕەوانی هەر دوو مەزهەب خۆیان ڕێکخستووە لەچوارچێوەی حزبە سیاسییەکانیانداو بەداخەوە حزبەکانیان ڕەهەندی مەزهەبییان زۆر بە زەقی پێوە دیارەو ئەم ململانێیە وا لە حوکمڕانان دەکات کە جۆرێك لە سیاسەت پیادە بکەن کە ئەوانی تر سەرکوت و کپ و بێ دەنگیان بکەن و ملکەچی ئیرادەی دەوڵەت ببن، لە عێراقی دوای ڕژێمی بەعس هەر چەندە دەستوور چارەسەرێکی تیۆری بۆ کردووە، بەڵام لە پراکتیکدا حوکمڕانان دیارە نەیانتوانیوە بچنە ژێرباری ئەو ڕاستیە کە عێراق لە چەند پێکهاتەیەك پێکهاتووەو ئەم پێکهاتانەش خاوەن بەرنامەو داواکاری و ئامانجی تایبەتی خۆیانن کە دەبێ ئەم دەوڵەتەی ناوی عێراقە ئەوەندە سینگ فراوان بێت و خاوەن سیستەمێکی حوکمڕانی ئەوتۆ بێت کە جێگەی داواکاری و ئامانجی هەمووان بێتەوە و پێکهاتەکانیش لەباوەش بگرێت و وەڵامیشیان بداتەوە، کە ئینتیمای پێکهاتەکان بۆ عێراق جێگیربێت و عێراق بە دەوڵەتی خۆیان بزانن، بەڵام بەداخەوە لە ٢٠٠٣ەوە تا ئەمڕۆ وا هەست دەکرێت خولیای تاکلایەنی و دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونە مێژووییەی تاکلایەنی حوکمڕانی سوننە ئەمجارە لەلایەن شیعەوە پیادە بکرێت، واتە هێشتا نەچوونەتە ژێرباڵی ئەم ڕاستیە کە تاکلایەنی لە حوکمڕانیدا لە بەغدا سەر ناگرێت و مەگەر پەنا بۆ دیکتاتۆریەت و سەرکوتکردن ببردرێت، لە ٢٠٠٨یش هەر ئەوەم وتووە یا دەبێت تۆ دان بەو ڕاستیە بنێیت کە یەك پێکهاتە ناتوانێت حوکم لە عێراقدا بکات، ئەگەر ویستی یاخود بیری لەوەکردەوە کە بۆ خۆی دەتوانێت بەتەنیا حوکم لە عێراق بکات، ئەوە دەبێت خەتێك بەسەر دەستوور دابێنیت و پەنا بۆ شێوازی دیکتاتۆریەت و ئەو ئەزموونە تاڵەی کە خەڵکی عێراق لەگەڵ بەعس بینیویەتی دووبارە ببێتەوە.

**گوڵان:** *وەکو هەڵوێستی سەرۆکایەتی هەرێم، بەتایبەتی کە جەنابی بارزانی ڕایگەیاندووە ئێمە دیکتاتۆریەت قبوڵ ناکەین و جەنابیشت دیکتاتۆریەت بە حەتمی دەزانیت، ئاکامی ڕەتکردنەوەی هەرێم و سووربوونی ناوەند لەسەرئەم تاك لایەنیە ئایا بەرەو کوێ دەچێت؟*

**حوکمڕانان لە عێراق نەیانتوانیوە بچنە ژێرباری ئەو ڕاستیە کە عێراق لە چەند پێکهاتەیەك پێکهاتووەو ئەم پێکهاتانەش خاوەن بەرنامەو داواکاری و ئامانجی تایبەتی خۆیانن**

**کاروان ئاکرەیی:** ئەگەر خولیای تاك لایەنی و خۆسەپاندن و کۆنترۆڵکردنی هەموو بوارەکانی ژیان سەر بگرێت، بێگومان دەبێت خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر دەستوردا بێت و، دەستوورەکەش بەشێوەیەك پرەنسیپی پێکەوەژیان دەستەبەر دەکات کە هەموو پێکهاتەکان بتوانن بەرژەوەندی و داواکاری و ئامانجە داهاتووەکانی خۆیان بخەنەڕوو و، بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتە بتوانێ هەڵسوکەوت لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی عێراقی بە شێوەیەکی پۆزەتیڤانە بکات، بەجۆرێك کە هەر سێ پێکهاتەکە دەوڵەتی عێراق بە هی خۆیان بزانن، بەڵام بەڕای من تائێستا ئەمە دروست نەبووە.

شیعە بەو بەشەی هەیانە لە خوارو ناوەڕاستی عێراق ڕازی نین و چاویان لە حوکمڕانی هەموو عێراقە، ئەمەیە کە بڕیار لە چارەنووسی دەوڵەتی عێراق دەدات کە وەکو دەوڵەتێك دەمێنێتەوە یا دابەش دەبێت، هاوکات بەڕای من ئەم گرفتە مێژووییەی کە کاتی خۆی بەشی کوردستان بەبێ ئارەزووی خەڵکی کوردستان بە عێراق لکێندراوە و ئەم هۆکارە مێژووییە ئێستاکەش حزووری هەیە، یا ئەوەتا خەڵکی کوردستان بە ئارەزووی خۆی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دەژیت و ئەو ئارەزووەی بەرجەستە بێت لە ماف و لە بەرژەوەندیەکانی یا ئەوەتا توانای بەردەوامبوونی لەگەڵ ئەم شێوە دەوڵەتە نابێت کە بەسەرکوتکاری درێژە بەتەمەنی خۆی بدات، چونکە نەهامەتی و تاڵی زۆری چێشتووە لەگەڵ ئەو ئەزموونە دواکەوتووە.

**گوڵان:** *سەبارەت بە مەسەلەی ڕووخانی ڕژێمی سوریا، هەندێ کەس دەڵێن ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد حەتمیە و مەسەلەکە کاتە و هەندێك کەسیش هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو کاتە درێژ بکەنەوە، بەڕای بەڕێزتان ئەگەر ڕژێمی سوریا ڕووخا بەشێوەیەکی گشتی تابلۆی سیاسی عێراق چۆن دەبێت؟*

**کاروان ئاکرەیی:** دوو گریمانە هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کە گرژی و توندوتیژی زیاتر سەرهەڵدا و ڕۆحیەتی سازش و پێکەوەژیان ئەوەندەی دیکە لاواز دەبێت، بۆ نموونە شیعە مەزهەبەکان بە ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە سوریا ترسیان لێ نیشتووە و تینیان بۆ هاتووە، ئەو خولیایەی چەند ساڵە لەسەری ڕاهاتوون کە ئەوان زۆرینەن بە ڕووخانی ڕژێمی سوریا ئەم خولیایە لێی دەدرێت کە پێکهاتەکانی تر دەیقۆزنەوە.

گریمانەی دووەم ئەوەیە کە واقیعبینی لە سیاسەتدا بێتە ئاراوە، واتە شیعەکان بگەنە ئەو ڕاستیە کە بەڵێ لەسەر ئەساسی مەزهەب ناتوانن حوکم لە هەموو عێراقدا بکەن، کەواتە ڕێگای سیاسی و دیالۆگ و لێك تێگەیشتن دەگرنەبەر و بە شەراکەت ڕازی دەبن، ئەمەش بەمانای ئەوەی کە مەفهومی شەراکەت نەك تەنیا بەسەر زارەکی باسی بکەن، بەڵکو دەبێت باوەڕی پێ بکەن و دەوڵەت لەسەر ئەساسی ئەم پرەنسیپە بونیاد بندرێتەو کە بێگومان کاریگەریەکی زۆر پۆزەتیڤی لەسەر داهاتووی عێراق دەبێت و ئەم گۆڕانکارییە بە هەر شێوەیەك بێت لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و کوردەکانی سوریاشە، بەڵام هەنگاوەکانی داهاتوو چ دەبن، ئەمە لە ڕاستیدا پێشبینی جیاجیای لێ دەکرێت لەپێش هەموویانەوە داننان بە بوونی نەتەوەیەکی خەسڵەت جیاواز و خاوەن خاك، لەناو هەیکەلیەتی دەوڵەتی داهاتوودا بەرجەستە بێت.

# سەدەی ڕێنیسانسی ئیسلامی

بۆچی سـەدەی پازدە سـەدەی ڕێنیسانسە لەئەوروپـا؟ پرسـیارێکە دەبێت بپرسـین لەبەر زۆر مەسـەلەی گرنـگ کە ئەویـش ئەوەیە: کاتێـك کەخـودی مەزهەبی کاسـۆلیکی، کە زەمانحاڵی ئەو هەزار سـاڵە بووە لـە ئەوروپادا، بـوو بوو بە مایـەی ئەوەی کە تێکشـانە یەك لـەدوای یەکەکانی پیاوانی کەنیسـەو فیوداڵ و ئەفتاعییـەکان، ئەم تێکشـکانە بوو بەمایەی ئەوەی کـە خەڵك بیر لەوە بکاتـەوە ئەم ئایینە بەم مەزهەبە کاسۆلیکیە ناتوانێت ئیدی بەرگەی گۆڕانکاریەکانی ژیـان بگرێت، بۆیە خەڵك ئەم مەزهەبەیان پرۆتیسـتۆکرد، پرۆتیسـتۆکردن و ئیدانەکردنی مەزهەبی کاسۆلیکی وەك زەمانحاڵی مەسیحییەت مەزهەبێکی تازەی لێکەوتەوە کەپێی دەڵێن مەزهەبی پرۆتستانت، پرۆتستانت داتاشراوە لەپرۆتستۆ و ئیدانە کردنی مەزهەبی کاسۆلیکی، ئـەم پرۆتسـتانتە نزیکتریـن مەزهەبێکە لەنێو مەزهەبە مەسیحیەکاندا لەئیسلامی ئێمەوە.

کەواتە ئەم پرۆتسـتۆ کردنـە کەی پەیدابوو؟ کاتێـك پەیـدا بوو کە هەسـتیان کرد ئیسـلام وەك ئاینێکی دی، ئاینێکە دەسـەڵاتەکانی تیا جیاکراوەتەوە، ئەمەش لەسـەدەی پازدەداو لە دوو ڕێگەی جیاوازەوە:

یەکەم: لەرۆژهەڵاتەوەو لە ناوەڕاستی سەدەی پانـزە کە ئەکاتە ١٤٥٣ میـلادی تیایدا محمد فاتیح پەریوەو قوستەنتینیەی گرت. فەتح کردنی قوستەنتینیەو کرانەوەی قوستەنتینیەو گەیشتنی سوپای عوسـمانیەکان بەناوەڕاستی ئەوروپا بوو بەمایەی ئەم پرسیارە کە ڕۆشنبیرانی ئەوروپا ئەم پرسـیارەیان بۆ دروست بوو : ئەوە بۆچی ئاینێك توانای ئەوەی هەیە خەڵکانێکی وەکو عوسمانییە موسـڵمانەکان وا لێبکات بەئایین پێشـبکەون ؟ بەئایین پیشەسازییان پێش بکەوێت، بەئایین تۆپ و جبەخانەی ئەوتۆیان هەبێت شوورەی پۆڵایینی قەڵاکانی نەمسـا بەو ئەسـتوریە کون بکات؟ ئەمە ئاینێکە لەگەڵ خۆیدا زانسـت و زانیاری لەگەڵ سـوپاکەدا هێناوەو بەنووسـین و بەقەڵەم لەبەرەکانی جەنگدا حیساباتی ورد دەکەن؟ ئالێرەوە پرۆتستانت پەیدا بووە. ئالێرە سەرەتای مەزهەبی پرۆتستانت بوو کە پرۆتستۆی کاسۆلیکیان کردو مەسیحییەکانیش گۆڕانکارییان کرد.

دووەم: لە دوای پەنجا سـاڵێك لەم سـەردەمە کە دەکاتـە (١٤٩٢)ی زایینی و، بوو بەمایەی ئەوەی کە ئەوروپیەکان لەڕێی فەرەنسـاوە بێنەوە نێـو ئەندەلـوس . هاتنی ئـەوان بۆئەندەلوس و ئاشنابوونیان بەوەی ئەوان لە تاریکی و لەناوچەی زەلکاو لەزۆنگاوەکاندا دەژیان و سەری یەکتریان دەبـڕی و شەڕوکوشـتاری یەکتریـان دەکرد، ئەندەلوسێکی پاك وخاوێن وەك ئێستای ئەوروپایان بینی، ئەندەلوسێك کەوا هەموو جادەو شەقامەکانی بەرد ڕێژ کراوە بەشێوەیەکی جوان، ئەندەلوسێك بەو شێوازەی کەوا سیستەمی بازاڕو شەقام وسیاسەت و شـیعرو ئەدەب و هەموو ئەم شتانە لەئەندەلوس دەبینران، ئەوسا لەرێگەی تەرجەمەکردنی گشت نووسـراوەکانی (ئیبنولروشـد)و ئەوانەش کە لە یۆنانییەوە وەرگێردرابوونە سەر زمانی عەرەبی و لەبەردەستدابوون لەئەندەلوس.

ئێستا ئێمە لەسـەدەی پازدەی کۆچیداین و، جیهانی ئیسلامییش هەمان نیشانەکانی سەدەی پـازدەی زایینی ئەوروپای لەخـۆ گرتووە، ئەم گەڕانەوە بۆ ئایینەش گۆڕانکاریی لەخۆ دەگرێت بەرەو کرانەوەو ئەم قۆناغی داخرانەی ئێسـتای تێدەپەڕێنێت، چونکە لە ئەسڵدا ئیسلام ئایینێکی داخراو نەبووە ؛ ئیسـلام خۆی دەسـەڵاتەکانی جیاکردۆتـەوە، مافی هاووڵاتـی بوون بە خاوەن ئایینەجیاوازەکان دەبەخشێت و، مافی کەسایەتی و مافی ئایندارێی و ئاینپەروەریشـی پاراستووەو جێگەی پەرستنی هەموو ئایینەکانی دیکەیشی کردۆتەوەو دەیانپارێزێت.

بۆیە ئیسلامییەکانی دوای بەهاری عەرەبییش خۆیان لەخۆیاندا پێویسـتیان بە نوێبوونەوەو تازە بوونەوە هەیە. چونکە ئەو فۆرمەی ئێستا حزبە ئیسلامیەکان کاری پێ دەکەن فۆڕمێکی بەسەر چووە، چ لە ڕووی کارکردنەوە کە شێوازێکی حزبی سیاسـییە بەپەیکەری سیسـتەمی تۆتالیتاری یەکێتیی سـۆڤیەتی جارانـەو کاری پێدەکرێ، لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە ئیسلام گەورەترە لە حزب، بۆیە پێویسـت بەوە دەکات حزبە ئیسـلامیەکان شـێوازی کارکردنیان یان بکەنە حزبێکی سیاسی مەدەنی نیشـتمانی بۆ گشت تاکەکان، یان ببێتە کۆمەڵەیەکی ئایینی کە کار بکات لەسەر گشت لایەنە ژیاری و ئەخلاقی و ڕەوشتییە گشتیەکانی ئیسلامەتی، لەبەر ئەوە حزبە ئیسلامیەکان خۆیان پێویستیان بە چاکسازی و نوێبوونەوەو تازەگەری هەیە.

لێرەوە لەم سەدەی پازدەی کۆچییەوە، جیهانی ئیسـلامیی لەقۆناغێکـی گواسـتنەوەدایە لە هەراو هۆریای سیاسـیی و ژاوەژاوی بانگەشە ئاینییەکانـی هەڵبـژاردن و شـموولییەت و تۆتالیتاریی ئایینییەوە بۆ ڕێنیسانسـی ئایینیی و ئیسلامێکی تۆلیرانسیی و کراوەو ئاشتیخوازو نیشتمانیی.

**ئەو فۆڕمەی ئێستا حزبە ئیسلامیەکان کاری پێ دەکەن فۆڕمێکی بەسەرچووە، چ لە ڕووی کارکردنەوە کە شێوازێکی حزبی سیاسییە بە پەیکەری سیستەمی تۆتالیتاری یەکێتیی سۆڤیەتی جارانەو کاری پێدەکرێ**


عەبدولڕەحمان سدیق

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**



*** هەست دەکرێت باردۆخی سوریا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزتر دەچێت، هەر ئەم ئاڵۆزییەش وایکردووە هەڵوێستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، ڕاڕاو گوماناوی بێت، ئایا تۆ چۆن سەیری ئەم ئاڵۆزییە دەکەیت؟**

- سەرەتا منیش پێم وایە بارودۆخی سوریا ئاڵۆزە و بەچەشنی بارودۆخی شوێنەکانی دیکە سادە نییە کە تێیاندا شایەتی ئەو ڕووداوانە بووبن کە پێیان دەووترێت بەهاری عەرەب. بارودۆخی سوریا ئاڵۆزە لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز، یەکەمیان بەهۆی پێگەی جوگرافی و جیۆستراتیجییەوە، کە هاوسنورە لەگەڵ چەند وڵاتێکی گرنگ، وەك لوبنان و ئیسرائیل و ئەردەن و تورکیا و عێراق، واتە هەر شتێك لە سوریا ڕوودات کاریگەریی هەیە و ئەگەری ئەوە هەیە کاریگەریی هەبێت لەسەر پەرەسەندنەکانی ئەم وڵاتانە، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتانەش خاڵی لێکچوونیان هەیە لە ڕووی پێکهاتەی تائیفی و ئیتنی و ئاینییەوە لە پەیوەندیدا بە گرووپە ئایدۆلۆژی و سیاسییەکانەوە، واتە ئەم وڵاتانە لێکچوونیان هەیە لەگەڵ سوریا لە پەیوەندیدا بە هاوکێشەی سیاسی و باری دانیشتوان و پێکهاتەی تائیفییەوە، ئەمەش نەك هەر کاریگەریی لەسەر سوریا هەیە، بەڵکو تاوەکو وڵاتانێکی زیاتری ناوچەکە ببنە بەشێك لەو کێشەیە، ئەوا ڕوداوگەلێکی زیاتری وڵاتەکانیان دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەم مەسەلەیەوە، ئەو کاتە ئەگەری زیاتر دێتەئاراوە کە ڕابکێشرێن بۆ ناکۆکی و شەڕێکی هاوشێوە. هۆکاری دووەم پەیوەستە بە بارودۆخی ناوخۆی سوریاوە، گومانی تێدا نییە کە موعارەزەیەکی زۆر هەیە لە ناوخۆدا دژ بە ڕژێمەکەی ئەسەد، کە پێیان وایە ڕژێمێکی گەندەڵکار و دەستڕێژیکارە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا گرووپگەلێك هەیە پشتیوانی لە ڕژێمەکە دەکەن، کەواتە دابەشبوونێکی زۆر زیاتر هەیە لە سوریا بە بەراورد بەو دابەشبوونەی لە لیبیا، و

**سوریا هاوسنورە لەگەڵ لوبنان و ئیسرائیل و ئەردەن و تورکیا و عێراق. هەر شتێك لە سوریا ڕوودات کاریگەریی هەیە و ئەگەری ئەوە هەیە کاریگەریی هەبێت لەسەر پەرەسەندنەکانی ئەم وڵاتانە**

لە هەمووشی گرنگتر لە میسر و تەنانەت لە تونسدا بینیمان، کە لەم وڵاتانەدا پشتیوانیەکی قووڵتر و بەرفراوانتر هەبوو بۆ موعارەزە بە بەراورد بە سوریا، لە سوریادا خەڵکانێك هەن دژ بە ڕژێمەکە و خەڵکانێکیش پشتیوانی لێدەکەن. هۆکارێکی دیکە کە بۆتە هۆی ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆز بێت، ئەویش مەسەلەی دەستێوەردانی دەرەکییە، ماوەیەکی زۆرە ئێمە ئەوە دەبیستین کە ڕژێمەکە لە ڕووخاندایە، تەنانەت ئێمە لە مانگەکانی سەرەتای ڕاپەڕینەکەدا ئەمەمان بیست، هەروەها پێشبینی ئەوە دەکرا کە لە ماوەی چەند هەفتەیەك یان چەند مانگێکدا ڕژێمەکە بڕووخێت، بەڵام ئەوە زیاتر لە ساڵ و نیوێکە ڕژێمەکە نەڕووخاوە، و بارودۆخەکە ئاڵۆزترە و ناکۆکییەکی توندوتیژتر لە ئارادایە، کە موعارەزە خاکی زیاتر کۆنترۆڵ دەکات و پشتیوانی زیاتر لەو چەکدارانەوە بەدەست دەهێنێت کە لە دەرەوەی سنوورەکانەوە دێن، هەندێکیان لە گرووپە ڕادیکاڵەکان و هەندێکیان لە گرووپە عەلمانی و ناسیۆنالیستەکانەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵام موعارەزە سەرکردایەتییەکی بەهێزی نییە، سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی نییە، بەڵکو چەند گرووپێکی موعارەزە هەن،

ئەدمۆند غەریب بۆ گوڵان:

# بەرووخانی رژێمی ئەسەد بەهاری عەرەبی دەگۆڕێت بۆ بەهاری کورد، ئەمەش گەورەترین گۆڕانکاری دەبێت لە ناوچەکەدا

**پرۆفیسۆر ئەدۆمۆند غەریب کە ئێستا توێژەری باڵایە لە مەڵبەندی مستەفا بارزانی لەناو سەنتەری ئاشتی لە زانکۆی ئەمریکا لە واشنتۆن، دیراسەتی کێشەی کورد لەسەر ئاستی جیهانی دەکات، هەروەها ئوستادی مێژوو و سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بەشی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەزانکۆی ئەمریکا و پێشتریش ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و عێراق و کێشەی کورد و میدیا بووە لە زانکۆی جۆرج تاون و زانکۆی ئیلۆت، پرۆفیسۆر غەریب خاوەنی کتێبی (بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردە و کێشەی کورد لەعیراق و هەروەها یەکێکە لە نوسەرانی کتێبی شەڕی کەنداو)، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای سوریا و ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی دوای رووخانی رژێمی ئەسەد لە ناوچەکە دێنە ئاراوە، پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر ئەدمۆند غەریبەوە کرد، بەسوپاسەوە کاتێکی تایبەتی بۆ دیاری کردین بۆ ئەوەی ئەم وتوێژە لەگەڵ گوڵاندا سازبکات:**

واتە بەرەیەکی یەکگرتوی نییە بۆ شەڕکردن یاخود تەنانەت بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕژێمەکەدا، بەڵکو چەندین جیاوازی هەیە لە نێوان موعارەزەی ناوخۆیی و موعارەزەی دەرەکیدا. لە سەرووی ئەوانەشەوە، ئەو نیگەرانییانەی لە نێو کەمینە ئاینی و ئیتنییەکاندا هەن، وەك پێکهاتەی مەسیحییەکان، عەلەوییەکان، دروزەکان و ئیسماعیلییەکان و سوننە عەلمانییەکان و کوردەکان، کە بەلای کەمەوە ژمارەیەکی زۆری کوردەکان نیگەرانن لە هەڵکشانی گروپە ڕادیکاڵیە ئیسلامییەکان لە سوریا، هەروەها گرووپگەلێك هەن کە پشتیوانی لە موعارەزەی ناسیۆنالیستی یان عەلمانی

> **لە میسر و تونس بینیمان پشتیوانییەکی قووڵتر و بەرفراوانتر هەبوو بۆ موعارەزە بە بەراورد بە سوریا. لە سوریادا خەڵکانێك هەن دژ بە ڕژێمەکە و خەڵکانێکیش پشتیوانی لێدەکەن**

دەکەن. لە پەیوەندیدا بە دەستێوەردانی دەرەکییەوە، ئەوا گومانی تێدانیە هەندێ لە هێزە دەرەکییەکان لە نێویاندا ئەمەریکا و فەرەنسا بە تایبەتی و هێزی دیکە داوایان لە سەرکردەکانی سوریا کردووە کە دەست لە دەسەڵات هەڵبگرن،...هەروەها پشتیوانییەکی زیاد هەیە بۆ موعارەزە، ئەگەرچی ئەمە بۆتە هۆی بەرفراوانکردنی ناکۆکی و شەڕەکە، بەڵام کۆتایی پێنەهێناوە، لەبەر ئەوەی هێزگەلێکی دیکەش هەن کە پشتیوانی لە ڕژێمی سوری دەکەن، کەواتە ناکۆکیی سوریا هەر تەنها ناکۆکییەکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو ئیقلیمیشە و لە هەموشی گرنگترە بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە ناکۆکییەکی نێودەوڵەتی، هەموو ئەم ڕەهەندانە بوونەتە هۆی ئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵیدا ئاڵۆزتر و قورستر بێت. ڕۆژئاوا و ئەمەریکا دووڵبوونە لەوەی بە شێوەیەکی سەربازی دەستێوەردان بکەن، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێکی جیاواز، یەکەمیان ئەوەیە خواستێك نییە لە نێو ئەم وڵاتانەدا بۆ دەستێوەردان، ئەویش بەهۆی تێچوونی شەڕی عێراق و شەڕی ئەفغانستانەوە لە پەیوەندیدا بە خوێن و داهاتەوە، هەروەها بە سومعەی ئەمەریکاوە، لە ئەمەریکادا

گرووپگەلێك هەن باوەڕیان بە دەستێوەردانە و باوەڕیان وایە ئەگەر دەستێوەردان بکرێت ئەوا ڕەنگە ڕژێمەکەی ئەسەد خێراتر دەڕووخێت و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ناکۆکییەکە بە شێوەیەکی خێراتر کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵام گرووپگەلی دیکە هەن کە دوودوڵن و پشتیوانی (موعارەزە) دەکەن و خوازیارن پشتیوانی بکەن، بەڵام نایانەوێت دەستێوەردانی سەربازی بکرێت، وەك سەرۆکی ئەرکانی سوپای ئەمەریکا و چەند فەرماندەیەکی باڵای سەربازی و چەند بەرپرسێکی ڕەسمی هۆشداریانداوە کە سەپاندنی ناوچەی دژەفڕین- هەروەك ئەوەی موعارەزە و هەندێ وڵاتی دیکە

> **هەندێکیان لە گرووپەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا ڕادیکاڵەکان و هەندێکیان لە گرووپە عەلمانی و ناسیۆنالیستەکانەوە سەرچاوە دەگرن. بەڵام سەرکردایەتییەکی بەهێزیان نییە**




داوایان کردووە- بە چەشنی لیبیا ئاسان نابێت، ئەویش لەبەر ئەوەی سوریا سیستمی بەرگری ئاسمانی بەهێزتری هەیە و لەبەر ئەوەی سوریاش بچووکترە ئەوا ئەمەریکا ناچار دەبێت سیستمەکانی بەرگری ئاسمانی و موشەکی دژە فڕۆکە تێکبشکێنێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی قوربانییەکی زۆری مەدەنی لێبکەوێتەوە، ئەمەش مەسەلەیەکی لە ڕادەبەر هەستیارە لە ڕووی سیاسییەوە و دەرئەنجامی گەورەی لێدەکەوێتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ناوچەی دژە فڕین نەبێت ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ ناکۆکییەکی گەورەتر و بۆ دەستێوەردان، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکان کە ئەمەریکا زۆر پەرۆشی نەبێت بۆ دەستێوەردان و ڕای گشتیش زۆر بە حەماس نەبێت بۆ ئەوەی دەستێوەردان بکرێت، ڕەنگە ئێمە لە کۆتاییدا ئەمە نەبینین، بەڵام ئەگەری ئەوە نییە لە ئاییندەیەکی نزیکدا ڕوبدات، ئەمە سەرەڕای کاریگەریی ڕووداوەکانی لیبیا، لە کوشتنی باڵیۆز و بەرپرسەکانی دیکە و خۆپیشاندانەکان، پێدەچێت هەندێ لەو گرووپانەی کە سەرکردایەتیی ئەم کۆمەڵە ڕادیکاڵە ئاینیانە دەکەن، سەرچاوەی نیگەرانی هەندێ لە بەرپرسەکانی ئەمەریکا، واتە ئەم سەرکردانە نیگەرانن لە پشتیوانیکردن و دەستێوەردان لە بەرژەوەندیی ئەو گروپانەی کە ئێستا دژ بە ئەمەریکان.

*** ئەوە تا چەند ڕاستە کە بارودۆخی سوریا گرێدراوە بە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمەریکاوە، واتە تاوەکو ئەو هەڵبژاردنە کۆتایی نەیەت کار لەسەر دۆسیەی سوریا ناکرێت؟ ئەگەر وابێت ئایا ڕەوایە چارەنووسی گەلێك گرێبدرێتەوە بە هەڵبژاردنی وڵاتێکەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی لە ناوخۆی وڵاتەکەدا- لە ئەمەریکا- ڕوودەدات کاریگەریی زیاتری هەیە، هەم لەسەر ئەوانەی پاڵپشتی دەستێوەردان دەکەن و هەم لەسەر ئەوانەی دژی دەستێوەردان دەوەستنەوە، خەڵکانێك هەن باوەڕیان وایە دەستێوەردانی ئەمەریکا لە سوریا خزمەت بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمەریکا ناکات، لە کاتێکدا کەسانی دیکە هەن کە باوەڕیان وایە دەبێت ئەمەریکا دەستێوەردان بکات یاخود بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی ئەو کەسانەی دژی ڕژێمێکی سەرکوتکار دەوەستنەوە.... مەسەلەکە ئەوەیە بیروبۆچونی جیاواز هەیە لە ئەمەریکادا، ئێستا ئەوانەی زۆر ڕەخنە لەو کەسانە دەگرن کە بەرهەڵستی دەستێوەردان دەکەن هەڵوێستیان بەهێزتر دەبێت، لەوەش گرنگتر هۆکاری دیکە هەن کە بریتییە لە هەڵوێستی وڵاتانی دیکە، وەك ڕوسیا و چین و ئێران، کە زۆر دوودڵبن و بگرە ڕەخنەیان لە دەستێوەردانی دەرەکی گرتووە و بانگەشەی ئەوە دەکەن هەر جۆرە دەستێوەردانێك پێشێلکارییە دژی یاسایی نێودەوڵەتی و میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەمەش وادەکات بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بێت. ئەمەریکا بەرژەوەندیی خۆی هەیە کە ئێستا لە شەڕدایە لە ئەفغانستان کە پێویستە تا ڕاددەیەکی دیاری کراو بۆچوونی ڕوسیا و چین لەبەرچاو بگرێت. ئەوەی دەمەوێت بیڵێم

**سەرکردایەتییەکی یەکگرتوویان نییە، بەڵکو چەند گرووپێکی ئۆپۆزسیۆن هەن. ئەم گرووپانە نە بۆ شەڕ یەکگرتوون نە بۆ دیالۆگ لەگەڵ ڕژێم هاو هەڵوێستن**

**کێشەی سوریا هەر تەنیا کێشەیەکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو ئیقلیمیشە و لە هەمووشی گرنگترە بەرەو ئەوە دەچێت ببێتە ناکۆکییەکی نێودەوڵەتی**

**ئەمەریکا بەرژەوەندیی خۆی هەیە کە ئێستا لە شەڕدایە لە ئەفغانستان کە پێویستە تا ڕاددەیەکی دیاری کراو بۆچوونی ڕوسیا و چین لەبەر چاو بگرێت**





**هەندێ لە شیکەرەوەکان باسیان لەوە کردووە ئەوەی لە سوریادا ڕوودەدات، نەك هەر دەبێتە هۆی بەهێزکردنی خەونی کوردەکانی سوریا، بەڵکو کوردەکانی دەرەوەی سوریاش. کەواتە ئەمەش زیاتر دەبێتە بەهاری کورد هێندەی ئەوەی بەهاری عەرەب بێت. ئەوەی ڕوونە کێشەی کورد فاکتەرێکە و ئێستا کێشەی کورد هاتۆتە پێشەوە**


ئەوەیە بارودۆخەکە لە سوریا زۆر ئاڵۆزترە، هەروەها ڕەنگە دەستێوەردان ناکۆکی و شەڕەکە خوێناویتر بکات و وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش ڕابکێشێتە شەڕەکەوە و دەرئەنجامی نەزانراوی لێبکەوێتەوە بۆ خەڵکی ناوچەکە و خەڵکی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی. کەواتە نیگەرانی هەیە لەبارەی پرسی دەستێوەردانەوە.

*** ئایا گەورەترین گۆڕانکاری چی دەبێت ئەگەر ڕژێمی سوریا بڕووخێت و ئایا کوردەکان چەند سوودمەند دەبن لە ڕووخانی ئەو ڕژێمە؟**

- هەروەك پێشتر باسم کرد هێزی جیاواز هەن لە ناوچەکەدا کە هەڵوێستی جیاوازیان هەیە لە ئاست سوریادا، هەر یەکەکیان لە ڕوانگەی خۆیەوە سەیری مەسەلەکە دەکات، تەنانەت تێڕوانینی کوردەکانیش یەك نییە، چەندین کورد هەن لە سوریا دژی حکومەتی تورکیان و زۆر نیگەرانن لەبارەی ئەوەی لە ناوخۆی تورکیادا ڕوودەدات و ئەو سیاسەتەی ڕژێمی تورکیا لە ئاست کوردەکانی سوریادا گرتویەتیەبەر، هەروەها کوردانی دیکەش هەن کە پشتیوانی لە موعارەزە سوری دەکەن و بەشداریان کردووە لە چالاکییەکانیدا، هەلومەرجی نوێی ناوچەکە دەرفەتی نوێی بۆ کوردەکان هێناوەتەپێش، بەڵام مەترسیشی لەسەر دروست کردوون، هەندێ لە شیکەرەوەکان باسیان لەوە کردووە ئەوەی لە سوریادا ڕوودەدات، نەك هەر دەبێتە هۆی بەهێزکردنی خەونی کوردەکانی سوریا، بەڵکو کوردەکانی تورکیا و دەرەوەی تورکیاش. هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی نیگەرانی ببیستین لەلایەن هەندێ لە شیکەرەوەکانی ئەمەریکا لەبارەی ئەوەی لە ئایندەدا لە تورکیا ڕوودەدات، لەبەر ئەوەی دانیشتوانی کوردی تورکیا زۆر زیاترە لە کوردەکانی وڵاتانی دیکە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی داواکاری بۆ ئەوەی مافی خۆبەڕێوەبەرییان هەبێت»ئۆتۆنۆمی«، کەواتە ئەمە زیاتر دەبێتە بەهاری کورد هێندەی ئەوەی بەهاری عەرەب بێت. کەواتە ئەوەی ڕوونە کێشەی کورد فاکتەرێکە و ئێستا کێشەی کورد هاتۆتەپێشەوە و ئەمە یەکێکە لە گەورەترین کێشەکانی سەدەی بیست و یەك، لە ڕاستیدا دوو کێشەی سەرەکی ڕووبەڕووی هەوڵەکانی پەرەپێدانی دیموکراسی و هێنانەدی کرانەوەی زیاتر لە ناوچەکە بوونەتەوە، ئەوانیش کێشەی کورد و کێشەی فەڵەستینە، کە ئەم دوو کێشەیەش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەمێننەوە، تا ئەو کاتەی بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دادپەروەرانە چارەسەر دەکرێن، واتە بە شێوەیەك کە بەرژەوەندی و نیگەرانییەکانی کوردەکانی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت، ئیتر لە سوریا بێت یان ئێران یان عێراق یان هەر شوێنێکی دیکە، ئەوەی پەیوەندیی بە کێشەی فەڵەستینیشەوە هەبێت، ئەوا تاوەکو ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت بە چەشنێك نیگەرانی و بەرژەوەندیی فەلەستینییەکان لەبەرچاو بگیرێت، ئەوا گرژی و ناکۆکی بەردەوام دەبێت.



## ڕالف پیتەرز بۆ گوڵان:

# ئەگەر دەستوور جێبەجێ نەکرێت کورد ناتوانێت لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە

**ڕالف پیتەرز بێجگە لەوەی کۆلۆنیڵی بووە لە سوپای ئەمریکا، نووسەر و ستراتیژزانی ئەمریکایە و ئەو کەسەیە کە نەخشەی کوردستانی سەربەرخۆی لەسەر نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دیاریکردووە، لەبواری توێژینەوەش خاوەنی ٢٣ کتێب و زیاتر لە ٦٠٠ ستوون و وتارە لە ڕۆژنامە جیهانیەکاندا،ماوەی ٢٢ ساڵ وەك ئەفسەر لەڕیزی سوپای ئەمریکا حزمەتی کردووە و زۆربەی ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەڕاوەو چەندین جار سەردانی عێراقی کردووەو نزیکەی ٥ کتێبی لەسەر عێراق نووسیوە، هەروەها پیتەرز لەسەر ئاستی جیهان خۆی وەك دۆستی کورد پیشانداوە و ئومێدی ئەوەیە کوردستانی سەربەخۆ ببینێت، بۆقسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عیراق و ناوچەکە و پێگەی کورد لە هاوکێشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ سازکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.**



*** بەم دواییە شاندێکی باڵای ئەمەریکا سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەمەریکا دەیەوێت بایەخ بدات بە هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکان لە ئاستێکی باڵادان. ئێوە چۆن لە سیاسەتی ئێستای ئەمەریکا دەڕوانن لە ئاست هەرێمی کوردستاندا؟**

- وای دەبینم پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکاو کوردستان بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی ئیجابین، جێی داخە بۆ من کە بایەخدان بەم پەیوەندییانە نەبۆتە ئەولەویەتێکی باڵا بۆ واشنتۆن. هێشتا کوردەکان لە ئەمەریکادا دۆستی زۆریان هەیە، بەڵام ئیدارەی ئۆباما خوازیارە هەموو شتێك لەبیربکات کە پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت.

ئەو کاتەی سەرۆك ئۆباما دەسەڵاتی گرتەدەست، بایەخێکی کەمی بە سیاسەتی دەرەوە دەدا و هیچ تێگەیشتنێکیشی لەبارەیەوە نەبوو. بەلای ئەوەوە، عێراق تەنها پرسێکی سیاسی بوو کە دەیتوانی بۆ قازانجی خۆی بەکاری بهێنێت. ئەو نە لە ڕابردوودا و نە لە ئێستاشدا بایەخ بە خەڵکی عێراق یان کوردستان نادات. بەڵگەش بۆ ئەمە دەستبەرداربوونی بوو لە عێراق، کە ڕێگەیدا حکومەتی بەغدا بکەوێتەوە ژێر کاریگەری گەورەی دەستڕۆیشتوویی ئێرانەوە، هەروەها جەمسەرگیریەکی زیاتر لە نێوان شیعە و سوننە و کورد و عەرەبی عێراقدا دروست بوو. بێگومان پێویستە کورد ژیرانەو شارەزایانە مامەڵە لەگەڵ هەر هێزێکی دەرەکیدا بکەن کە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا هەیە، بەڵام پێم وایە کارێکی گێلانەیە ئەگەر هەر سەرکردەیەکی کورد متمانە بە ئێران بکات. هەروەك ئێوە دەزانن، فارسەکان، کە بەشی هەرە گرنگی دانیشتووانی ئێران پێکدەهێنن، بە چاوێکی نزمەوە سەیری کورد دەکەن و بە پلە نزمیان دەزانن(هەروەها فارسەکان بە چاوێکی نزمەوە لە عەرەبیش دەڕوانن)

باوەڕم وایە تاران خۆشحاڵ دەبێت بە بەکارهێنانی کورد بۆ مەبەست و مەرامەکانی خۆی، بەڵام بە ڕقەوە لەو ئازادییانە دەڕوانن کە تازە کورد لە چوارچێوەی عێراقدا بەدەستیان هێناوە. بە کورتی، کورد دۆستیان لە واشنتۆن و ئەمەریکا هەیە، بەڵام نەك لە نێو ئیدارەی ئۆبامادا کە نەزانیی ئەم ئیدارەیە مایەی کارەساتە.

*** پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا لە دۆخێکی باشدانین، سەرۆك وەزیران، مالیکی ئامادە نییە ئیعیتراف بەو مافانەی کورد بکات کە لە دەستووردا چەسپێنراون بۆ ئەوەی وەك هەرێمێکی فیدراڵی مومارەسەی کاری خۆی بکات، هەروەها ڕێز لە دەستوور ناگرێت، پرسیارەکە ئەوەیە چی بکرێت بۆ ئەوەی مالیکی ملکەچی دەستوور بێت؟**

- پشتیوانیکردنی بێمەرجی مالیکی لەلایەن ئەمەریکاوە هەڵەیەکی کوشندە بوو، بەڵام دوبارەی دەکەمەوە، ئیدارەی ئۆباما بە ڕقەوە لە عێراقی دەڕوانێ، لەبەر ئەوەی پێی وابوو عێراق «شەڕی جۆرج بۆشە» و خوازیاربوو بە زووترین کات هێزەکانی لەو وڵاتە بکێشێتەوە. ئەمە کارێکی شەرمهێنەر بوو، هەروەك ئەوەی ئێستا دەبینین. ئەو کاتە دۆخەکە زۆر باشتر بوو بۆ کورد کە جەنەراڵە ئەمەریکیەکان نفوزیان هەبوو لە عێراقداو مومارەسەی ئەم نفوزەشیان دەکرد. ئێستا تەنیا دیبلۆماتکارە ئەمریکیەکان لە عێراقدا ماون، کە کەسانێکی لاوازن و سەقامگیری بۆتە خەون و خولیایان،بە زۆری کەسانێکی بێئەندازە بێئاگان، بە زۆری ترسیان هەیە لە جێهێشتنی باڵیۆزخانەکەیان بۆ ئەوەی ئاشنابن بە خەڵکی عێراق و ڕاستیەکانی شەقام. لەبەر ئەوە هەرگیز نەمبینیوە ئەمەریکا ئەوەندە هاوکاربێت لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ مالیکی، بەلای کەمەوە، تا ئەو کاتەی ئیدارەیەکی نوێ لە واشنتۆن دەسەڵات دەگرێتەدەست. ئەوەی پەیوەندی بە مالیکیەوە هەبێت، ئەوە ئاشکرایە کە ئەو خوازیاری دیموکراسی نییەو خولیای بە بەهێزکردنی دەسەڵاتی شیعەیەو لە دژی عەرەبی سوننەو کوردەکانە. ئەو زیاتر و زیاتر وەك سەرکردە بەهێزە عەرەبەکانی سەردەمی ناسیۆنالیستی ڕەفتار دەکات. بە دڵنیاییەوە، پارتەکانی موعارەزەی عێراق بێ ئاگایانە ڕەفتار دەکەن، ئامادەی یەکگرتن نین بۆ ئەوەی فشاردروست بکەن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازادو بێگەرد کە پاڵێوراوێکی بەدیلی بەهێز بۆ مالیکی بخەنەڕوو. ئەمەریکا وای پیشاندا کە مالیکی کەسێکی دیموکرات بووە، بەڵام عێراقێکی بۆ کەسانێکی تاکڕەو جێهێشتووە بۆ ئەوەی حوکمڕانی حوکمەتی بەغدا بکەن.

*** جیاوازییەکی دیکەی هەرێمی کوردستان و بەغدا ئەوەیە بارزانی پشتیوانی خەڵکی سوریا دەکات و مالیکی پاڵپشتی مانەوەی ئەسەد دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی مالیکی لەگەڵ مانەوەی ئەسەددایە؟**

- لەبەر ئەوەی ئێران پشتیوانی ئەسەد دەکات

**پێویستە کورد ژیرانەو شارەزایانە مامەڵە لەگەڵ هەر هێزێکی دەرەکیدا بکەن کە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا هەیە**

**ئیدارەی ئۆباما بە ڕقەوە لە عێراقی دەڕوانی، لەبەر ئەوەی پێی وابوو عێراق « شەڕی جۆرج بۆشە» و خوازیاربوو بە زووترین کات هێزەکانی لەو وڵاتە بکێشێتەوە**

**ئەگەرچی دیبلۆماتکارە ئەمەریکیەکان بە زۆری کەسانێکی نەشارەزان، بەڵام ئەو سەربازانەی ئەمەریکا کە لە عێراقدا خزمەتیان کردووە ڕێزێکی گەورەیان هەیە بۆ کوردو بە چاوێکی دۆستانەوە لە کورد دەڕوانن.**

**ئەوەی پەیوەندی بە مالیکیەوە هەبێت، ئەوە ئاشکرایە کە ئەو خوازیاری دیموکراسی نییەو خولیای بە بەهێزکردنی دەسەڵاتی شیعەیەو لە دژی عەرەبی سوننەو کوردەکانە**




مالیکیش هاوپەیمانی ئێرانە، ئەوا مالیکیش پاڵپشتی لە ئەسەد دەکات. سوریا دوایین هاوپەیمانی عەرەبی ئێرانە و بە نائومێدیەوە دەیەوێت پاڵپشتی ڕژێمی ئەسەد بکات. هەندێك خەو بە هیلالی شیعیەوە دەبینن کە لە ئێرانەوە درێژدەبێتەوەو بە عێراق و سوریادا تێدەپەڕێت، تا دەگاتە لوبنان و حزبوڵڵا. بە دەربڕینێکی دیکەوە، ئێران سوریا بە وڵاتێکی گرنگ دەزانێت، لەبەر ئەوەی عێراق دەکەوێتەژێر نفووزی تەهرانەوەو، ڕێگایەك دەکاتەوە بەرەو دەریای سپی ناوەڕاست. لە کۆتاییدا، مالیکی پاڵپشتی ئەسەد دەکات، لەبەر ئەوەی ئێران خوازیاری ئەوەنییە لەسەر سنوری عێراقدا وڵاتێکی ئازاد و دیموکرات بێتەئاراوە کە سوننەکان باڵادەستبن بەسەریدا. یەکەم شت مالیکی شیعەیە، دووەم عەرەبە، و سێیەم عێراقیە- - ناتوانین سیفەتی

**«شەڕێکی ناوخۆی» مەزن لە نێو ئیسلامدا دەبینین. مەبەستم ململانێی نێوان سوننە و شیعە نییە. بەڵکو ململانێی هەمەلایەن لەسەر دواڕۆژی باوەڕەکەیە**

دیموکراتی بوون بدەینە پاڵ مالیکی، لەبەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەك دیموکراتی نییە.

*** ئێوە ئاگاتان لە هەڵوێستی بارزانیە کە پێداگیری لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور دەکات و وتویەتی» ئەگەر دەستوور جێبەجێ نەکرێت ئەوا ئێمە ناتوانین لە عێراقێکدا بژین کە دەستوور پێشێل دەکات و دیموکراتیانە ڕەفتار ناکات.» تا چ ڕادەیەك ئەمەریکا لەم هەڵوێستەی بارزانی تێدەگات؟**

ـ حکومەت ئەمەریکاو باڵە دیبلۆماسیەکەی، وەزارەتی دەرەوە، تێگەیشتنێکی باشیان نییە لە ئاڵۆزییەکانی بارودۆخەکە. بەڕێز بارزانی سەد لە سەد ڕاستە لەم مەسەلەیەدا، راستە ئەگەر دەستوور جێبەجێ نەکرێت کورد ناتوانێت لەگەڵ عیراق بمێنێتەوە، بەڵام دیبلۆماتکارەکانی ئەمەریکا ترسیان لە ناسەقامگیری هەیە(مالیکیش ئیستیغلالی ئەو ترسە دەکات) و نایانەوێت پێوەندیەکانیان لەگەڵ بەغدا تێکبدەن ئەگەرچی حکومەتی مالیکی زیاتر تەفزیلی ئێران دەکات نەك ئەمەریکا و هێزە ڕۆژئاواییەکانی دیکە. ئەولەویەتی سەرۆك ئۆباما ئەوەیە دۆخەکە بە هێمنی بمێنێتەوە، نەك پاڵپشتی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، یان ئازادی بکات. تەنانەت لە ئێستاشدا ئۆباما هاوسۆزە لەگەڵ عەرەبەکاندا، نەك لەگەڵ کورد (پێم وانییە سەرۆك ئۆباما تێگەیشتنێکی بنەڕەتی هەبوبێت لەبارەی بارودۆخی کوردستانەوە).

*** هەموو کەسێك پێشبینی گۆڕانکاری گەورە دەکەن لە دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، ئایا تا چەند کوردەکان سوودمەند دەبن لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، بە تایبەتی دوای ڕوخانی ڕژێمەکەی ئەسەد؟**

ـ دوو مەسەلەی جیاواز هەیە لەم بوارەدا. یەکەم، کەوتنی دیکتاتۆرێکی دیکەی بەعسی دەرفەت والا دەکات بۆ کورد بۆ ئەوەی ئازادی زیاتر بەدەست بهێنن بۆ خۆیان. زۆربەی کات، ناسەقامگیری لەم چەشنە سوود بە کورد دەگەیەنێت، کە سەرکردەکانی لێهاتوون لە ئیستیغلالکردنیدا. هەروەها مەسەلەیەکی گەورەتر هەیە، زۆر گەورەترە: ئەو شۆڕشانەی بە «بەهاری عەرەب» ناسراون کە وڵاتە عەرەبیەکانی گرتەوە بوونەهۆی «هەڵتەکاندنی بناغەی» ڕژێمە سەرکوتکارەکان کە لە سەردەمی

**نە دوژمنایەتیەکان و نە هاوپەیمانێتیەکان هەمیشەیین. بۆیە پێویستە کورد کار لەگەڵ هەموولایەکدا بکات. بەڵام متمانە بە کەس نەکات.**




ناسیۆنالیستی عەرەبیدا (ناسر، ئەل ئەسەد، سەدام حوسێن و هاوشێوەکانیان) سەریانهەڵدا، بەڵام ناسیۆنالیستی عەرەبی لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا گەشەی کرد، لە پەنجا بۆ شەست ساڵی ئەو ماوەیە دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو. ئەم شتانە پێویستیان بە کاتە بۆ ئەوەی جێی خۆیان بگرن. لە ئێستادا، هەموو کەسێك لە ڕۆژئاوا بە بێئارامییەوە دەیانەوێت دەرئەنجامەکانی ڕاپەڕینەکانی عەرەب بزانن، بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە کە ئێمە دەرئەنجامی کۆتایی « بەهاری عەرەب» بەلای کەمەوە بۆ ماوەی پەنجا ساڵی دیکە یاخود ڕەنگە سەدەیەکی دیکە نەزانین. ئەمە سەردەمی قەیرانگەلێکی گەورەیە بۆ عەرەبەکان، کە دەبێت بڕیاربدەن، ئایا دەیانەوێت بەرەوپێشەوەبچن و لە کۆتاییدا بچنە پاڵ جیهانی مۆدێرن، یاخود لە قوڕی دەمارگیری و شکستدا بچەقن. لەوەش زیاتر، ئێمە «شەڕێکی ناوخۆی» مەزن لە نێو ئیسلامدا دەبینین. مەبەستم ململانێی نێوان سوننە و شیعە نییە، بەڵکو ململانێی هەمەلایەن لەسەر دوارۆژی باوەڕەکەیە، تەنانەت مشتومڕێکی توندوتیژ هەیە لەبارەی ئەوەی ئایا ئیسلام قابیلەتی ئەوەی تێدایە ببێتە باوەڕێکی مرۆڤدۆست و لێبووردە، یاخود هەنگاو بۆ دواوە هەڵدەگرێت بەرە و خورافەت و دەمارگیری. ڕۆژئاوا هیچ دەسترۆیشتوییەکی نییە بەسەر ئەو مەسەلەیەوە. موسڵمانەکانی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان دەدەن و ئەمەش ململانێیەکی سەخت دەبێت.

**تەواوی جیهان بە سەرسامییەوە لەو پێشکەوتنە بەرچاوانە دەڕوانن کە خەڵکی کوردستان بەدەستیان هێناوە**

*** تورکیا ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت لە ناوچەکەو لە بەهاری عەرەبیدا. پێوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان لە بارێکی زۆرباشدایە لە ئێستادا. تا چ ڕادەیەك تورکیا گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان لە هەلومەرجێی ئێستادا؟**

- تورکیا بێئەندازە گرنگەو من زۆر زۆر خۆشحاڵم کە دەبینم سەرکردەکانی کورد ئەوەندە ژیرو لێهاتوو بوونە کە پەریان بەم پێوەندیانە داوە. هەروەها دەبێت ئەوە بڵێم کە سەرکردەکانی تورکیا لەوە زیرەکتر بوون کە من پێشبینیم دەکرد. بە دڵنیاییەوە ئەوە هۆکارێکی یارمەتیدەرە کە تورکیا داهاتێکی زۆر لەم پێوەندیانە بەدەست دەهێنێت، بەڵام ئەمە هەموو مەسەلەکە نییە. من دوو شتی دیکە زیاد دەکەم. یەکەم نە دوژمنایەتیەکان و نە هاوپەیمانێتیەکان هەمیشەیین، دووەم، پێویستە کورد کار لەگەڵ هەموولایەکدا بکات، بەڵام متمانە بە کەس نەکات.

*** دوا وشەو دوا پەیامت چییە لەرێی گوڵانەوە بۆ خەڵکی کوردستان؟**

- من هەمیشە خوازیاری باشترین دەرئەنجام بۆ کورد لە خەباتی دوورودرێژیاندا لە پێناو ئازادیدا. ئەگەرچی دیبلۆماتکارە ئەمەریکیەکان بە زۆری کەسانێکی نەشارەزان، بەڵام ئەو سەربازانەی ئەمەریکا کە لە عێراقدا خزمەتیان کردووە ڕێزێکی گەورەیان هەیە بۆ کوردو بە چاوێکی دۆستانەوە لە کورد دەڕوانن. لە کۆتاییدا، تەواوی جیهان بە سەرسامییەوە لەو پێشکەوتنە بەرچاوانە دەڕوانن کە خەڵکی کوردستان بەدەستیان هێناوە.

**کەوتنی دیکتاتۆرێکی دیکەی بەعسی دەرفەت واڵا دەکات بۆ کورد بۆ ئەوەی ئازادی زیاتر بەدەست بهێنن بۆ خۆیان. زۆربەی کات، ناسەقامگیری لەم چەشنە سوود بە کورد دەگەیەنێت**


كلنا
معًا

# ئایا هاوپەیمانی سیاسیی تازە لە میسر..توانای ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئیخوان موسلمینی دەبێت؟

ئەسما حوسەیینی/قاهیرە



لــەم دواییــەدا ئاراســتەیەکی تــازە لە گۆڕەپانی میســردا ســەری هەڵدا،هێزو حزبە سیاسییەکان ئەوانەی سەر بە ڕەوتی ئیسلامی نین لە میســر دەستیان کرد بە ڕێکخســتنی هاوپەیمانێتیی نێوانیان، بۆ ئەوەی بگەنە هەماهەنگییەك و ململانێی سیاســییان لە ماوەی داهاتووی میسردا بــۆ مســۆگەر بــکات، بە ئاراســتەی ســەرکەوتنی ئیســلامییەکان وگەیشتنی یەکــەم ســەرۆکی ئیخوان بــە لووتکەی دەســەڵات و لەکاتێکدا میســریش بەرەو ریفراندۆمێکــی میللی تایبەت بە ماددەو دەقەکانی دەستوور هەنگاو دەنێت، تا دواتر بچنە نێو گۆڕەپانی شــەڕێکی سەختی هەڵبژاردنــەوە بۆ هەڵبژاردنــی نوێنەری تــازەی ئەنجوومەنــی گەل(پەرلەمــان) دوای ئــەوەی دوا پەرلەمانی بە فەرمانی دادگا هەڵوەشــایەوە، کــە وا چــاوەڕوان دەکرێــت ئــەم هەڵبژاردنە لــە کۆتایی ئەمساڵدا ئەنجام بدرێت،ئەم هەڵبژاردنەش لە شــەڕێکی قورس دەچێــت کە ئیخوان موســلمین هەوڵدەدات بە هەمووهێزێکییەوە بەشداری بکات بە مەبەستی گەڕاندنەوەی هەژموونــی خۆی بەســەر دەســەڵاتی یاسادانان و تەواو داگیرکردنی پۆستەکانی حوکــم و بریــار لە میســر. ئەمەش دوا دەرفەتە بۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی میسر بە جیاوازیی بۆچوونەکانیانەوە تاکو بەرەو ڕووی هەژموونی ئیخوان ببنەوە و بتوانن کۆنترۆڵی جومگەکانی دیکەی دەوڵەت و کاروباری ژیان بکەن.

ئــەم هەوڵانــەی حزبەکانــی میســر و هاوپەیمانەکانیان جۆرە گەشــبینییەکی بە دیمەنی سیاسیی میسر بەخشی، بەوەی کە توانایەك دێتە ئاراوە کە ڕکابەریی سیاسیی تــا ڕادەیــەك فەراهــەم دەکات.جا مادام ئەوهێزوحزبە سیاســییانەی میســر جا چ لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو یان لەوماوەیەی دوای شۆڕشــی یەنایــەر هەوڵیانــداوە هاوپەیمانێتیی لە نێوان خۆیاندا پێك بهێنن لەژێر دروشــمی قەبەوگەورەدا، ئەوا دوای یەکەم ڕێکەوتنــی هەڵبژاردن ئەوانە پەرت وبڵاوەبن، بۆیە ئێســتا ئەو حزبانە درکیان بەوە کردووە کە لەم سەردەمەدا زۆر پێویستە یەکبگــرن و هەمــوو تەگەرەکانی بەردەم هاوپەیمانێتییەکەیان بەلاوە بنێن.

دیارترین ئەو هاوپەیمانێتییەش کە بەم دواییە ســەری هەڵدا بریتییە لە ڕەوتی میللی، کە حەمدین ســوباحی پاڵێوراوی پێشووی سەرۆکایەتی و دامەزرێنەری حزبی کەرامە ســەرۆکایەتیی دەکات، ئــەم ڕەوتەش لە بەیاننامەی دامەزراندنیاندا ڕوونیانکردەوە کە خەبات دەکەن بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشــی یەنایــەر و داواکارییە ئابووری وکۆمەڵایەتییەکەی،ئەویش بە سێ تەوەر، کە بە سیستەمێکی سیاسی ودیموکراسی دەست پێدەکات بە سەرپەرشتی دەوڵەتێکی مەدەنیی تازە کە پرانسیپەکانی سەروەریی گەل بەرجەستە بکات،ئەو سیستەمە پشت بە دەستوورێکی تازە ببەستێت کە ئازادییە گشتییەکان دابین بکات و جیاوازیی نێوان دەســەڵاتەکان بینێتەدی و دامەزراوەکانی دەوڵەت بنیادبنێتەوەو سەربەخۆیی دادگا و ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری

وداهێنان و بیروباوەڕ بپارێزێت. تەوەری دووەمیش بریتییە لە هەوڵدان بۆ وەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە پشت بە گۆڕانکاریی ڕیشەیی کۆمەڵایەتی ببەستێت کە بنەمای پرۆژەی گەشەپێدانی سەرتاسەری سەربەخۆ بێت، کە هاوکوفیی دەرفەت و بەرهەم و دادپەروەری لە دابەشکردنی سامانی نیشتمانی دەستەبەربکات و ماڵ و موڵك و سامان لە تالان و برۆ رزگاربکات،تەوەری سێیەمیش بریتییە لە وەدیهینانی کەرامەتیی مرۆیی کە بە سەربەخۆیی نیشتمانی پارێزراو دەبێت ومیسریش جارێکی دیکە پێگە و ڕۆڵی پێشەنگی لەنێو نەتەوەی عەرەب وئەفریقادا بگێڕێتەوە.

هاوپەیمانییەکی دیکەش بریتییە لە(ئوممە)ی میسری کە چەندین کەسایەتیی گشتی و چالاکوانانی ناوداری سیاسی لەخۆ دەگرێت لەوانە پالێوراوی پێشووی سەرۆکایەتی عەمرو موسا، وێڕای هەردوو حزبی وەفد و غەدی شۆڕش،ئەم هاوپەیمانێتییەش چەند ئامانجێکی بۆ خۆی دەست نیشانکردووە لەوانە پارێزگاری کردن لە مەدەنییەتی دەوڵەتی میسر، ئەویش بەرێگەگرتن لەوەی یەك پێکهاتەی سیاسی کۆنترۆڵی دامەزراوەکانی دەوڵەت نەکات،هەروەها خستنە ڕووی چەند بیروبۆچوونێك لەمەڕ نووسینەوەی دەستووری میسر وگەیشتن بە هاوپەیمانێتی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژارنەکانی وڵاتدا،کارکردن بۆ پەیداکردنی کۆدەنگییەکی کۆمەڵایەتی بۆ بەدواداچوونی پێشهاتە سیاسییەکان.

حزبی دەستوور کە محەمەد بەرادعی سەرۆکایەتیی دەکات ژمارەیەکی گرنگ لە گۆڕەپانەکە پێکدێنێت لە پاڵ ئەوحزبانەی کە هاوپەیمانێتییان لەگەڵدا دەکات،ئەوانیش بەوە گەشبینن کە لەگەڵ پێکهاتەو حزبەکاندا هاوپەیمانێتی بکەن لەپێناو گەیشتن بە بنیادنانەوەی دەوڵەتێکی تازەی میسری کە لەسەر بنەماکانی دیموکراسیەت و زانست و توانا و لێهاتوویی و شارەزای سیاسیی وڵات بەڕێوە ببات، بە شێوەیەك یاسا سەروەر بێت ومافەکانی مرۆڤ پارێزراو بێت و ئابووریی وڵاتیش پتەو بێت و سامانەکەیشی بە یەکسانی لە خزمەت وبەرژەوەندیی گەلدا بێت،هاوکات هەموو پێداویستی و داخوازییەکانی



ئەنوەر ئەلهەواری:

## زۆربەی سەرکردایەتییەکانی ئۆپۆزسیۆن مووچەخۆرن.. هێزی ڕاستەقینەش لەدەستی میللەتدایە چونکە بەربەستی ترسی بەزاندووە

تویژوچینەکان فەراهەم بکات و پێناسەی گەل و توانای کۆمەڵگە بپارێزێت و بیخاتە ڕیزی گەلانی پێشکەوتووی دیکەی جیهان. بە پێچەوانەی ئەوانەی پشت بەوهاوپەیمانێتییە سیاسییە تازانە دەبەستن، نووسەری ڕۆژنامەنووس و توێژەری سیاسی ئەنوەر ئەلهەواری بەگولانی ڕاگەیاند: ئەم هاوپەیمانێتییانە سوودیان نییە، چونکە زۆربەی سەرکردەکانی ئەو حزبانە لەبەرئەوەی بەتەمەنن لەهەمان کاتیشدا مووچەخۆرن، هەر بۆ بەسەربردنی کات لە سیاسەتدا کاردەکەن.

ئەلهەواری وای دەبینێت کە ئەوەی ئیخوان هەرەس پێ دێنیت یان رکابەرییان دەکات هاوپەیمانێتیی ئۆپۆزسیۆن نییە، بەڵکو بێتوانایی خۆیان و پێشهاتەکانی ئیقلیمی و داواکاریی نێودەوڵەتییە، روونیشی دەکاتەوە کە بێتوانایی ئیخوان بەرەو شکستیان دەبات، چونکە گەورەترین کۆسپ کە دێتە ڕێیان گرفتی ئابوورییە، بەتایبەتیش دوای چوونەدەرەوەی وەبەرهێنان و سامانی نیشتمانی و بیانیی لە میسر، کە وڵاتی تووشی بارێکی خراپی ئابووری کردووەو ناتوانن تەنانەت قەرزی نێو دەوڵەتیش وەربگرن و مەرجەکانی بانکی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکەن، وێڕای بێتواناییان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داخوازی و پێداویستییەکانی خەڵك، چونکە توانایان نییە نرخی کارەبا یان بەنزین یان پشتیوانی لە نان بەرز بکەنەوە، نەبادا شۆڕشێکی ڕاستەقینەی برسێتیی ڕووبەڕوویان ببێتەوە.

ئەلهەواری ئاماژە بەوە دەکات کە مەترسیدارترین ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەم ئیخوان لە میسر بریتییە لە تەحەددای قیبتیەکان، واتا یەك پێکهاتەیی نەتەوەو وەدیهێنانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی، ئەو دۆسێیەش زیاتر کاریگەرو مەترسیدارتر دەبێت کاتێك کۆمارییەکان لەهەڵبژاردەکانی سەرۆکایەتیی ئەمەریکادا سەردەکەون و دواتریش ئەوەی دەبێتە جێگرەوەی پاپا شنودە لە پێگەی کەنیسەی میسردا، بێجگە لە دۆسێی سینا وئاسایشی نەتەوەیی میسر، هەروەها دۆسێی ئەلنۆبە لە میسر وەکو ئەلنۆبەی سودان، ئەلهەواری باس لە قەیرانی سوریاش دەکات کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەرەدەسێنێت وکاریگەریی گەورەو ڕاستەوخۆی بۆ سەر میسر دەبێت، بەمەش هەژموونی ئیسرائیل زیاد دەکات دوای ئەوەی تەلئەبیب دەبێتە تاکە هێزی پتەو لەهەرێمێکی پەرتەوازەو پارچەکراودا.

ئەلهەواری زیاتر جەخت لەوە دەکاتەوە کە هێزی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە گەلی میسرە، کە لە هەموو ئۆپۆزسیۆنێك بەهێزترە، ئەو گەلە ئەوەندە بەهێزە کە دەتوانێت لە هەمووساتێکدا بتەقێتەوە دوای ئەوەی بەربەستی ترس و تۆقێنی بەزاند.

سەبارەت بەوەی کە هەوڵەکانی ئیخوان لەباریدایە کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی دەوڵەت بکات و بەمەش قەبارەی ئۆپۆزسیۆنی میللی کەم دەبێتەوە، ئەو پێی وایە بە پێچەوانەوە ئەنجامەکەی بەشێوەیەکی دیکە دەبێت واتا لاوازدەبن چونکە بڵاوەپێکردنی ئەندام و لایەنگرانیان لەنێودەزگاکانی دەوڵەتدا دەبێتە هۆی لاوازی وکەم بوونەوەی دەسەڵاتیان.

بەڵام دکتۆر ئەحمەد سەید ئەحمەد توێژەری سیاسی پێچەوانەی ئەم رایەی هەیە، ئەو بە گوڵانی گوت:
ئەم ئاراســـتەیە بە گۆڕانکارییەکی گرنگ دادەنرێت لە کارلێکەوتەی ژیانی سیاســـی وحزبی لە میســـر، رەنگدانەوەی پێگەیشتنی هزرو قەناعەتێکی ئاشـــکرایە کە ئاییندەی دیموکراســـییەت لە میسر مەیســـەر نابێت ئەگەر حزبی سیاسی بەهێزنەبێت ورکابەریی یەکتر بکەن لەســـەر پرۆســـەی دەستاودەست کردنی دەســـەڵات، ناوبـــراو زیاتر دەڵێت کە دیموکراســـییەتی بەهێـــز لەســـەر دووباڵی تەواوکـــەر بەیەکتـــر دادەمەزرێت، کە بریتین لە بوونی حزبی فەرمانـــڕەوا یان زۆرینەی بەهێـــز هەروەها ئۆپۆزســـیۆنێکی بەهێز کە ژیانی سیاســـی دەوڵەمەند دەکات هاوکات بەرێچکەیەکی دروستیدا دەبات، بۆیە ئەمەش پرســـیار دروست دەکات بەوەی بۆچی حزبی زۆرینە کە ئازادی و دادپەروەرییە و گوزارشت لەئیخوان موسلمین دەکات، توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، دواتریش تاوانبارکرا بەوەی کە کۆنترۆڵی کایەکانی کردووە، هەرچەندە کە ئەو حزبە لە رێگەی ســـەندووقی دەنگدانەوە گەیشتۆتە دەسەڵات، بۆیە باشترین چارەسەر بۆ ئەکتیف کردنەوەی حزبەکانی میسر ئەوەیە کە بەخـــۆدا بچنەوەو رێبـــازی کارکردنیان بگۆڕن، چونکە بەر لە شـــۆڕش ئەو حزبانە تووشی نەخۆشیی درێژخایەن ببووبوون توانای کارکردنی سیاســـییان نەمابوو، بە واتایەکی دیکـــە بریتی بـــوون لە حزبـــی کارتۆنی و تەنیـــا رۆژنامەیەکی تایبەت بەخۆیان هەبوو و بنەماکانی دیموکراســـییەتیان تێدا بەدی نەدەکرا، لە بازنەی تاکە کەسێك دەخولانەوە و تەنیا لە پایتەختدا بوونیان هەبوو لە شـــارو گوندەکاندا بارەگایان نەبوو، وێرای ئەوەی کە بەرنامەیان لاواز بوو و زۆر لە واقیعیشـــەوە دوور بوون.
بەڵام ئەو پێی وایە کـــە ئەوهاوپەیمانێتییانە تووشـــی جۆرەهـــا گرفت و کێشـــە دەبنەوە هەرچەندە کە لەژێر یەك چەتردا کۆبوونەتەوە و ئامانجیـــان دروســـتکردنی بەرەیەکـــە بەرامبـــەر ئـــەو حزبانەی کە پاشـــخانێکی ئیســـلامییان هەیە و مەبەستیان سەرکەوتنە لەهەڵبژاردەکانـــی پەرلەمانـــدا، بەڵام لەنێو خۆیاندا زۆر جیاوازن و بۆچوونی سیاسییان و هزروئایدیۆلۆژییەتیان لەگەڵ یەکدا ناکۆکە، چونکە لەو هاوپەیمانێتییەدا حزبی ناسری و لیبرال و چەپ هەن، بۆیە پرســـیارەکە لێرەدا ئەوەیـــە ئای ئەمە هاوپەیمانێتیی کاتییە یان دوای هەڵبژاردنیش هەر بەردەوام دەبێت، ئایا چۆن دەکرێت ئەو بیروڕا جیاوازە سیاسییانە لە نێو یەك بەرنامەی سیاسیدا بتوێنەوە،هەروەها گرفتی سەرکردایەتی کردن دێتە پێشەوە ئایا کێ بوار بەوەی دیکە دەدات ببێتە ســـەرکردەو پێشەوا لەبەر رۆشـــنایی ئەو کەلتوورەی کە هـــەر یەکەیان خۆی پێ باشـــترو بە تواناتر دەزانێت لە ســـەرکردایەتیکردندا، هەروەك لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ڕووی دا.
لەلایەکی دیکەوە چۆن ئـــەو حزبانە دەتوانن ریفۆرمێکـــی ریشـــەیی لەنـــاو خۆیانـــدا بێننـــە کایەوە بەر لـــەوەی بچنـــە نێو ئەو هاوپەیمانێتییانـــە جا یان بە چەســـپاندنی دیموکراســـییەت لەنێوخـــودی حزبەکاندا یان بە هاوســـۆزیی لەگـــەڵ هاووڵاتییانداو بە پێشکەشـــکردنی ئەوبەرنامانەی کە گوزەران و ژیانیان خۆشـــدەکات و،چونکە لەکۆتاییدا



دکتۆر ئەحمەد سەید ئەحمەد:

**ئاییندەی دیموکراسییەت لە میسر مەیسەر نابێت ئەگەر حزبی سیاسی بەهێز نەبێت و رکابەریی یەکدی بکەن لەسەر پرۆسەی دەستاودەست کردنی دەسەڵات**

پرۆســـەی هەڵبژاردن بریتییـــە لەوەی چۆن متمانەی هاووڵاتی بەلای خۆتدا دێنیت، تا بێتە پاڵ حزبی سیاسییەوەو دواتر دەنگی بۆ بدات، ئەگەر شۆڕشی ٢٥ی یەنایەر دەرگای کردبێتـــەوە لە بەردەم دامەزراندنی حزبی تازە لە میســـر بەتایبەتیش کە ئێستا گەیشتۆتە ٦٠ حزب و چاوەڕوانیش دەکرێت بگاتە ١٠٠ حزب، ئەمەیان دیاردەیەکی دروســـتە، بەڵام ناواقیعیشە چونکە دیموکراسییەتە دێرینەکان زیاتر پشـــت بە دووحزب یان زیاتر دەبەستێت لە دەستاودەســـت کردنی دەسەڵات لە گەڵ بوونی چەند حزبێکی دیکەی سیاســـی بە هەمان قورســـایی، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و بڵاوبوونـــەوەی کەلتووری دیموکراســـی وزیادبوونـــی هۆشـــیاریی هاووڵاتـــی، ئەم حزبانە هەڵدەوەشـــێنەوە یان یەکدەگرن لەسەر بنەمـــای مانەوە بـــۆ هەرە باشـــەکەیان کە بتوانێت بەرنامەی خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاووڵاتیان بکات و کاری سیاســـی پیادە بکات نەك وەکو دیکۆڕێکی سیاســـی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەو حزبانـــە کاتێك دەبنە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی ڕاستەقینە گوزارشت لەوە دەکەن کە دەتوانن دوای ســـەرکەوتنیان لـــە هەڵبژاردنەکاندا بەرنامەی سیاســـیی خۆیان هەبێت و سەرکردایەتیی دەوڵەت بکەن ودەســـەڵاتیش دەستاودەســـت پێ بکەن، کە ئەمەش یارمەتی پرۆســـەی دیموکراسییەت دەدات بەونـــاوەی کە ئەوانـــە حزبی بەهێزو پڕچەمـــاوەرن و دەبنـــە باڵێك لـــە باڵەکانی دامەزراوەیەکی دیموکراســـی لەگەڵ بوونی ســـەرۆکێکی هەڵبژێـــردراو و پەرلەمانێکی کاریگەر و دەستوورێکی تازە، ئەم دامەزراوە خزمەت بە میســـر و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە دەکات، دیموکراســـییەت واتـــا ژینگەیەکی لەبار بۆ ســـەرهەڵدانی پرۆسەی گەشەپێدان وپەرەپێدان لەسایەی بوونی بەرچاو ڕوونی و زیادبوونی ڕۆڵی هاووڵاتی لە دروستکردنی بریار و بوونـــی میکانیزمەکانی چاودێری و لێپرســـینەوە لەرێگـــەی ســـەندووقەکانی دەنگدانەوە، هەروەها ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە و کارا ئەوەیە کە لەسەر بنەمای رەخنەگرتن و بەرهەڵســـتی کردنی سیاســـەتی چەوت هەڵســـوکەوت بکات، نەك لە دژی کەسەکان لە دەرئەنجامی تەبا نەبوونی ئایدیۆلۆژیەت، تەنانەت ڕۆڵی ئۆپۆزســـیۆن لـــەوەش زیاترە کاتێك سیاســـەتی ئەلتەرناتیف پێشـــکەش دەکات کە خزمەت بەنیشتمان بکات.

# بەرەنگاریی ستراکتۆرە کۆمەڵایەتیەکان لەکۆمەڵگەی کوردیدا



دکتۆر عادل باخەوان*

بۆ گوڵانی نووسیوە

کۆمەڵگەی کوردی پێکهاتەیەکە لە لاشەیەکی بیناکراوی دامەزراو لەسەر کۆمەڵێك گرووپی گونجاوی شەحنکراو بە چەندین چوارچێوە لە بەهای «ترادیسیۆنێل»ی کۆمەڵایەتی دریژبووە بەنێو مێژووی ئەخلاقی و ئاینیمانی و کەلتوریماندا. بێگومان ئەم لاشەیە، وەك بەشێك لە ناسیۆنالیستەکان دەیانەوێت پێمان بڵێن، دیاردەیەکی سروشتی نییە و خاوەنی هەمان ڕەگەزی دیاردەکانی وەك دەریا و بەفر و باران نییە. بەپێچەوانەوە دیاردەیەکی بەشەریە و بەدەست خۆمان و لەنێو خۆماندا دروستبووە. واتە کۆمەڵگەی کوردی، شوناسەکەی، ئاینەکەی، ئینتیما بۆی پەیوەندیان بە ئەزلەوە نییە و دیاردەی سروشتیی بەڵگە نەویست نین، بەڵکو لە نێو مێژوووی کۆمەڵایەتیماندا (کۆمەڵایەتی بەمانا فراوانەکەی) بینامانکردون و ئەمەش دەمانخاتە بەردەم بنەمای هەر شتێك لەنێو مێژوویەکی کۆمەڵایەتیدا بینابکرێت، لەنێو مێژوویەکی دیکەی کۆمەڵایەتیدا دەکرێت هەڵبوەشێنرێتەوە. ئەوەی وا لە مرۆڤەکان دەکات کە خودی ئەم فاکتە کۆمەڵایەتیانە بخەنە نێو کردەی «تەقدیس»ەوە، مەبەست لە فاکتەکانی وەك کۆمەڵگە، شوناس، ئینتیما، ئاین، ئەخلاق و هەموو هاوشێوەکانیانە، تێنەگەشتنە لەم ڕەگوریشە مێژوویە کۆمەڵایەتیانەی خودی ئەو فاکتانەو کورتکردنەوەی وشیاریە لە «کردەی تەقدیس»دا کە لە قۆناغی دووەمی مێژووی فاکتەکاندا دەستپێدەکات.

بێگومان ئەو مێژووە کۆمەڵایەتیەش کە ئەم کردەیەی تیادا دروستدەبێت (کردەی تەقدیسکردن)، هەمان ئەو مێژوویە کە تاکە پەرتەوازەکان، تاکە سەرگەردانەکان، تاکە بەرەڵاکراوەکانی نێو کۆڵانەکانی وجود، لە نێو گرووپی پێکەوە گونجاودا کۆدەکاتەوە. گرووپێکی بەشەری بۆئەوەی ببێت بە گرووپێکی گونجاوی کۆمەڵایەتی، دەبێت پێش هەموو شتێك کۆدەنگیەکی ناوەکی لەسەر چەند نۆرمێکی فراوانی هەژمووندار بۆ خۆی دروستبکات. بۆنموونە نۆرمی وێناکردنی ژن، وێناکردنی هاریکاری، وێناکردنی گوێڕایەڵی، وێناکردنی پێگەی باوك یان براگەورە، وێناکردنی سەرۆکی خێڵ، وێناکردنی پەیوەندی بە کار و قازانجەوە، تاد. بەبێ کۆدەنگی لەسەر سیستەمی نۆرمە ناوەکیەکان، گرووپی گونجاو دروستنابێت. ئەوەی وادەکات کە کۆمەڵگەکانی پۆست مۆدێرنیتێ وەك کۆمەڵگە هەڵبوەشێنەوە کۆتاییهاتنە بە ئامادەیی کۆمەڵایەتی ئەم گرووپانە، بێگومان لە ئاستێکی دیکەدا، چونکە ئەو گرووپانەی کە مۆدێرنیتێ دروستیان دەکات هەڵگری هەمان سیستەمی بەهای پێکەوە گونجاوی گرووپەکانی کۆمەڵگەی ترادیسیۆن نین.

ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێت کلیکی لەسەر بکەین کۆمەڵگەی کوردییە کە لەنێوان سنوورەکانی مۆدێرنیتێ و ترادیسیۆندا تووشی جۆرێك لە دڕان بووە. دڕانی بەشێك لە سنوورەکانی ترادیسیۆن و دڕانی بەشێکی دیکە لە سنوورەکانی مۆدێرنیتێ. کۆمەڵگەی کوردی شانۆی دەرکەوتنی ئەو سەدان گرووپە کۆمەڵایەتیەیە کە لەنێو مێژوویدا دروستبوون و هەر یەکەیان خاوەنی جیهانبینییەکی گونجاوی ئەخلاقی، ئاینی، کۆمەڵایەتی و ئابوریە لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا. نۆرمە باڵاکانی ئەم گرووپانە، هەر لە بادینانەوە بیگرە تا دەگاتە هەورامان،هەمان ئەو نۆرمانەن کە شەرعیەت و هێزو دەسەڵاتی هەژموونیان لە «ترادیسیۆن»ەوە وەردەگرن و ئەمەش وایان لێدەکات کە تاڕادەیەکەی زۆر بتوانن لە یەکتر تێبگەن، وەك یەك بیربکەنەوە، لە یەك سیستەمی ڕەوشتیدا ئاوێزان ببن، وەك یەك هەست بە خۆشی و ئازارەکان بکەن، تەنانەت چێژ وەرگرتن لە خواردن، سێکس، گەشتکردندیشیان تا ڕادەیەکی زۆر لەیەك نزیک بێت.

بێگومان دەکرێت لێرەدا ئێمە چەندین نموونە بخەینە بەردەست. هەر لە لەدایکبوونی منداڵێکەوە و چۆنییەتی بانگدان بەگوێیدا تا بیناکردنی پەیوەندیەکانی ئەم منداڵە لەگەڵ باوك، دایك، برا، خوشك، گەورەك، مامۆستا،

> **کۆمەڵگەی کوردی شانۆی دەرکەوتنی ئەو سەدان گرووپە کۆمەڵایەتیەیە کە لەنێو مێژوویدا دروستبوون و هەر یەکەیان خاوەنی جیهانبینییەکی گونجاوی ئەخلاقی، ئاینی، کۆمەڵایەتی و ئابورییە لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا**

قوتابخانە، مزگەوت، دواتر حزب، زانكۆ، خێڵ، ژن، سەفەر، خێزان دروستكردن، منداڵكردن، ئۆتۆمۆبیل و سەدان شتی دیكەدا، دەكرێت بخەینە ژێر كۆنترۆڵی تاقیكردنەوەو پشكنینەوە، بەڵام لە وتارێكی وادا نەجێگای ئەوە دەبێتەوە، نە كاتی ئەوەشمان هەیەو ئومێدەكەم ئەم كارە لە توێژینەوەیەكی درێژتردا بكەم.

ئەوەی كەڵەم سیستەمە فراوانە دەڕواتە دەرەوە، ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی سیستەمەكەو هەموو دەزگاكانییەوە(خێزان، قوتابخانە، زانكۆ، حزب، مزگەوت، كەنیسە، گەڕەك، خزم، هاوڕێ، فەرمانگە) نەفرەتی لێدەكرێت و وەك سەرەتانێك، دومەڵێك، شتێكی پیس بە لاشەی پاكی كۆمەڵگەوە دەخرێتە سەر شانۆ و لە كۆبوونەوەكاندا پێناسەدەكرێت. وەستانێكی خێرا لەسەر دیاردەی ژن كوشتن لە كۆمەڵگەی ئێمەدا ڕووناكی دەخاتە سەر چۆنییەتی ئیشكردنی پرۆسێسی بەنەفرەتكردنی هەر مرۆڤێك كە، بە جۆرێك لە جۆرەكان، لە ئاستێك لە ئاستەكاندا لەم سیستەمە بێتە دەرەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ، لە ٧ مانگی ئەمساڵدا لە هەرێمی كوردستان ٢٣٥ ئافرەت سووتاون یان خۆیان سووتاندووە، كە بەوشێوەیە بووە: ١٠٦ ژن لە هەولێر، ٤٣ دهۆك، ٦٢ سلێمانی، ٢٤ ژنیش لەگەرمیان. بەپێی ڕیپۆرتاژێكی ئاژانسی هەواڵی فەرەنسی، لە ١٩٩٢ تا ٢٠٠٦، نزیكەی ١٢ هەزار ئافرەت لە كوردستانی عێراقدا كوژراون یان خۆیان كوشتووە.

هەروەها دەتوانین نموونە بە كۆچی نەوەی نوێی كورد بۆ دەرەوەی وڵات بێنینەوە. بەپێی ڕاپرسیەكی ئێمە كە شەسەد و حەفتا و شەش كەس وەڵامیانداوەتەوە، چل و سێ لە سەدی لاوانی كورد ئارەزوو دەكەن كە كۆمەڵگەی كوردی بەجێبێڵن و لە یەكێك لە كۆمەڵگە ئەورووپیەكاندا بژین. چل و شەش لە سەدیان بێزاربوون لە سیستمەی دروستكردنی خێزان و بەلایانەوە ئاساییە، بگرە باشترە كە لەگەڵ مەسیحیەك، جولەكەیەك، بودیستێكدا ژیان دروستبكەن. پەنجا و شەش لە سەدیان پێیانوایە كە ئیتر كاتی ئەوە هاتووە ئیسلام، ئایینە مێژوویەكیان، خۆی لەگەڵ نەك هەر دیموكراسی بەڵكو عەلمانییەتیشدا بگونجێنێت.

بێگومان هەموئەم داتایانە ئێمە دەبەن بەرەو پرسیارێكی زۆر گرنگ. ئایا ستراكتۆرە كۆمەڵایەتیەكانی كۆمەڵگەی كوردی، كە لەنێو مێژوویەكی هەزار ساڵەی ئەخلاقی، ئایینی و كەلتوریدا خۆیان بیناكردووە، توانایی ئەوەیان تێدایە كە گۆڕانكاری بەسەر خۆیاندا بێنن و نەوەی نوێی كوردی دەستەمۆ بكەن ؟

ئەم پرسیارە كاتێك مانای هەیە كە ئێمە تێبگەین لەوەی كە لەژێر كارایی گۆڕانكاریە ستراكتۆراڵە ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەكاندا و لەسەر هەموو ئاستەكاندا، نەوەی نوێی كوردیش كەوتوتە ژێر كارایی بەهێزەوە و لەڕێگای پراكتیكی ژیانی هەموو ڕۆژێكیەوە، مەودا لەنێوان خۆی و گرووپە گونجاوە هەژموونداره مێژووییەكاندا دروستدەكات. ئەم مەودا دروستكردنە هەندێكجار لە شێوەی «مقاوەمەت/ ڕێزیستانس/بەرەنگاری»دا خۆیمان پێدەناسێنێت. بەرەنگاری لەپێناوی ئازادی بیركردنەوەدا، لەپێناوی ئازادی نووسیندا، لەپێناوی ئازادی خێزان دروستكردندا، لەپێناوی ئازادی ئاینگۆڕیندا، حزب گۆڕیندا. هەندێك جاری دیكە لە شێوەی «هەڵهاتن»دا خۆیمان پێدەناسێنێت. هەڵهاتن لە نیشتمان، هەڵهاتن لە خێزان، هەڵهاتن لە ستراكتۆرە كۆمەڵایەتی و سیاسیەكان و گرتنەبەری ڕێگای مەنفایەكی هەمیشەیی و لەهەندێك هەلومەرجیشدا هەڵهاتن خاوەنەكەی دەبات بەرەو كۆتایی هێنان بە كوردبون و تێكەڵبوونی سەد لە سەدی بە كۆمەڵگەیەكی دیكە. بەڵام ئەوەی كە زۆر تراژیدیترە مۆدێلی سێیەمی مەودا دروست كردنە كە بریتیە لە خۆكوشتن، خۆسڕینەوەی فیزیكی لەبەرامبەر زەبروزەنگی بێسنووری ئەو گرووپانەدا كە تائێستاش بەڕێوبەری ڕاستەوخۆی كۆی ئەو دەزگایانەن كە سیستەمی بەڕێوەبردنی كۆمەڵگەی كوردی دروستی كردون. خۆكوشتن كردەیەكی كۆمەڵایەتی بەهێزە، كردەی بێئومێد بوون لە هەر ئاسۆیەكی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی، بێئومێد بوون لە كاڵبوونەوەی چوارچێوەكانی دەسەڵاتی بیناكراو لەسەر زەبروزەنگی مێژوویی ئەو گرووپانەی كە شەرعیەتی دابەشكردنی نەفرەتی كۆمەڵایەتیان پاوان كردووە.

ئایا سەرهەڵدانی ئەم دیاردانە : دیاردەكانی بەرەنگاری، هەڵهاتن و خۆكوژی بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە كۆمەڵگەی ئێمە، بە گۆشت و ئێسقانییەوە، پێی ناوەتە نێو ڕووبەرەكانی كۆمەڵگەی مافی مرۆڤ، كۆمەڵگەی تاك، كۆمەڵگەی ئازادەوە؟ بێگومان نەخێر. بەپێچەوانەوە، سەرهەڵدانی ئەم دیاردانە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە تا ئێستاش ستراكتۆرە مێژووییە «هۆلیستەكانی» كۆمەڵگەی ئێمە لە لوتكەی دەسەڵاتیاندان و بەهەموو شێوەیەك ئامادەی هەر بەریەككەوتنێكن لەگەڵ مۆدێلەكانی بەرەنگاریدا. ئایا لەكۆتایدا ئەم ململانێیە دەدۆڕێنن یان بەسەر كەوتوویی لێدێنە دەرەوە ؟ بۆئەمەیان دەبێت چاوەڕوانی ئەو مێژووە بكەین كە داهاتوو بۆمان دەنووسێتەوە.

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانكۆ لە پاریس**

**لەژێركارایی گۆڕانكارییە ستراكتۆراڵە ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەكانداو لەسەر هەموو ئاستەكاندا، نەوەی نوێی كوردیش كەوتوتە ژێر ئەم كاراییە بەهێزەوەو لەڕێگای پراكتیكی ژیانی هەموو ڕۆژێكیەوە دەبینرێتەوە**

**هەڵهاتن لە نیشتمان، هەڵهاتن لە خێزان، هەڵهاتن لە ستراكتۆرە كۆمەڵایەتی و سیاسیەكان و گرتنەبەری ڕێگای مەنفایەكی هەمیشەیی و لەهەندێك هەلومەرجیشدا هەڵهاتن خاوەنەكەی دەبات بەرەو كۆتایی هێنان بە كوردبوون و تێكەڵبوونی سەد لە سەدی بە كۆمەڵگەیەكی دیكە**

# ئازادیی ژن

## بەشی سێیەم لە وتاری ژنی ئازاد و ئازادی ژن

**نابێت ژن پێی خۆش بێت ئەوەی لە مێژووی چەوساندنەوە و سەرکوتانەوە و چەپاندنی خۆیدا بەسەری هاتووە، بەسەر پیاویشدا بێت، چونکە ئەم خواستە جگە لە بەرز ڕاگرتن و بە پیرۆزکردنی پێکهێنەرێکی نێرایەتی، کە بریتییە لە (تۆڵەکردنەوە) و ئەمەش بەشێکە لەو میکانیزمانەی نێرسالاری بەهۆیانەوە، ژن بەنێرینە دەکات و دەیمژێتە ناو مێژووەکەی خۆیەوە، ئاواش زیانێکی گەورە لە ئامانجی ئەو ئازادییە گشتییە دەدات، کە ژنی ئازاد خەباتی بۆ دەکات**

ڕێبوار سیوەیلی *

**بۆ گوڵان نووسیویتی**

چەمکی ئازادیی ژن ئاماژەیە بە پەیوەندیی ئازادی و ژن، ئەو کاتەی ئازادیی بۆتە شێوەژیانی کۆمەڵگا و ژنیش سوودمەندە لەم ئازادییەی، کە ئازادییە بۆ هەر تاك و گرووپێکی کۆمەڵایەتی تر. ئازادیی ژن، چەمکێك، یان بیرۆکەیەك، یاخود سەرەتا و هەنگاوێکی سەرەتایی نییە بۆ ئازادکردنی ژن، لە پێش ئازادبوونی ئەوانیترەوە. لەبەر ئەوە نابێت ئازادیی ژن، وەك ئیمتیازێك لێکبدرێتەوە، کە پێش هەمووان ئەم ئازادییە بۆ ژن دابیندەکرێ و ئەمەش بکرێتە درووشمێکی خێرخوازانە بەسەر ژنانەوە. ئەم ئازادییە بارودۆخێك نییە پیاو، حکومەت، یان نێرینەش بۆ ژن و مێیینەی دابین کردبێ، بەڵکو ئەمە ئازادییەکە، کە ژنی ئازاد لە بەرهەمهێنان و دابینکردنیدا بەشدار بووە و ئەمە ئەو بەشەی بەرهەمی شێوە ژیان و خەباتی ژنی ئازادە، کە تیایدا ئازادییەکەی سوودی گشتیی و بەرژەوەندیی گشتی دەهێنێتە بەرهەم. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە ژنی ئازاد لە هەمان کات و لە درێژەی خەباتی خۆیدا بۆ ئەوەی ئازادیی بکاتە شێوەژیانی خۆی، هەوڵیش دەدات ئازادیی ببێتە شێوەژیانی گشت کۆمەڵگا و لە ئازادیی بۆ یەکڕەگەزەوە دەیکاتە ئازادیی بۆ گشت و بۆ هەمووان.

ژنی ئازاد هەمیشە لەگەڵ پیاوی ئازاد هاوبەرژەوەند و هاوخەبات بوون. بۆیە ئەوکاتەی ئازادیی ڕاستەقینە و ئازادیی گشتی دەبێتە ئامانجی تێکۆشانەکان، ڕەگەز نە دەبێتە پێوەر بۆ مەرجی بەشداربوون و نە دەشبێتە پێوەر بۆ بە قارەمانبوونی ڕەگەزێك و خستنەپەراوێزی ڕەگەزەکەی ترەوە، وەکئەوەی سیستەم و کولتووری نێرسالاری کردویەتی. نابێت ژن پێی خۆش بێت ئەوەی لە مێژووی چەوساندنەوە و سەرکوتانەوە و چەپاندنی خۆیدا بەسەری هاتووە، بەسەر پیاویشدا بێت، چونکە ئەم خواستە جگە لە بەرز ڕاگرتن و بە پیرۆزکردنی پێکهێنەرێکی نێرایەتی، کە بریتییە لە (تۆڵەکردنەوە) و ئەمەش بەشێکە لەو میکانیزمانەی نێرسالاری بەهۆیانەوە، ژن بەنێرینە دەکات و دەیمژێتە ناو مێژووەکەی خۆیەوە، ئاواش زیانێکی گەورە لە ئامانجی ئەو ئازادییە گشتییە دەدات، کە ژنی ئازاد خەباتی بۆ دەکات و دەیەوێ لەگەڵ خەباتکارانی تری کۆمەڵگاکەیدا بیکاتە فەزایەك بۆ ئازادیی ژن و ئازادیی هەمووان.

ئازادیی ژن هیچ خەسڵەتێکی ژن و مێیینەیی ناکاتە پێوەر بۆ سوودمەندبوون و نەبوونی ڕەگەزەکەی تر لەو ئازادییە. ئەوەی لە ئازادیی ژندا پێوەرە، ئازادیی خۆیەتی وەك ئەوەی ئازادییە بۆ هەمووان. لەبەر ئەوە ڕەگەز، لە فەزایەکدا کە ئازادیی ژن هەیە، تەنیا لە ئاستی جەستەییدا دەمێنێتەوە و ئەمەش ئاماژەیە بە جیاوازییە بایۆلۆجیی و سرووشتییەکان، بایی ئەوەش پێویستە ڕەگەز لەسەر ئاستی کولتووری و یاسایی کاڵبێتەوە و لاواز بکرێت، چونکە ئەگەر ڕەگەز لە ئاستی کولتووری و یاساییدا کرایە پێوەر، ئەوە بە مانای ئەوەیە هێشتا ئەو ئازادییە نەهاتووە و هێشتا چەوساندنەوە و جیاکاریی ڕەگەزیی ماوە. ئازادیی ژن فەزایەکی کۆمەڵایەتییە کە تیایدا ژن وەك تاکەکەس و خودێتی و کەسایەتی ئامادەیی هەیە، نەك وەك ڕەگەزە بایۆلۆژی و جەستەییە ڕووتەکەی، کە لە زۆرینەی کۆمەڵگا مێژووییەکاندا سەرچاوەی چەوساندنەوە و بە مێیینەهێشتنەوەی بووە و ئەمەش ڕێگای تەخت کردووە بۆ ڕەگەزیی نمونەیی و ڕەگەزی باڵا، تا بەو شێوەیە وێنای ژن بکات، کە سەرچاوەی بچووككردنەوە و چەوساندنەوەیەتی.



کەسێتی ژنی ئازاد مەرجی وەدیهاتنی ئەو بەشەیە لە ئازادیی بەشێوەیەکی گشتی، کە تیایدا گشت کەسێکی تر ئازادە. ئەو ئازادییە ئازادییە بۆ هەمووان و ئازادییەکە هەمووان لە خەباتیاندا بۆ ئازادی، هێناویانەتە دی. ژنی ئازاد لە فەزایەکدا کە ئازادیی ژن هاتۆتە دی، کەسێك نییە بە ئەوانیتر بڵێت: «تۆ لە وەدیهێنانی ئازادیدا بەشدار نەبوویت»، وەکئەوەی لە گوتاری سیاسیی دوای ڕاپەڕین و لە کولتووری حزبە کوردییە چەکدارەکاندا بووە باو: «تۆ لە شاخ نەبوویت و تۆ پێشمەرگایەتیت نەکردووە!».

**پەیوەندیی ژن و ئازادی:**

پە یو ە ند یــی


ژن و ئازادیی و ئازادیی و ژن، پەیوەندییەکی خاوەندارانە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی پەیوەستدارانەیە (Relational). پەیوەندیی پەیوەستدارانە بەو پەیوەندیە پێناسە دەکرێ، کە تیایدا کەسێتی مرۆڤانەی مرۆڤ ئامادەیی هەیە، نەك پێگەی مرۆڤانە لە ئاست یەکتردا. ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە، کە جەوهەری مرۆڤبوون دەکرێتە پێوەر لە وەدەستهێنانی ماف و ئەرکدا، نەك ڕەگەز و پێگە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و فەرمییەکەی. ئەم وانەیە لە ئەخلاقی گوتاریانەی هابرماسەوە فێربووین، کە هەمووان لە پێکهێنانی نۆرمە ئەخلاقییەکاندا مافی بەشداربوونی یەکسانیان هەیە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزیی و پێگەکانیان، لە گفتۆگۆیەکی ئەخلاقیدا. بۆیە لە هەموو پەیوەندییەکی پەیوەستدارەکاندا، سۆژە و جەوهەر، یان سۆژە و بەها، پێناسەی یەکتر دەکەن.

بەمجۆرەش ژنبوون پەیوەستە بە ئازادییەوە، و ئازادییش بە ئازادیی ژندا، لە ئازادیی تاکڕەگەزییەوە دەبێتە ئازادیی بۆ گشت ڕەگەزێك و ئازادیی بۆ هەمووان وەکئەوەی مرۆڤن. لەگەڵ ئەوەشدا کە ژنی ئازاد پێشمەرجێکە بۆ هاتنە دی ئازادیی ژن، کەچی جیاوازییەکی بنەمایی لە نێوانیاندا هەیە: ژنی ئازاد پەیوەندیی ژن و ئازادییە لە ئاستی ئۆنتۆلۆژیکدا و بوونی کەسایەتی و خودێتی ژن وەك خودێکی بیرکەرەوە، وەك مرۆڤێك، دەبەستێت بە ئازادییەوە و ئازادی ناخاتە دەرەوەی بوونی ژنەوە وەك ئەوەی کە هەڵگری ڕەگەزێکە.

لەکاتێکدا ئازادیی ژن، پەیوەندیی ئازادیی و ژن، پەیوەندییەکی مەرجدارە و لەسەر بوونی ئازادییەوە بۆ ژن بەندە. بەمجۆرەش دەتوانین بڵێین: پەیوەندیی ژن و ئازادیی لە ئاستی ئۆنتۆلۆژیکدا پەیوەندییەکی یەکایەتیانەی پەیوەستدارانەیە و پەیوەندییە لە ئاستی ناخەکیی و جەوهەریی و بنەماییدا، نە ژن بەبێ ئازادی هەیە، نە ئازادیش لە دەرەوەی ژن دەبێت.

لەکاتێکدا پەیوەندیی ئازادیی بە ژنەوە، پەیوەندییەکی دەرەکییە و پەیوەستە بە کات و شوێنەوە: مەرج نییە لەو شوێنەی ئازادیی هەیە، ژن ئازاد بێت، ئەگەر لەو کاتەدا ژنی ئازاد بوونی نەبێت. ژنی ئازاد گەرانتێکە بۆ هەبوونی ئازادیی ژن، ئەگەر ئەم گەرانتە نەبێت، ئەوە بۆی هەیە ئازادیی لە شێوەی ئازادیی چەوساندنەوە و ئازادیی بەکاربردن و ئازادیی بازرگانیکردن و ئازادیی کوشتن و ئازادیی حەرامکردن و ئازادیی فرۆشتن و ئازادیی ڕووتکردنەوە و ئازادیی داپۆشینی ژندا بەناوی شەرەفەوە، هەبێت. ئەمە ئەو جۆرە ئازادییانەن کە لە هەندێ ناوچەی هەرێمی کوردستان و عێراقدا پراکتیزە دەکرێن، کە نە ئازادین بۆ ژن و نە ژنی ئازاد تیایاندا بوونی هەیە، ئەمە ئازادییەکە، کە یاساکان و بەرهەمهاتنەوەی بەردەوامی نەرێت و نۆرمە کۆمەڵایەتیە تەقلیدییەکان بەرهەمیان هێناون، تا لە سایەیدا بتوانن بە جۆرەها شێوە بەردەوام بن لە چەوساندنەوەی ژن.

**ئازادیی ژن فەزایەکی ...مەڵایەتییە کە تیایدا ژن ... تاکەکەس و خودێتی و ...یەتی ئامادەیی هەیە، ...ەک ڕەگەزە بایۆلۆژی و ...ستەییە ڕووتەکەی**



**لە جیاتی ئەنجام:**

ئەوەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستانی پۆست سەدام حوسەین و داگیرکاریی ئەمەریکیدا بینیمان و دەیبینین، فۆرمە ژیانێکی ڕزگارییە نەك شێوەژیانێکی ئازاد. لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا و بەشێوەیەکی دانپیانراو، نە ژنی ئازاد و نە ئازادیی ژنمان نییە. بۆ ئەوەی باشتر لەمە تێبگەین، نمونەی ئێران دەهێنمەوە: لەکاتێکدا کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئازادیی ژن بەدی ناکرێت، بەڵام ژنی ئازادمان هەیە. لە پشت بزووتنەوە سێکسگەراکانی کچانی ئێرانەوە، لە پشت چالاکیی و پرۆتێست و یاخیبوونەکانیانەوە، لە پشت داهێنانەکانیانەوە، لە پشت مافی دەنگدانە ملیۆنیەکانیانەوە، خودێکمان هەیە کە بیرکردنەوەی لە کەسایەتی خۆی و لە ڕێڕەوی خەباتیدا بۆ سەلماندنی شوناسی خۆی، هاندەریی سەرەکییەتی. ئەوەی ژنی ئێرانی لە ژنی ناوچەکانیتر جیادەکاتەوە، هوشیارییەتی لە ئاست کەسایەتی و جەستە و دەسەڵاتی خۆیدا، کە دەتوانێت نۆرمی خۆی لە کۆمەڵگادا بسەپێنێ و ببێتە فاکتەر و هێزێکی کۆمەڵایەتی گوشارهێنەر بۆسەر سیستەمی سیاسیی، بەبێ ئەوەی لەم خەباتەیدا هەمیشە پێویستیی بە ئەندامبوون هەبێت لە فۆرمەکانی ڕێکخستنی نێرینەدا.

بەڵام لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هاندەریی هەر چالاکییەکی ژنان، بەخودبوونی کەسایەتی ژن نیە کە دەبێتە بەگەڕخەری چالاکییەکانی، بەڵکو باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانن کە خزمەت بە فۆرمەکانی ڕێکخستنی نێرینە دەکەن. ئەم فۆرمانەی ڕێکخستن لەلایەکەوە، توانیویانە وزەی ژنان لە خزمەت ئامانجەکانی خۆیاندا، بخەنە گەڕ و لەلایەکەی تریشەوە سەرکەوتنێکی ڕێژەییان لە بەپیاوکردن و بەنێرینەکردنی ژناندا بەدەستهێناوە. ژنی ئازاد لە ئێراندا توانیویەتی بەردەوام ئازادیی ژن بە بیری ئێرانییەکان بهێنێتەوە و بیکاتە هەرەشەیەك بەسەر ئایدیۆلۆژیای دینسالار و پیاوسالاری شیعەوە، لەکاتێکدا ئەو ئازادییەی لە عێراقی پۆست سەدام حسەیندا بانگەشەی بۆ دەکرێ نەیتوانیوە ژنی ئازاد بەرهەم بهێنێ و

**جۆرێک لە ئازادیی لە هەندێ ناوچەی هەرێمی کوردستان و عێراقدا پراکتیزە دەکرێن، کە نە ئازادین بۆ ژن و نە ژنی ئازاد تیایاندا بوونی هەیە**

بوار بۆ ژنی ئازاد بسازێنێ تاکو بیر لە ئازادیی ژن، لەدەرەوەی ئازادیی مەرجداریی نێرسالاریی، بکاتەوە. سەرژمێرییەکانی، بە ڕووپۆشکردنی نانی زانکۆ و دائیرەکان لە هەرێم و عێراقدا، ڕێژەی پۆستەکان، پلەکان، بەشداریەکان و لەوەش خراپتر ژمارەی دەستبۆبردن، خۆسووتاندن، کوشتن لەسەر شەرەف لە عێراق و هەرێمی کوردستانی پۆست سەدام حوسێندا بەڵگەی ئەو ڕاستییەن کە نە نی ئازاد و نە ئازادیی ژن نەبۆتە بەشێك لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

لەبەر ئەوە، (ئەمەش ئەنجامێکی کەمێك تاڵ و ناخۆشە، کە لە کۆتایی ئەم لێخوردبوونەوانەدا دەخرێتە ڕوو)، ڕاستەقینەی بوونی ژن لەم هەرێم و وڵاتەدا تاڵترە لە هەر شوێنێکی تر: پێویستە ئەوان لە دوو بەرەی پێشەوەی جەنگدا خەبات بکەن: هەم بە ئاراستەی بوونە خود و بوونە کەس و بوونە ژنێکی ئازاد، هەم بە ئاراستەی وەدیهێنانی ئازادییدا بۆ ژن. هەم بە خۆ ڕزگارکردن لە فۆرمەکانی ڕێکخستنی نێرسالاری و هەم بە خۆڕێکخستنەوە لە فۆرمی ڕێکخستنی ژنانەییدا. هەم بۆ خۆ ئازادکردن لە مەرجەکانی ئەو ئازادییەی پیاوسالاری وەك دۆزەخێك پێشکەشیی کردوون، هەم بە ئاراستەی ئاشتبوونەوە لەگەڵ نێرینە و پیاو، لەو ئازادییە گشتییەدا کە پێویستە بیهێنێنە دی و جێگەی پیاویشی تێدا ببێتەوە.

یەك شت مایەی دڵخۆشییە: ئەگەرچی بەردەوام نێرینە وەك براوەکەی ناو واقیع خۆی ناساندووە، بەڵام هێشتا مێژوو، هیچ ئەنجامێکی سەرکەوتنی بۆ کەس ڕانەگەیاندووە. ئەوەی کە مەعلومە ئەوەیە، مێژوو بۆ یەکەمجارە لەم هەرێمەدا دەرفەتی بە ژنان داوە لەو جەنگەدا بەشدار بن و تا ئەو جەنگەش کۆتایی پێنەیەت قارەمانە سەرەکییەکە دەرناکەوێت. بۆیە ژنان بوار و دەرفەتی بوونە قارەمانیان لەبەردەمدایە، ئەگەر هات و بوونی خۆیان لە بوونێکەوە بۆ پیاو، گۆڕی بۆ بوونێکی ئازادانە و وەدیهێنانی ئازادیی بۆ ژن. ئەوکاتەش مێژوو لەسەرەتاوە و بە شێوازێکی تر دەنووسرێتەوە. ئەمجارەیان لە ڕوانگەی ژنی ئازادەوە، کە لە هەمان کاتیشدا گەرانتە بۆ ئازادیی بۆ هەمووان و بۆ گشت